# ڕۆمۆلۆسی گەورە


## romulus der große

**شانۆنامەیەکی کۆمیدی مێژوویی**

**نووسەر:**

# فریدریش دۆرنمات

**(١٩٢١-١٩٩٠)، شانۆنامەنووسی سویسری**



**وەرگێڕ:**

**حەمید سەمەندریان**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە:**

**ڕەحمان عەزیزی**



**کەسایەتییەکان، کارەکتەرەکان:**

**ڕۆمۆلۆس ئۆگستۆس - ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژئاوا(Romulus Augustus)**

**جولیا - هاوسەرەکەی(Julia)**

**ڕا- کچەکەی (Rea)**

**زینۆی ئاشووری: زینۆ، ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات ( Zeno)**

**ئایمیلیان - ئاغایەکی ڕۆمانی (Aemilian)**

**مارچ مارێس وەزیری جەنگ (Mares )**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس - وەزیری ناوخۆ(Tullius Rotundus )**

**سپوریۆس تیتۆس ماما - بەرپرسی سوارەکان (Spuriustitus Mama)**

**گارسۆن - ئاشیل (Achilles )**

**پیرامۆس - گارسۆن (Pyramus )**

**ئەپۆلیۆن - بریکاری کەلوپەلی کۆن (Apollyon)**

**سیزار ڕوپف - خاوەنی کارگە (Caesar Rupf)**

**خانمە ئەکتەر - فیلاکس- Phylax**

**ئێدواکار - شازادەی ئەڵمانیا (Odoaker)**

**تیۆدریچ تیۆدریچ - خوشکەزای (Theoderich)**

**فۆسفۆریدۆس - گارسۆن (Phosphoridos)**

**سولفوریدەکان - گارسۆن (Sulphurides)**

**شێف**

**کارمەندان – ئەڵمانی**

**کاتی ڕووداوەکان**

**لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٥ تا بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ٤٧٦ی زایینی،**

**شوێنی ڕووداوەکە ڤێلای ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس بوو لە خانووی هاوینە.**

**پەردەی یەکەم**

**لە بەرواری بەرە بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاری ( مارس )ساڵی ٤٧٦ی زایینی دا  کە سەرۆکی سوارە سپوریۆس تیتۆس ماما (١) سواری ئەسپێکە کە بەهۆی ماندوێتی نزیکە لە مردن. دەگاتە ڤێلای هاوینەی ئیمپراتور لە ییلاق کە هاوکات شوێنی نیشتەجێبوونی ئیمپراتورە لە زستانەدا. لە ئەسپەکەوە باز دەداتە خوارەوە ؛سەر و دۆخی جەستەی زۆر پیسە،وە قوماشێکی خوێناوی لە قۆڵی چەپیدا پێچراوەتەوە. بە هەوڵێکی زۆرەوە چەند هەنگاوێک دەنێت.بە کۆسپەوە دەڕوات. مریشک و کەڵەبابێکی بێشومار لێی ڕادەکەن چونکە کەس لە دەوروبەری نادۆزێتەوە، بەپەلە دەچێتە ناو ڤێلاکە. لە کۆتاییدا دەچێتە ژووری ئیمپراتۆر. لە یەکەم نیگادا تەنانەت ئەم شوێنەش بەلای ئەوەوە وێران و چۆڵ بووە. لێرەدا تەنیا چەند کورسییەکی پۆشراو و نیوە شکاو و لە تەنیشت دیوارەکانەوە، جەستەی سەپێنراوی کەسایەتییە مێژووییەکان و بیرمەندان و شاعیرانی ڕۆمای کۆن، بە دەربڕینی زیادەڕەویانەی جددی وتووڕەییەوە،، سەرنجی ڕادەکێشن.**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: ئاهای ئاهای**

**بێدەنگی**

**لە کۆتاییدا دوای ماوەیەک سەرۆکی سوارەکان تێدەگاتکە لە لایەکانی دەرگاکە لە ناوەڕاستی قۆناغی پشتەوەیە، دوو گارسۆنی پیر و قژ سپی، بە تەواوی وشک و بێ جووڵە، وەک دوو پەیکەر وەستاون. ئەم کەسانە بریتین لە پیرامۆس (٢) و ئاشیل (٣) کە ساڵانێکە خزمەت بە ئیمپراتۆرەکان دەکەن. سەرۆکی سوارەکان بە بینینی ئەم دوو کەسایەتییە سەرنجڕاکێشە تووشی شۆک دەبێت و بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات. پاشان تووشی شڵەژان دەبێت.**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: ئاهای**

**پیراموس: بێدەنگ بە**

**سپوریۆس تیتۆس، ماما: سوپاس بۆ خوا،پێم وابوو لێرە کەس بە زیندووی نادۆزرێتەوە، خەریکە لە ماندوێتی دا بمرم.**

**هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و خۆی فڕێ دەداتە سەر قەنەفەیەک.**

**ئاشیل: تۆ کێیت؟**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: سپوریۆس تیتۆس ماما، سەرۆکی سوارەی سوپا**

**ئاشیل: چیت دەوێت؟**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: دەبێت لەگەڵ ئیمپراتۆر قسە بکەم.**

**ئاشیل: پێشتر کاتت بۆ دیاری کردووە؟**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: هیچ چانسێک نییە بۆ ڕێوڕەسمی فەرمی، ئەو هەواڵەی هێناوم زۆر بەپەلەیە**

**پیرامۆس: هیچ شتێک بەپەلە نییە لە دەرباری ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی.سپوریۆس تیتۆس ماما**

**سپوریۆس تیتۆس ماما.:( سەرۆکی سوارەکان بە تووڕەییەوە هەڵدەستێت.)**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: "من هەواڵێکی ناخۆشم لە شاری پاڤیاوە هێناوە" لە ئێڤرێست، ژەنەراڵی ئیمپراتۆری**

**( دوو گارسۆن بە بیرکردنەوە سەیری یەکتر دەکەن.)**

**پیرامۆس: هەواڵێکی ناخۆش لە پاڤیاوە**

**ئاشیل: (سەری دەهەژێنێت)**

ئاشیل: شاری پاڤیا زۆر بێ بایەخترەلەوەیە کە هەواڵەکانی بەڕاستی بتوانن خراپ بن.

سپوریۆس تیتۆس ماما: حکومەتی جیهانی ڕۆما خەریکە لەیەکتر دەپچڕێ

(بەڕاستی تووشی شۆک بووە بە ئەم دوو کەسە).

پیرامۆس: ناکرێ

ئاشیل: حکومەتێکی بەهێزی وەک ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ناتوانرێت هەڵوەشێنرێتەوە

سپوریۆس تیتۆس ماما: ئەڵمانییەکان هاتوون.

ئاشیل: لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە ئەوە خەریکن دێن سپوریۆس تیتۆس ماما

(سەرۆکی سوارەکان بەرووکی ئاشیل دەگرێت و وەک ستوونێکی ڕزیو دەیهەژێنێت).

سپۆریۆس تیتۆس ماما: ئەرکی نیشتمانپەروەرانە وا دەکات کە من لە ئێستادا لەگەڵ ئیمپراتۆر قسە بکەم

ئاشیل: پێویستمان بەو جۆرە نیشتمانپەروەرییە نییە کە دژایەتی هەڵسوکەوتی ئەدەبانە بکات.

سپوریۆس تیتۆس ماما: ئای خوایە گیان

( بە نائومێدیەوە ئاشیل بەجێدەهێڵێت و پاشان لەلایەن پیرامۆسەوە بەدڵ و بەزەیی وەر دەگیرێت).

پیرامۆس: ئامۆژگارییەکت پێ دەدەم، بەو پێیە مامەڵە بکە بۆ ئەوەی بە خێرایی ڕەشەبا بگەیتە ئامانجەکەت، تۆ برۆ خزمەتی سەرۆکی مەراسیمەکان وە خۆتی پێی بناسێنە ،لەدوو کاتژمێری داهاتوودا میوانقبوڵ دەکات.سەعات دە لە نوسینگە ناوی خۆت تۆمار بکە ،، پاشان هەوڵبدە ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ وەربگریت بۆ ئەوەی هەواڵێکی گرنگ بەکوشک ڕابگەیەنیت، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە بتوانیت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەیامەکەت بگەیەنیت بە ئیمپراتۆر و تەنانەت بە شێوەیەکی شەخسیش.

(سەرۆکی سوارەکان ئیتر نازانێت بیر لە چی بکاتەوە).

سپوریۆس تیتۆس ماما: نووسینگەی سەرۆکی ڕێوڕەسمەکان؟!

پیرامۆس: بەلای ڕاستدا بگەڕێ وە بەلای بە چەپ بسووڕێنە درگای سێیەم

سپوریۆس تیتۆس ماما: وەزیری ناوخۆ؟!

پیرامۆس: لای ڕاست درگای حەوتەم.

سپۆریۆس تیتۆس ماما: (هێشتا سەری سوڕماوە.) بۆ ئەوەی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەواڵەکەیی پێ ڕابەگەیەنم.

ئاشیل: لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا

سپوریۆس تیتۆس، ماما: ڕۆمای هەژار، بە دەستی دوو گارسۆن رووخایت

بە نائومێدیەوە لە لای چەپەوە دەچێتە دەرەوە، دوو گارسۆنەکە دیسان بێ جووڵە دەبنەوە

ئاشیل: بەداخەوە بۆم سەلمێنراوە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، داب و نەریتی کۆن کەمتر ڕێزیان لێدەگیرێت.

پیرامۆس: هەرکەسێک ئێمە بە کەم سەیر بکات، گۆڕی ڕۆما هەڵدەکۆڵێت

**ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس ئۆگستۆس (٦) لە دەرگاکەوە دەچێتە ژوورەوە کە دوو خزمەتکار لە هەردوو لا وەستاون و جلێکی وەنەوشەیی و تاجێکی زێرینیان لەبەردایە. ئیمپراتۆر تەمەنی زیاتر لە پەنجا ساڵە، ئارام و ئاسوودەیە.**

**پیرامۆس و ئاشیل: سڵاو بۆ قەیسەر**

**ڕۆمۆلۆس: سڵاو، ئەمڕۆ ساڵیادی کوشتنی جولیۆس سیزار (٧)؟**

**ئاسیاس: من گوێرایەڵم. ئیمپراتۆرەم، ساڵیادی تیرۆرکردنی جولیۆس سیزار**

**کڕنۆش دەبات**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە، بەپێی یاسا، لەم ڕۆژەدا پێویستە هەموو فەرمانبەران و خزمەتکارانی حکومەت پاداشت بدرێنەوە، خورافاتێکە کە لە کۆنەوە بەجێهێڵراوە بۆ ڕێگریکردن لە مەترسی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی پاشا، وەزیری دارایی بهێنن..**

**ئاشیل: وەزیری دارایی هەڵاتووە قوربان**

**ڕۆمۆلۆس: هەڵهاتووە؟؟**

**پیرامۆس: بە گەنجینەی حکومەتەوە ،ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس: بۆ چی؟ خەزێنەی حکومەت خاڵی وبەتاڵ بوو.**

**ئاشیل: وەزیر هیوادار بوو بەم شێوەیە بتوانێت پەردەیەک لەسەر ئیفلاسی گشتی حکومەت بکێشێت**

**ڕۆمۆلۆس: پێویستە نازناوی فریادڕەسی وڵاتی پێ بدەین. ئێستا بۆ کوێ چووە؟**

**ئاشیل: لە شەرابخانەیەکی شاری سیراکیوز .(٨).وەک بەڕێوەبەرێکی ناوخۆیی سەرقاڵی کارکردنە**

**ڕۆمۆلۆس: هیوادارین ئەم خزمەتکارە دڵسۆزە سەرکەوتوو بێت. لە ڕێگەی پیشەی ئازادەوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە بەهۆی کارە حکومیەکەیەوە تووشی بووە.**

**تاجی زێرینەکە لە سەری لادەبات و دوو گەڵای لێ دەکاتەوە و دەیبەخشێتە دوو گارسۆن.**

**ڕۆمۆلۆس: هەریەک لە ئێوە گەڵای زێری خۆتان دەبەن و دەیگۆڕنەوە بە پارەی زیو، دوای ئەوەی پاداشتەکەی خۆتان لێ هەڵگەرت، ئەوەی دیکەیم بۆ بگەڕێننەوە، دەبێت پارەی چێشتلێنەرەکە بدەم کە گرنگترین پیاوی وڵاتەکەمە.**

**پیرامۆس و ئاشیل: ئێمە گوێرایەڵی جەنابتانین.**

**ڕۆمۆلۆس: کاتێک حکومەتەکەم هاتە سەر دەسەڵات، ئەم تاجە زێرینەی کە نیشانەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییە، سی و شەش گەڵای هەبوو. ئێستا تەنها پێنج گەڵا ماوە**

**(بە بیرکردنەوە سەیری تاجە گوڵینە زێرینەکە دەکات و دواتر دەیخاتەوە سەر سەری.)**

**ڕۆمۆلۆس: نانی بەیانی**

**پیرامۆس: قاوەڵتون**

**ڕۆمۆلۆس: نانی بەیانی .لەماڵەکەمدا وشەی دروست ئەوەیە کە من دیاری دەکەم.**

**پیرە پیاو: (بە مێزێکی بچووکەوە دەچێتە ژوورەوە کە نانی بەیانی لەسەرە)**

**(ژامبوونی هام و نان و شەراب و سپێناخ و قاپێک شیر و هێلکەیەک لەناو کەیسێکی هێلکەدا)**

**(ئاشیل کورسییەک دەهێنێت، ئیمپراتۆر دادەنیشێت و سەری هێلکەکە دەشکێنێت).**

**ڕۆمۆلۆس: ئۆگستۆس (٩) ئەمڕۆ هێلکەی نەکرد؟**

**پیرامۆس: نەخێر، جەنابی ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: ئەی تیبریۆس (١٠)؟**

**پیرامۆس: "جولێرێش (١١) هەروەها ".**

**ڕۆمۆلۆس: "فەلاوێر" چیی (١٢)؟**

**پیرامۆس: دۆمیتیان (١٣)ی دانا بەڵام ئیمپراتۆر بە شێوەیەکی شەخسی قەدەغەی کرد کە هێلکەکانیان بۆ خواردن بەکارنەهێنرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: شا دۆمیتیان ناشایستە بوو، هەرچەندە بیەوێت هێلکە بکات، تەنانەت دەست لە یەکێکانیش نادەم.**

**پیرامۆس: هەرچی ئیمپراتۆربەفەرمووێت**

**(ئیمپراتۆر بە کەوچکێک هێلکەکە دەخوات.)**

**ڕۆمۆلۆس: کێ ئەم هێلکەیەی داناوە؟**

**ئیمپراتۆر بە کەوچکێک هێلکە دەخوات.**

**ڕۆمۆلۆس: کێ ئەم هێلکەیەی داناوە؟**

**پیرامۆس: وەک هەمیشە مارک ئۆرێل (١٤)**

**ڕۆمۆلۆس: پیاوی ئازایە، هیچ کام لە ئیمپراتۆرەکانی تر هیچ سوودێکیان نییە.جگە لەمانە کەسی تر هێلکەی داناوە؟**

**پیرامۆس: "ئیدواکرێ" (١٥)**

**(کەمێک شەرمەزار بوو)**

**ڕۆمۆلۆس: واو**

**پیرامۆس: دوو هێلکەی داناوە**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر باشە.ئەی ئێڤرێست، جەنەڕاڵەکەم کە دەبێت ئەم شازادەی ئەڵمانییە شکست بدات؟**

**پیرامۆس: ئەو نەیکردوە**

**ڕۆمۆلۆس: نەیکردوە؟ هەرگیز هیوایەکی زۆرم پێ نەبووە، دەمەوێت ئەمشەو لە حاڵێکدا سکی پڕە لە قەستەنە لەسەر مێزی نانخواردن بیبینم .**

**پیرامۆس:فەرمان بفەرموو،خاوەن شکۆ**

**جەنابی جەنابی هام و نان دەخوات.**

**ڕۆمۆلۆس: لە مریشکەوە کە ناوی منی لە سەرە،هیچ هەواڵێکی نوێت هەیە؟پێم بڵێی؟**

**پیرامۆس: ئەو بەڕێزترین و بەهرەمەندترین ئاژەڵە کە هەمانە، درەوشاوەترین دیاردەی بەخێوکردن وهێلکەدانان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم ئاژەڵە بەڕێزە هێلکەش دەکات؟**

**(پیرامۆس بە نیگایەکی داوای یارمەتی لە ئاشیلس دەکات).**

**ئاشیل: نزیکە، خاوەن شکۆ**

**ڕۆمۆلۆس: نزیکە؟ بە زەقی مانای چییە؟ مریشک یان هێلکە دەکات یان نا**

**ئاشیل: نایکا پاشاکەم**

**(ئیمپراتۆر بە شێوەیەکی پڕئیرادەوە دەستی دەجوڵێنێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: کەواتە،بە هیچ شێوەیەک هێلکە ناکات،کەسێک کە لە هیچ شوێنێک بەکارنایێت.بۆ ناو تاوە بەسوودە.بە چێشتلێنەرەکە بڵێ لە من و ئێفرێست و کاراکالا (١٦) چێشت بکوڵێنە.**

**پیرامۆس: کاراکالا لەگەڵ فیلیپ ئاریس (١٧)**

**ڕۆمۆلۆس: پاشان جولیۆس نێپوس (١٨) شا سەلەف سەری ببڕی ، ئەویش کەسێکی بێ کەڵک بوو. جگە لەوەش حەز دەکەم لە داهاتوودا هێلکەی ئیدواکر،کە سەرنجی تەواوی منی ڕاکێشاوە، لەسەر مێزی نانی بەیانیم ببینم. دەربارەی ئەم کەسە دەبێت بەهرەیەکی سەیر و سەمەرە هەبێت، کاتێک کار بگاتەئەو جێگایە کە ئەڵمانییەکان بێن ، ئەوا مرۆڤ دەبێت ئەو شتە باشانە قبوڵ بکات کە پێشکەشی دەکەن.**

**(لە لای چەپەوە، وەزیری ناوخۆ تولیۆس ڕۆتۆندۆس (١٩) بە پەلە دێتە ژوورەوە، لە کاتێکدا ڕەنگی وەک مردوو سپی هەڵگەڕاوە.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس: چ کارێکت بە ئیمپراتۆری خۆت هەیە تولیۆس ڕۆتۆندۆس ؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ترسناکە، ترسناکە**

**ڕۆمۆلۆس: دەزانم وەزیری ناوخۆی ئازیزم، لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە پاداشتی تۆم نەداوە و تەنانەت ئەمڕۆش کە بڕیار بوو ئەو کارە بکەم، وەزیری دارایی خەزێنەی حکوومەتی برد و سەری تێدا چووە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: پاشای پاشاکان ،ئیمپراتۆری گەورە، دۆخی ئێمە ئەوەندە ترسناکە، ئیتر کەس بیر لە پارە ناکاتەوە.**

**(جەنابی شا شیر دەخواتەوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: دیسان جارێکی تر لێرە بەختم هێنایەوە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: سەرۆکی سوارەکان بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و شەو ،چوار ناڵ ئەسپی غار داوە ، بۆ ئەوەی ئەو هەواڵەی لە پاڤیاوە هێنابووی ،بیگەیێنێتەخزمەت ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ ی خۆی.**

**ڕۆمۆلۆس: دوو ڕۆژ و شەو؟ جێگای سەرنجە . بەهۆی ئەنجامدانی ئەم وەرزشەوە من نازناوی جەنگاوەری پێ دەدەم .**

**ڕۆتۆندۆس: هەر ئێستا من جەنگاوەر سپۆریۆس تیتۆس ماما ڕێنماییدەکەم بۆ ئامادەبوونی لە حووزووری جەنابتان.**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا ئەم کەسە ماندوو نییە، وەزیری ناوخۆ؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: خەریکە هەم لە ڕووی جەستەیی و هەم لە ڕووی دەروونییەوە لەیەکتر دەپچڕێت**

**ڕۆمۆلۆس: پاشان ڕێنمایی بکە بۆ یەکێک لە ئارامترین ژوورەکانی نووستن لە ڤێلاکەمدا، تولیۆس ڕۆتۆندۆس ،وەرزشوانانیش پێویستیان بە خەوتن هەیە.**

**(وەزیری ناوخۆ بڕیار دەدات.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: گەورەم ئەی، هەواڵەکە چی ؟**

**ڕۆمۆلۆس: تەنانەت ترسناکترین هەواڵ، کاتێک لە دەمی کەسێک دێتە دەرەوە کە بە باشی پشووی داوە و لە حەمام خۆی شۆردووە و دەموچاوی تاشیوە ووە خواردنی باشی خواردووە،بیستنی بۆ مرۆڤ خۆشە، پێی بڵێن سبەی بێت.**

**(وەزیری ناوخۆ سەری سوڕماوە.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: گەورەم ،بابەتەکە باسی ئەو هەواڵەیە کە جیهان دەهەژێنێت**

**ڕۆمۆلۆس: هەواڵ هەرگیز ناتوانێ دونیا بهاژێنێت، بەڵام ئەوە ڕووداوەکانن کە ئەم کارە دەکەن، هەروەها هەمیشە کاتێک هەواڵەکان دەگاتە دەستمان کە ڕووداوەکان پێشتر ڕوویانداوە و زۆر درەنگ بووە، بۆیە هیچیان لە دەستی نایێت، هەواڵەکان تەنها دونیا نیگەران دەکات،و جیهان تۆشی دڵەڕاوکێ دەکات هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە مرۆڤ تا دەتوانێت لە خووی بیستنی هەواڵ ڕزگاری بێت**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: (بە سەرلێشێواوی کڕنۆش دەبات و و لە لای چەپەوە دەردەچێت.).**

**پیراموس: (پارچەیەکی گەورەی گۆشتی برژاو لە سەر مێزەکە دەخاتە بەردەم ڕۆمۆلۆس ).**

**ئاشیل: " ئەپۆلیۆن (٢٠ ساڵ) ئەنتیکە فرۆش ."**

**"ئەپۆلیۆن:( ئەنتیکە فرۆش: لە لای چەپەوە دەێتە ژوورەوە. شیک و جل و بەرگی یۆنانی لەبەر دەکات. کڕنۆش دەبات)**

**ئەپۆلیۆن: ئیمپراتۆر،ئەی گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا سێ هەفتەیە منت لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە، "ئاپۆلیۆنی ئەنتیکە فرۆش**

**ئەپۆلیۆن: داوای لێبوردن دەکەم، گەورەم، بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنێکدا چووبووم بۆ ئەسکەندەریە.**

**ڕۆمۆلۆس: یانی بەشداریکردن لە موزایەدەی ئەسکەندەریە بۆ تۆ گرنگترە لە ئیفلاسی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم؟**

**ئەپۆلیۆن: ئاخر ئێمەش دەبێت بازرگانی بکەین، قوربان**

**ڕۆمۆلۆس: دی باشە مەبەستت چییە؟ مەگەرلەو پەیکەرانەی کەبە تۆمان فرۆشت،ناڕازیت؟ بە تایبەتی پەیکەری جەستەی سیسێرۆ (٢١) زۆر گران بوو.**

**ئەپۆلیۆن: ئەمە زیادکردنێکی ناوازە بوو،خاوەن شکۆ، توانیم پێنج سەد پەیکەری گچی بکڕم و بنێرم بۆ ئەو پارکانەی کە ئێستا ئەڵمانییەکان لە دارستانە سروشتییەکانیاندا دروستی دەکەن.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەی خودا...ئەوە تۆ چی دەڵێی ئەپۆلیۆن؟ خاکی ئەڵمانییەکان ئاوەدان دبێ؟**

**ئەپۆلیۆن: پێش ڕووناکی عەقڵ و زیرەکی ناگیرێت، کاتێک ئەڵمانییەکان خاکی خۆیان ئاوەدان کەنەوە، ئیتر دەستدرێژی ناکەنە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆم.**

**(ئیمپراتۆر بە چەقۆ گۆشتی برژاوەکە دەبڕێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئەگەر ئەڵمانییەکان بێنە ئیتالیا یان گال، ئەوە ئێمە شارستانییان دەکەین.بەڵام ئەگەر لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە ئەوە خۆیان شارستانی دەبەن.وە دواتر دۆخەکە زۆر ترسناک دەبێت.لە کۆتاییدا ...تۆ دەتەوێت باقی پەیکەرەکان بکڕیت یان نا؟**

**("ئاپۆلیۆنی ئەنتیکە فرۆش سەیری دەوروبەری دەکات).**

**ئەپۆلیۆن: دەبێت جارێکی تر بە وردی سەیریان بکەمەوە. ڕاستیتان پێ بڵێم پەیکەری لەم جۆرە لەم ڕۆژانەدا خواستیان لەسەر نییە وکەم هەیە، زۆربەیان حەزیان لە پەیکەری بۆکسێنەرە بەناوبانگەکانە، جگە لەوەش ڕووخساری هەندێکیان بەلای منەوە گوماناوییە.**

**ڕۆمۆلۆس: هەریەکێک لەم پەیکەرانە بەو ڕووخساری دروستکراوە کە شایەنیەتی، ئاشیل پلیکانەیەک بەدە بە ئاپۆلیۆن.**

**(ئاشیل پلیکانەیەکی بچووک دەدات بە فرۆشیاری ئەنتیکە یۆنانییەکە و ئەویش بەسەریدا سەردەکەوێت و لە دیمەنەکانی داهاتوودا پەیکەرەکان دەپشکنێت. هەندێک جار بە پلیکانەکەدا دەچێتە سەرەوە، هەندێک جار دەچێتە خوارەوە و پلیکانەکە بەرەو پەیکەرەکانی دیکە ڕادەکێشێت.)**

**(شاژن جولیا (٢٢ ) لە لای ڕاستەوە دەێتە ژوورەوە.)**

**جولیا: ڕێمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵێ ژنە ئازیزەکەم؟**

**جولیا: خۆزگە بۆ ساتێک وازت لە خواردن بهێنا**

**(ئیمپراتۆرچەقۆ و چەتاڵ دادەنێت.)**

**ڕۆمۆلۆس:هەرچۆنێک تۆ دەتەوێت جولیای من**

**جولیا: ڕێمۆلۆس، زۆر دڵتەنگی، ئیبیۆس م (٢٣ ) سەرۆکی مەراسیمەکانی کۆشک پێی وتم کە هەواڵێکی ترسناک گەیشتووە، بەڵام زۆر متمانەم بە قسەکانی ئیبیوس نییە، چونکە ئاخر ئەو ئەڵمانییە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئیبیوس تاکە کەسە کە بە هەر پێنج زمانەکەی جیهان قسە دەکات،لاتینی، یۆنانی، عیبری، ئەڵمانی و چینی، لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێم کە جیاوازی نێوان چینی و ئەڵمانی نازانم و وە پێم وایە هەردووکیان وەک یەکن.لە هەر حاڵەتێکدا ئیبیۆس ئەوەندە زانا و تێگەیشتووە کە هیچ ڕۆمیێک ناگاتە ئاستی.**

**جولیا: تۆ سەبارەت بە ئەڵمانییەکان لاوازییەکت هەیە .ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ قسەی ناشییاو دەکەیت.**

**ڕۆمۆلۆس: دەڵێی ناپەیوەندیدار، هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژیان ماوە بۆئەوەی بەقەد مریشکەکانم خۆشم بوێن.**

**جولیا: ڕێمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: پیراموس، نانی بەیانی خانمەکەم و یەکەم هێلکەی ئێدواکرێ لەگەڵ خۆت بهێنە**

**جولیا: دەبێت داوات لێبکەم ئاگاداری دڵی ناسازم بیت.**

**ڕۆمۆلۆس: کەواتە دانیشە و نانی بەیانیت بخۆ.**

**(شاژن لە لای چەپی مێزەکە لەکاتێکدا ئاهێک دەکێشێت دادەنیشێت.)**

**جولیا: لە کۆتاییدا دەتەوێت ئەو هەواڵە ترسناکەی کە ئەم بەیانییە گەیشتە دەستت ،پێم بڵێیت یان نا؟**

**ڕۆمۆلۆس: منیش نازانم چییە، ئەو پەیام نێرەی ئەو هەواڵەی هێناوە خەوتووە**

**جولیا: کەواتە فەرمان بدە لە خەو هەڵسێت ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: ئاگاداری دڵی ناسازت بە ژنە ئازیزەکەم**

**جولیا: وەک شاژنی ئەم خاکە، دەبێت بڵێم**

**ڕۆمۆلۆس: وەک پاشای ئەم خاکە، دەبێ بڵێم کە ڕەنگە من دوا ئیمپراتۆری ڕۆما بم و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش جێگەیەکی نزیک بە خەمناک لە مێژوودا داگیر دەکەم، لە هەر حاڵەتێکدا دواتر بە ناشایستە ناوم دەهێنرێت. بەڵام ناهێڵم یەک ناوبانگی باشم لێ بسەنن و ئەویش ئەوەیە کە کەس ناتوانێت لە پشت سەرمەوە بڵێت کە من بێ پێویست خەوی خۆشی کەسێکم تێکداوە.**

**(شازادە ڕا ێ (٢٤ ) لە لای ڕاستەوە دە ێتە ژوورەوە.)**

**ڕا: ڕۆژتان باش باوکە**

**ڕۆمۆلۆس: بەیانیتان باش کچەکەم**

**ڕا: باش خەوتووی؟**

**ڕۆمۆلۆس: لەوەتەی بوومەتە ئیمپراتۆر، هەمیشە بە باشی خەوتم.**

**(ڕا لە لای ڕاستی مێزەکە دادەنیشێت.)**

**ڕێمۆلۆس: پیراموس، خزمەتی شازادە بکە و هێلکەی دووەمی ئیدواکر لەگەڵ خۆت بهێنە**

**ڕا: چی؟ ئێدوکار دوو هێلکەی داناوە؟**

**ڕۆمۆلۆس: کەسێکی وەها ئەڵمانییێک بەردەوام هێلکە دەکات، هامت دەوێت؟**

**ڕا: نەخێر**

**ڕۆمۆلۆس: گۆشتی برژاوی سارد؟**

**ڕا: نەخێر**

**ڕۆمۆلۆس: ماسییەکی بچووک؟**

**ڕا: ئەویش نییە**

**ڕۆمۆلۆس: شەرابی سپێناخ؟**

**نێوچەوانی چرچ دەکات.**

**ڕا: نەخێر باوکە**

**ڕۆمۆلۆس: لەوەتەی لای فیلاکس ی ئەکتەر(٢٥ ) وانەی نواندن دەخوێنیت،ئیشتیای خواردنت کوێر بووتەوە، ئێستا کار لەسەر چ ڕۆڵێک دەکەیت؟**

**ڕا: سکاڵای ئەنتیگۆن (٢٦) پێش ڕۆشتن بەرەو مەرگ**

**ڕۆمۆلۆس: ناتەوێت ئەم ڕۆڵە خەمگین ودڵتەزێنە کۆنە ئەنجام بدەیت، بە کۆمیدیایەک خۆت تاقی بکەرەوە ، باشتر لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێت.**

**(شاژن توورە دەبێت.)**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس؟!، تۆ زۆر باش دەزانیت بۆ کچێک کە سێ ساڵە دەزگیرانەکەی لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە گیراوە وخەریکە لە برسێتی و تینوێتیدا دەمرێت.کۆمیدی بە ڕەوشت نییە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئارامبە ژن، کەسێک وەک ئێمە لە دوایین سەنگەروە فیکە لێ دەدات تەنها دەتوانێت ڕۆڵی کۆمیدی ببینێت**

**ئاشیل: مارس (٢٧) ، وەزیری جەنگ داوای چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ ئیمپراتۆروخاوەن شکۆی خۆی دەکات و دەڵێت زۆر زۆر بەپەلەیە.**

**ڕۆمۆلۆس: سەیرە هەرکات باسی ئەدەب دەکەم،دەستبەجێ وەزیری جەنگ داوای مۆڵەتی سەردانکردنی دەویت،پێی بڵێ دوای نانی بەیانی وەرە.**

**جولیا: ئاشیل بە وەزیری جەنگ بڵێ بنەماڵەی ئیمپراتۆر بە بینینی دڵخۆش دەبن.**

**ئاشیل: (کڕنۆش دەکێشێت و لە لای چەپەوە دەردەچێت.)**

**(ئیمپراتۆر بە دەسماڵ دەمی دەسڕێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: دیسانەوە زۆر شەڕانگێزی ژنە ئازیزەکەم**

**وەزیری جەنگ لە چەپەوە دەچێتە ژوورەوە و کڕنۆش دەبات.**

**مارس: ئیمپراتۆر...**

**ڕۆمۆلۆس: سەیرە ئەمڕۆ هەموو کارمەندەکانم ڕەنگیان بە رووخسارەوە نەماوە. هەمان کات وەزیری ناوخۆم بینی،لە ئەم خاڵە تێگەیشتم. کاری چیت پێ مە مارس؟**

**مارس: بە ناوی وەزیری بەرپرسی شەڕی ڕۆم و ئەڵمانیا، دەبێت پێشنیار بۆ ئیمپراتۆر بکەم کە دەستبەجێ سەرۆکی سوارەکان، سپێریۆس تیتۆس ماما وەربگیرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم وەرزشوانە هێشتا نەخەوتووە؟**

**مارس: سەرباز ،کاتێک ئیمپراتۆر خۆی لە مەترسیدا دەبینێت،خەوتن مانای نییە.**

**ڕۆمۆلۆس: هەستی ئەمەک شناسی ئەفسەرەکانم ،وردە وردە خەریکە بێزارم دەکات**

**(شاژن بە خێرایی هەڵدەستێت)**

**جولیا: ڕێمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵێ جولیای ئازیز**

**جولیا: دەبێت هەر ئێستا ، سپێریۆس تیتۆس لە حوزوورتان ئامادە بێت.**

**پیرامۆس بە چرپە شتێک بە گوێ ئیمپراتۆر دەڵێت.**

**ڕۆمۆلۆس: پێویست بە ئەمە ناکات خانم، هەر ئێستا پیرامۆس ڕاپۆرتی دا کە ئادواکرێ هێلکەی سێیەمی داناوە.**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس، حکومەتەکەت لەرزۆکە بووە، سەربازەکانت خۆیان دەکەنە قوربانی، دواتر تۆ بەردەوام باسی مریشک و کەڵەشێر دەکەیت.**

**ڕۆمۆلۆس: لەوەتەی قازەکان کاپیتۆلیان ڕزگار کرد (٣٨)، ئەوە مافی ڕەوای منە کە قسە بکەم، چیتر پێویستم بە سپوریۆس تیتۆس ماما نییە، شازادە جێرمانی ئیدواکر شاری پاڤیارۆی گرتووە، چونکە مریشکە هاو ناوەکەی سێ هێلکەی داناوە، هەروەها شتێک تەنها لە سروشتدا مومکینە . ئەگەرنا نەزمی جیهان تێک دەچووە**

**(ترس و سەرلێشێواوی)**

**ڕا: باوکە؟!!!**

**جولیا: ئەوە ڕاست نییە**

**مارس: بەداخەوە ڕاستە .ئیمپراتۆر.پاڤیا ڕووخاوە، ڕۆما تاڵترین گورزی مێژوویی خۆی بەرکەوت ، سەرۆکی سوارەکان دوا قسەی ژەنەڕاڵ ئێڤرێستی پێش ئەوەی کە لەگەڵ هەموو سەربازەکانیدا لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بە دیل بگیرێت،لەگەڵ خۆی هێناوە،**

**ڕۆمۆلۆس: بۆ خۆم دەزانم دوا قسەی ژەنەراڵی ڕۆما پێش ئەوەی خۆی و پیاوەکانی لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بگیرێن چی بووە.**

**تا دڵۆپێک خوێن لە دەمارەکانماندا مابێت، ئێمە تەسلیم نابین .تا ئێستا هەمووان هەر ئەم قسەیان کردووە، وەزیری جەنگ، سەرۆکی سوارە ئاگاداربکەرەوە، پێویستە سەر خەوی بشکێنێت.**

**مارس: (بەبێ ئەوەی قسەیەک بکات، کرنۆش دەبات و لە لای چەپەوە دەڕوات.)**

**جولیا: دەبێت شتێک بکەیت ڕۆمۆلۆس،پێویستە دەستبەجێ بریارێک بەدێیت، ئەگەرنا هەموومان لە ناو دەچین.**

**ڕێمۆلۆس: ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ ئاگادارکردنەوەیەکی گشتی بۆ سەربازەکانم دادەڕێژم.**

**جولیا: هەموو سەربازەکانت تا دوا پیاوهەڵاتوون و چوونەتە لای ئەڵمانییەکان.**

**ڕۆمۆلۆس: بۆیە من مارس بۆ پۆستی مارشاڵی دەوڵەت دیاری دەکەم.**

**جولیا: مارس شێتە.**

**ڕۆمۆلۆس: ڕاستە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا هیچ کەسێکی عەقڵ نایەوێت ببێتە وەزیری جەنگی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ، ئەمڕۆ فەرمان دەکەم ڕاگەیاندنی فەرمی سەبارەت بە تەندروستی تەواوم دەربکرێت.**

**جولیا: ئەمە هیچ سوودێکی نییە**

**ڕۆمۆلۆس: خۆ تۆبە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئەوە ناکەیت کە من زیاتر لە حوکمڕانی شتێکی تر بکەم، ژنە ئازیزەکە**

**(ئەپۆلیۆن لە پلیکانەکانەوە دادەبەزێت و لە ئیمپراتۆر نزیک دەبێتەوە. پەیکەرێکی نیشان دەدات.)**

**ئەپۆلیۆن: بۆ ئەم ئۆڤیدە (٢٩)، سێ دراوی زێر پێشکەش دەکەم، جەنابی ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: چوار سکە .ئۆڤید شاعیرێکی گەورە بوو.**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس، ئەم کەسە کێیە؟**

**ڕۆمۆلۆس: ئەو ئەپۆلیۆنە، بازرگانێکی ئەنتیک و خەڵکی سیراکیوزە. پەیکەرەکانی پێ دەفرۆشم.**

**جولیا: ڕمولۆس، تۆ مافی ئەوەت نییە گەورەترین شاعیر و بیرمەند و سەرۆکی دەوڵەت و شەرەفەکانی ڕۆمی کۆن لەناوببەیت.**

**ڕۆمۆلۆس: هەرشتێکمان بووفرۆشتمان.**

**جولیا: لەبیرت بێت ئەم پەیکەرە ئەنتیکانە تاکە شتێکن کە باوکم ڤالێنتینیانۆس (٣٠) بۆتی بەجێهێشتووە.**

**ڕۆمۆلۆس: تۆش هێشتا ماویت، ژنە ئازیزەکەم**

**ڕا: من ئیتر بەرگەی ئەم دۆخە ناگرم..**

**( هەڵدەستێت.)**

**جولیا: ڕا؟!!**

**ڕا: من دەچم مەشقی ئەنتیگۆن دەکەم**

**لە لای ڕاستەوە دەردەچێت.**

**جولیا: دەبینیت؟ تەنانەت کچەکەت ئیتر لە مانای کارەکانت تێناگات**

**ڕۆمۆلۆس: هۆکارەکەی ئەوەیە کە خەریکی خوێندنی نواندنە**

**ئەپۆلیۆن: سێ دراوی زێڕ و شەش دراوی زیو، لەوە زیاتر ناتوانم بدەم،گەورەم .خێرم بۆ ناکات.**

**ڕۆمۆلۆس: چەند دانەیەکی تریش هەڵبگرە ، دواتر پێکەوە نرخەکەی حیساب دەکەین**

**(ئەپۆلیۆن جارێکی تر بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێت)**

**( لە لای چەپەوە  وەزیری ناوخۆ بەپەلە دێتە ژوورەوە)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: دیسان  چیت دەوێیتەوە تولیۆس ڕۆتۆندۆس؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس:  زینۆ (٣١)ئیمپراتۆری ئاشووری ڕۆژهەڵاتی ڕۆما هاتووە داوای پەنابەریت لێدەکات.**

**ڕۆمۆلۆس: زینۆی ئاشووری؟   لە قوستەنتینیەی خۆی لەئەمان دا نییە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لەم جیهانەدا هیچ کەس  لەئەمان دا نییە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا لە کوێیە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لە ژووری چاوەڕوانیدا**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا دوو لە خزمەتکارەکانی سولفوریدس (١٣٢) و فسفۆر ئیدۆس (٣٣) لەگەڵ خۆی هێناوە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: تەنها ئەم دووانە توانیویانە لەگەڵیدا هەڵبێن.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەگەر سولفورید و فۆسفۆرید لە دەرەوە بمێننەوە، زینۆ ڕێگەی پێدەدم بێتە ژوورەوە، من حەزم لە توندی و وشکی گارسۆنە بیزەنتینییەکان نییە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: فەرمانبری، جەنابتانم.**

**لە لای چەپەوە ئیمپراتۆر زینۆی ئاشووری بە پەلە دێتە ژوورەوە. جلەکانی زۆر لوکستر و بەنرخترن لە جلەکانی هاوکارەکەی کە ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژئاوایە.**

**زینۆ: سڵاوت لێ بێت .ئەی برام.ئەی ئیمپراتۆری گەورە**

**ڕۆمۆلۆس: سڵاو لە خۆتان**

**زینۆ: سڵاوت لێ بێت خوشکم،ئەی ئیمپراتۆری پلە باڵا**

**جولیا: سڵاوت لێ بێت برام، ئیمپراتۆری گەورە**

**(دوو ئیمپراتۆر یەکتر لە باوەش دەگرن. زینۆ پۆزی ئیمپراتۆرێکی پەنابەری ڕۆمای ڕۆژهەڵات دەگرێتەبەر.)**

**ڕۆمۆلۆس: من پێداگری ناکەم کە تۆ ئەو شیعرە زۆرانە بخوێنیتەوە کە لە بیزەنتین بۆ ئیمپراتۆرێک کە دبێتە پەنابەر ،دیاری کراوە، زینۆی ئازیز.**

**زینۆ: نامەوێت گارسۆنەکان فریو بدم.**

**ڕۆمۆلۆس: من بە هیچ شێوەیەک ڕێگەم نەداوە گارسۆنەکانت بێنە ژورەوە.**

**زینۆ: باشە، کەواتە ئێستا کە گارسۆنەکانم نابینن، جگە لە ئەمڕۆ، من پەیڕەوی یاساکان ناکەم، لەوەتەی قوستەنتینیەم بەجێهێشت، ناچار بووم ڕۆژانە نزیکەی سێ جار لەبەردەم کەسایەتییە سیاسییە جیاوازەکاندا ئەم شیعرە درێژ بۆ یارمەتی بخوێنمەوە. ئیدی دەنگم دەرنایێت.**

**ڕۆمۆلۆس: دانیشە**

**زینۆ: سوپاس.**

**لە کاتێکدا کە ئاسوودەیە لەسەر مێزەکە دادەنیشێت. لە هەمان کاتدا دوو لە گارسۆنەکانی بەپەلە دەچنە ژوورەوە. هەردووکیان جل و بەرگی ڕەشی تەسکیان لەبەردایە.**

**دوو گارسۆن: ئیمپراتۆر**

**زینۆ: ئای خوایە . گارسۆنەکانم هاتن**

**سولفوریدس: شیعری پاڕانەوە، ئیمپراتۆر**

**زینۆ: من خوێندمەوە سولفورید و فسفۆرم ئازیزم**

**سولفوریدس: ناکرێ ئیمپراتۆر،ناچارم غرورتان لە خەو هەڵسێنم، تۆ هەڵاتوویێکی ئاسایی نیت، تۆ ئیمپراتۆری پەنابەری ڕۆمای ڕۆژهەڵاتی و پێویستە بە بەرژەوەندییەکی تەواوەوە ڕێوڕەسمەکانی دەرباری بیزەنتین پەیرەو بکەیت.تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێوڕەسمانانە سەد هێندەی بێمانا بن. ئێستا دەتوانین داوا بکەین؟**

**زینۆ: ئەگەر پێویست بوو**

**فسفۆر یدوس: بە دڵنیاییەوە پێویستە ئیمپراتۆر. مەراسیمەکانی دەرباری بیزەنتین نەک تەنها نموونەی نەزمی جیهانییە، بەڵکو خودی نەزمی جیهانیشە .دەبێ تا ئێستا لەم شتە تێگەیشتبێتن.باشە ئیمپراتۆر.مەهێڵە گارسۆنەکانت لەمە زیاتر شەرمەزارتر بن**

**زینۆ: زۆر باش ئامادەم**

**سولفوریدس: سێ هەنگاو بۆ دواوە ئیمپراتۆر**

**فسفۆر یدوس: دۆخی دڵتەزێنی ئیمپراتۆر**

**زینۆ: داوای یارمەتیم هەیە، ئەی مانگی گەشاوەی گەردوون، لە شەوانی تاریکدا، بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێم....**

**سولفوریدس: بەدوای نیعمەت و ڕەحمەتدا...**

**زینۆ: بە دوای نیعمەت و ڕەحمەتدا لێت نزیک بوومەوە، ئەمە ئەو مانگەیە کە.....**

**فۆسفۆریدۆس: خۆره**

**ڕۆمۆلۆس: ئاشیل ....پیرامۆس**

**پیرامۆس: ئیمپراتۆر**

**ئاشیل: ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم دوو گارسۆنە بیزەنتینییە فڕێ بدەنە دەرەوە .بیانبەنە کۆلانەی مریشکەکان وزیندانیان کەن.**

**ئاشیل: ئێمە فەرمانبرین ئیمپراتۆر**

**سولفوریدەکان: ئێمە ناڕەزایی دەردەبڕین**

**فۆسفۆریدۆس: لەگەڵ ڕێز و خۆڕاگری**

**لە کۆتاییدا ئاشیل و پیرامۆس بە سەختی لە ژوورەکە دەیانبەنە دەرەوە و ئاشیلیش لەگەڵیان دەڕوات. پیرامۆس لە ماندوێتیدا ئارەقەی دەموچاوی دەسڕێتەوە.**

**زینۆ: سوپاس بۆ خوا کە ئەم دوو گارسۆنە چوونە دەرەوە، کاتێک لەگەڵمن، لە دەریایەکی یاسا و داب و نەریتی سەرلێشێواودا پەلەقاژە دەکین،هێزم تێدانەماوە، دەبێت بە سیستەم بڕۆم بە سیستەم قسە بکەم.بە سیستەم بخۆم، لە داخی سیستەم ڕۆحم گەیشتووەتە سەرلێۆم. بەڵام هەر کە ئەم دوو کەسە لێم دوورکەوتنەوە، یەکسەر هەست دەکەم دەسەڵاتی کۆنی باوباپیرانی ئاشووری و بیروباوەڕە نەشکێنەکانیان لە مندا بەئاگا دێتەوە.ئەرێ ئەو کۆلانە مەریشکانەت قوفڵ و کلیلی دروست وحیسابی هەیە.؟**

**ڕۆمۆلۆس: خەیاڵت تەخت وڕاحت بێت. پیراموس خواردن و هێلکەیەک بۆ زینۆ بهێنە**

**پیراموس: تەنها هێلکەی دۆمیتیان ماوەتەوە**

**ڕۆمۆلۆس: بیهێنە ،ئێستاجێی خۆیەتی**

**زینۆ: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من و تۆ حەوت ساڵە پێکەوە شەڕ دەکەین، بەڵام مەترسی ئەڵمانییەکان کە هەڕەشە لە هەردووکمان دەکات، ڕێگری لە پێکدادانێکی گەورەتری لە نێوان سەربازەکانی تۆ و مندا کرد. (بەکەمێک شەرمەزارییەوە).**

**ڕۆمۆلۆس: شەڕ؟ من بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو پرسە نەبووم.**

**زینۆ: ئاخە من دالماتیان (١٣٤)م لە تۆ داگیر کرد.**

**ڕۆمۆلۆس: بۆچی؟ دالماتیا پێشتر بەشێک بووە لە وڵاتەکەم؟**

**زینۆ: دوایین جار کە وڵاتیان دابەش کرد، بۆ ئێوەیان بەجێهێشتبوو.**

**ڕۆمۆلۆس: با لە نێوان ئم دوو ئیمپراتۆڕ دا بە شاراوەیی بمێنێتەوە. من دەمێکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بێ ئاگام، هۆکار چی بوو کە ناچار بووی قوستەنتینیە بەجێبهێڵیت؟**

**زینۆ: ڤێرینا ،خەسووم (٣٥ ساڵ) لەگەڵ ئەڵمانییەکان دەست بە یەکیانکرد و فڕییدامە دەرەوە.**

**ڕۆمۆلۆس: سەیرە . بەڕاستی پەیوەندیت لەگەڵ ئەڵمانییەکان ناياب و درەوشاوە بوو .**

زینۆ: ڕۆمۆلۆس

(زیز دەبێت.)

ڕۆمۆلۆس: ئەوەندەی من ئاگاداری ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانە بووم کە لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین ڕوویان دەدا، تۆ خۆت لەگەڵ ئەڵمانییەکان دەست بە یەکیت کرد و کوڕەکەت لە ئیمپراتوریەتەکە فڕێدا.

جولیا: ڕێمۆلۆس

زینۆ: ئەڵمانییەکان هێرشیان کردووتەو سەر خاکی ئێمە و بەربەستەکانی بەرخۆدان کەم تا زۆر لە ڕێگایاندانەماوە.

من و تۆ چیتر ناتوانین بەجیا شەڕیان لەگەڵ بکەین، ئێمەمافی ئەوەمان نییە هەڵە تێگەیشتنە بچووک کە هەمانە بەرز بکەینەوە، ئێستا دەبێت شارستانیەتی خۆمان ڕزگار بکەین.

ڕۆمۆلۆس: چۆن؟ شارستانیەت شتێکە مرۆڤ بتوانێت ڕزگاری بکات؟

جولیا: ڕێمۆلۆس

(لەم کاتەدا ئەنتیکەفرۆش بە چەند پەیکەرێکەوە لە ئیمپراتۆر نزیک دەبێتەوە.

ئەپۆلیۆن: بۆ ئەم دووانە... گراکاسیۆن (٣٦)، پۆمپیۆ (٣٧)، سکیپیۆ (٣٨) و کاتۆ (٣٩)، دوو دراوی زێڕ و هەشت دراوی زیو.

ڕۆمۆلۆس: سێ دراوی زێڕ.

ئەپۆلیۆن: باشە، بەڵام ماریۆس (٤٠ ) و سولا (٤١ )یش دەبەم.

(دوا جار بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوێت.)

جولیا: ڕۆمۆلۆس، دەمەوێت یەکسەر ئەم ئەنتیکەفرۆشە لێرە دەربکیت.

ڕۆمۆلۆس: من ناتوانم ئەمە بکەم جولیا، هێشتا پارەی تۆو و خۆراکی مریشک و کەڵەشێرەکانمان نەداوە.

زینۆ: خەریکە شاخ دەربێنم ،دونیا لە ئاگر و خوێنەوە وەردەراوە، ئێوەش لەگەڵ یەکتری چەلەحانێتانە؟، ڕۆژانە هەزاربەهەزارکەس دەمرن، ئێوەش لێرەن بێباکانە بیر لە خۆتان دەکەنەوە، تۆو و خۆراکی مریشک و کەڵەشێر چ پەیوەندییەکی بە هێرشی بەربەرە کێوییەکانەوە هەیە؟

ڕۆمۆلۆس: بەهەر حاڵ منیش هەندێک کێشەم هەیە بۆ خۆم

زینۆ: وا دیارە لێرە کەس درکی بە مەترسی گشتی و سەرەکیی ئەڵمانیزم نەکردوە.

(بە پەنجەکانی لەمێزەکە دەدات.)

ڕۆمۆلۆس: منیش هەمیشە هەمان شت دەڵێم.

زینۆ: هۆکاری سەرکەوتنی ئەڵمانییەکان ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ شتە مادییەکان. پێویستە بە قووڵی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بکرێت، شارەکانمان یەک لە دوای یەک تەسلیم دەبن، سەربازەکانمان پەنا بۆ دوژمن دەبەن، گەلەکانمان متمانەیان بە ئێمە نەماوە، چونکە ئێمە خۆمان لە خۆمان بێ ئومێد بووین، ڕێمولۆس دەبێت خۆمان کۆکینەوە .پێویستە ڕابردووی شکۆمەندی خۆمان لەبیر بکەین، دەبێت قەیسەر ئۆگستۆس تراجان (٤٢) کۆنستنتین (٤٣) لە مێشکماندا خەیاڵ بکەین، هیچ بژاردەیەکی تر نەماوە، ئەگەرئیمان و باوەڕمان بە خۆمان و گرنگی سیاسی نێودەوڵەتیمان نەبێت، لەناو دەچین.

ڕۆمۆلۆس: زۆر باشە، کەواتە ئێمە ئیمان دەهێنین.

**(بێدەنگی، هەمووان لە حاڵەتێکی ڕۆحانیدا دانیشتوون.)**

**زینۆ: ئیمانت هێنا؟**

**(کەمێک گوماناوییە.)**

**ڕۆمۆلۆس: بێ گومان و بە دڵنیاییەوە**

**زینۆ: بە ڕابردووە شکۆمەندەمان؟**

**ڕۆمۆلۆس: بە ڕابردووی شکۆمەندمان**

**زینۆ: بە مێژووی پڕ لە شانازیمان؟**

**ڕۆمۆلۆس: بە مێژووی پڕ لە شانازیمان**

**زینۆ: تۆ چۆن، ئیمپراتۆر جولیا؟**

**زینۆ:(کەمێک ئارام دەبێتەوە.)**

**جولیا: من هەمیشە باوەڕم هەبووە.**

**زینۆ: چ هەستێکی نایاب و خۆش بە مرۆڤ دەبەخشێت؟ بەڕاستی هەست دەکەیت کە هەوایەکی لەبار لەم ژوورەدا لەناکاو دەستی پێکردووە، هەرچەندە خەریک بوو کارلەکار بترازێت.**

**(هەر سێ کەسەکە بە هەڵوێستێکی ڕۆحانییەوە دانیشتوون.)**

**ڕۆمۆلۆس:باشە ئەی دوای ئەوە؟؟**

**زینۆ: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟**

**ڕۆمۆلۆس: ئێمە ئیمانمان دۆزیەوە.**

**زینۆ:بنەمای سەرەکی هەر ئەمەیە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا چی بکین؟**

**زینۆ: ئیتر گرنگ نییە.**

**ڕێمۆلۆس:ئاخر لەم حاڵەتە ڕۆحانییەدا دەبێت شتێک بکەین**

**زینۆ:لە داهاتوودا خۆبەخۆ چاک دەبێتەوە، بەڵام دەبێت بیر لە دروشمێک بکەینەوە بۆ خۆمان بۆ ئەوەی ڕکابەری ئەڵمانییەکان بکەین، کە دروشمەکەیان بۆ ئازادی و کۆیلایەتییە، پێشنیار دەکەم دروشمەکەمان بۆ نموونە بۆ کۆیلایەتی و خودا بێت.**

**ڕۆمۆلۆس: دڵنیا نیم خودا لە لای ئێمەیە، گێرانەوەی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە.**

**زینۆ: لەبەر حەق دژی قسەی ناشرین**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمەش هیچ پێناسەیەکی نییە، من زیاتر لەگەڵ دروشمێکدام کە زیاتر پراکتیکی بێت و لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت، بۆ نموونە بەهۆی هێلکەدان و کشتوکاڵەوە.**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس؟؟؟!!!**

**مارس:(لە لای چەپەوە بەپەلە دێتە ژوورەوە. بە تەواوی خۆی لەدەستداوە.)ئەڵمانییەکان بەرەو ڕۆم پێشڕەوی دەکەن**

**(زینۆ و جولیا بە ترسەوە ڕادەچڵێکێنن.)**

**زینۆ: کەشتیی داهاتوو کەی بەرەو ئەسکەندەریە دەڕوات؟**

**ڕۆمۆلۆس: سبەی بەیانی کاتژمێر هەشتو نیو.... لەوێ چی دەکەیت؟**

**زینۆ:من دەچم لە ئیمپراتۆری حەبەشە بپاڕێمەوە کە مافی پەنابەریم بداتێ، لەوێشەوە درێژە بە شەڕی ئاشت نەکراوی خۆم دەدەم دژی ئەڵمانیزم. ڕەنگە منیش بە دیل بگیرێم، بەڵام من دیلبوون لە شەڕی ئەڵمانییەکانم پێ باشترە لە دیلبوون لە شەڕی خزمەتکارەکانم.**

**(ئیمپراتۆرە جولیا وردە وردە زاڵ دەبێت بەسەر خۆیدا.)**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس...ئەوە ئەڵمانییەکان بەرەو ڕۆم پێشڕەوی دەکەن. تۆش هێشتا دانیشتوویت و نانی بەیانی دەخۆیت؟؟!!**

**(جەنابی شا بە کەرامەتەوە هەڵدەستێت.)**

**ڕامولوس، ئەم ئیمتیازە تایبەتە بە سیاسەتمەداران. مارس من تۆ بۆ مارشانی کۆل هەموو وڵات هەڵدەبژێرم.**

**مارس:ئیمپراتۆرەکەم من ڕۆما ڕزگار دەکەم!**

**(ئەژنۆی دادەنێت و شمشێرەکەی دەجوڵێنێت.)**

**ڕۆمۆلۆس:هەر ئەوەمان مابوو.**

**(دیسان دادەنیشێتەوە.)**

**مارس:، تەنها یەک شت ماوە کە دەتوانێت ڕزگارمان بکات، ئەویش کۆکردنەوەی گشتییە**

**(بە ئیرادەیەکەوە هەڵدەستێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم وشەیەی وتت مانای چییە؟**

**مارس: ئەم وشەیە تازە هاتە مێشکم. کۆکردنەوەی گشتی واتە تەیارکردنی هەموو هێزەکانی نەتەوەیەک بۆ مەبەستی شەڕ**

**ڕۆمۆلۆس: شێوە و وێنەی ئەمە پێشنیاری ئێوەم بە دڵم نەبو.**

**مارس: کۆکردنەوەی گشتی ، پێویستە هەموو ئەو بەشە جیاوازانەی ئیمپراتۆریەت لەخۆبگرێت کە هێشتا لەلایەن دوژمنەوە نەگیراون.**

**زینۆ: مارشال ڕاست دەکات، ئێمە تەنها بە کۆکردنەوەی گشتی ڕزگارمان دەبێت، ئەمەش ڕێک ئەو چارەسەرەیە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین، خۆت چەکدار بکە، ئەمەیە هەمووان بیری لێدەکەنەوە.**

**ریمولوس: هەر لەو کاتەوەی کە تەشیی داهێنراوە تا ئەمڕۆشەڕ بە تاوان هەژمار دەکرا. ئێستا ئەگەر کۆکردنەوەی گشتی ڕابگەیەنین، پێی دەوترێت شەڕی گەمژەیی. پەنجا پاسەوانەکەم لەبەردەستتدا بەجێدەهێڵم مارشال**

**مارس: ئیمپراتۆر ئیدواکر سوپایەکی هەیە کە سەد هەزار سوارچاکی چەکدار لەخۆدەگرێت**

**ڕۆمۆلۆس: تا سەرکردەیەکی جەنگ گەورەتر بێت، پێویستی بە سەربازی کەمتر دەبێت.**

**مارس: تا ئێستا هیچ ژەنەراڵێکی ڕۆمی ئەوەندە سووکایەتی پێ نەکراوە.**

**(سڵاوێکی سەربازی دەکات و لە لای چەپەوە دەردەچێت.)**

**( لەم نێوەندەدا ئەپۆلیۆن هەموو پەیکەرەکانی - جگە لەوەی لە ناوەڕاستدایە - لە شوێنی خۆیان دابەزاندووە.)**

**ئەپۆلیۆن: بۆ ئەم ورکە وپرکانە بە گشتی دە دراوی زێڕ دەدەم.**

**ڕۆمۆلۆس: باش تر نییە ئەگەر بە ڕێزەوە زیاتر باسی ڕابردووی شکۆمەندی ڕۆما بکەیت، ئەپۆلیۆن**

**ئەپۆلیۆن: وشەی "ورکە وپرکە" لە ڕوانگەی دێرینەناسیەوەیە  پەیوەندی بە بەهای ئەم گەنجینەی کۆنەوە هەیە و بە مانای حوکمدانی مێژوویی نییە.**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵام بەو مەرجەی ئێستا دە سکە زێڕەکەم پێ بدەیت**

**ئەپۆلیۆن: وەک هەمیشە جەنابی ئیمپراتۆرەکەم، پەیکەرێکم بەجێهێشت لێرە بمێنێتەوە .. ئەویش ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆسە**

**(دە سکەی زێڕ دەدات.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئەوە ئامۆزامە.. هم ناوی منە... ئەو کەسە بوو کە ڕۆمی دامەزراند.**

**ئەپۆلیۆن: دروستکەرەکەی شاگردی پەیکەرتاش بووە، چونکە لە ئێستاوە خەریکە لەت دەبێت.**

**(لەم ماوەیەدا ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵاتی ڕۆما تاقەتی تەواو بووە.)**

**زینۆ: ڕێمۆلۆس، تۆ تا ئێستا ئەم بەڕێزەت پێم نەناساندووە**

**ڕۆمۆلۆس:(بەئەپۆلیۆن) ئەوە زینۆ ی ئاشووری ، ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵاتن. ئەپۆلیۆن**

**ئەپۆلیۆن: ئیمپراتۆر**

**(بە ساردی کڕنۆش دەبات.)**

**زینۆ: ئێوە سەرێکیش بڕۆ بۆ دوورگەی پاتمۆس (٤٤) کە هێشتا بەمن وەفادارن... ئەپۆلیۆنی ئازیز، من زۆر کەلوپەلی کۆنی یۆنانی سەرنجڕاکێشم لەوێ هەیە.**

**ئەپۆلیۆن: دەتوانم جێ بەجێێ کەم، جەنابی ئیمپراتۆر، بەچاوان**

**زینۆ: چونکە سبەی بەرەو ئەسکەندەریە دەڕۆم،دەکرێت تکاتان لێ بکەم ،بڕە پارەیەکی کەم  وەکو پارەی پێشەکی...**

**ئەپۆلیۆن: ببورە، من پارەی پێشەکی نادەم، چونکە لەم کاتە پڕ لە گێژاوەدا بە هیچ شێوەیەک متمانەم بە دەرباریان و شاکان نییە، هەروەها سیاسەتمەدارانیش هیچ بناغەیەکی تۆکمەیان نییە. سەرنجی کڕیارانیش هێواش هێواش لە ئەنتیکەکان دوور کەوتوتەوە و ڕوو لە هونەر و پیشەسازی ئەڵمانی کردووە،پیشەسازی ئاسایی و سەرەتایی بازاڕەکەی لە گەشەکردندایە،، بەنەفرەت بێ، بەڵام پێش سەلیقە ناگۆڕێت. ئێستا بە ئیزنی جەنابی بەڕێزتان دەڕۆم.**

**ڕۆمۆلۆس:زۆر بەداخەوە کە تۆ ئەپۆلیۆن، ڕاست لە ناوەڕاستی شکستی گشتی ئیمپراتۆریەتەکەمدا دۆزرایەوە.**

**ئەپۆلیۆن: ئێختیارتان هەیە گەورەم، هەرچیک بێت من ئەنتیکەفرۆشم و پێویستم بە بژێوی ژیانم هەیە، وە ناچارم بەم شێوەیە نان بخۆم.بۆ هەڵگرتنی ئەم پەیکەرانە کە لە لای دیوارەوە بەجێم هێشتووە.چەند هەڵگرێک دەنێرم.**

**(جارێکی تر کڕنۆش دەکێشێت و لە لای چەپەوە دەردەچێت. ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆژهەڵات بە بیرکردنەوە سەری دەجووڵێنێت.)**

**زینۆ: تێناگەم ڕۆمۆلۆس، لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا پارەم لە کەس وەرنەگرتووە . ئێستا وردە وردە باوەڕم وایە کە کارەکەمان بەڕاستی کارێکی کەم داهاتە**

**(تولیۆس ڕۆتۆندۆس وەزیری ناوخۆ لە لای چەپەوە دەێتە ژوورەوە.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئیمپراتۆر. گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس: دواجار وەرزشوانەکە خەوی لێکەوت؟تولیۆس ڕۆتۆندۆس؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئەو پرسە پەیوەندی بە سپۆریۆس تیتۆس ماما نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سیزار ڕوپفەوە هەیە (٤٥)**

**ڕۆمۆلۆس: من کەسی وا ناناسم.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: کەسایەتییەکی گەورە ودیارن، پێشتر نامەیەکیان بۆ جەنابی شا نووسیبوو.**

**ڕۆمۆلۆس: لەوەتەی بووم بە ئیمپراتۆر، ئیتر نامە ناخوێنمەوە، مەسەلەکە چییە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: کارگەیەکی پانتۆڵ هەیە، بەرهەمهێنەری ئەو پارچە جلە ئەڵمانییەیە کە ئێستا لەبەری دەکەن،وا ئێستاش لێرەش خەریکەدەبێتە مۆد.**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا ئەم کەسە دەوڵەمەندە ؟وەزیری ناوخۆ؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: بێکۆتاییە**

**ڕۆمۆلۆس: سوپاس بۆ خوا کە دواجارکەسێکی حیسابی دۆزرایەوە.**

**جولیا: هەرئێستا ئەم کەسە وەردەگریت ڕۆمۆلۆس**

**زینۆ: هەستی بێ هەڵەی من پێم دەڵێت ئەم کەسە ڕزگارمان دەکات.**

**ڕۆمۆلۆس: سەرۆکی کارگەی پانتۆڵ داخڵ بکەن.**

**(سیزار ڕوپف لە لای چەپەوە دەێتە ژوورەوە، جەستەیەکی قەڵەو و پتەوی هەیە و جل و بەرگی لوکس لەبەردایە، لەبری ئیمپراتۆر زینۆ وەردەگرێت و ڕاستەوخۆ دەچێتە لای، بەڵام زینۆ بە شەرمەوە ڕۆمۆلۆسی پیشان دەدات).**

**(سیزار ڕوپف کڵاوێکی سەفەری ئەنتیکی بەدەستەوەیە.کەمێک کڕنۆش دەبات، )**

**سیزار ڕوپف: ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: سڵاوت لێ بێت، ئەمە هاوسەری منە، ئیمپراتۆرە جولیا، ئەمەش زینۆ ئاشووری ئیمپراتۆری ڕۆمی ڕۆژهەڵاتە.**

**(سیزار ڕوپف: کەمێک سەری دادەنەوێت)**

**ڕۆمۆلۆس: چیت لە من دەوێت سیزار ڕوپف؟**

**سیزار ڕوپف: ئیمپراتۆری بەڕێز، باوباپیرانم بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی بوون، بەڵام لە سەردەمی ئیمپراتۆر ئۆگستۆسدا ڕوویان لە ڕۆما کردووە و لە سەدەی یەکەمەوە تا ئەمڕۆش لە ڕیزی پیشەسازی قوماش هەژمار دەکران.**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر دڵخۆشم.**

**(سیزار ڕوپف کڵاوەکەی دەدات بە زینۆ و زینۆش بە سەرسوڕمانەوە وەریدەگرێت.)**

**سیزار ڕوپف: ئیمپراتۆر بە ناوی بەرپرسی کارگەی پانتۆڵ دورین بەئاشکرا ناوەڕۆکی قسەکانی خۆمتان پێ دەڵێم**

**ڕۆمۆلۆس: بەدڵنیاییەوە!**

**سیزار ڕوپف: وەک چۆن هەمیشە کۆنەپەرستان دژایەتی شتی نوێ و نوێ بوون دەکەن،هەروەها منیش بە جۆرێک تووشی ساردییەکی خەڵک وەک سەهۆڵ بووم کردووە کە کۆمەڵگا کۆنەپەرستی ڕۆم دژی لەبەرکردنی پانتۆڵن.**

**ڕۆمۆلۆس: لەو شوێنەی کە پانتۆڵەکە دەست پێدەکات. شارستانیەت دەوەستێت.**

**سیزار ڕوپف: بێگومان تۆ ئیمپراتۆریت و دەتوانیت ئەم گاڵتە بێ تامە بکەیت، بەڵام من کەسێکی ئاساییم و ڕاستییەکان وەک خۆیان دەبینم.من بەبێ هیچ مەبەست و خراپەکارییەک دەیڵێم کە داهاتوو هی پانتۆڵ دەبێت. میلەتێکی پێشکەوتنخواز کە پانتۆڵ لەبەر نەکات، بەبێ هیچ هۆکارێک، لە لایەن باوکیەوە ڕیسوا دەبێت، ئەوەی کە ئەڵمانییەکان بەو جۆرە پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرە بەدەست دەهێنن، پەیوەندییەکی بنەڕەتی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ لەبەرکردنی پانتۆڵدا هەیە. بێگومان ئە م پە یوە ندییە بە تە واوی بێمانایە و ناڕوونە بۆ سە ڕانی حکوومە ت کە هە ڕگیز بە قووڵی بیر ناکە نە وە ، بە ڵام بۆ مرۆڤێکی پیشە یی وەک ڕۆژ ڕوونە ڕۆمییەکان ئەگەر پانتۆڵ لەبەر بکەن، دەتوانن لەشکرکێشی هۆزە ئەڵمانییەکان ڕابگرن.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەگەر من لە شوێنی تۆ بوومایە و ئەم بۆچوونە گەشبینانەم هەبوایە، قەیسەر ڕویفی ئازیز، لانیکەم خۆم یەک پارچە لەم جلە جوانانەم لەبەر دەکرد.**

**سیزار ڕوپف: من بە فەرمی سوێندم خواردووە کە تەنها کاتێک پانتۆڵەکەم لەبەر دەکەم، ڕووناکی پیرۆز لە دڵی تەنانەت بێ ئیرادەترین کەسانیشدا هەڵدەگیرسێت، کە بەبێ پانتۆڵ، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناچار دەبێت گۆرانی ماڵئاوایی بڵێت، .ئەمەش لایەنگرییەکی پیشەییە ئیمپراتۆر. من گاڵتەم بەم بابەتە ناکەم. دەبێت یان پانتۆڵ بباتەوە وسەربکەوێت یان سیزار ڕوپفدەست لەکار دەکێشێتەوە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا چە پێشنیارێکتان هەیە بۆ من؟**

**سیزار ڕوپف: ئیمپراتۆر،لم لا کارگەی نێودەوڵەتی سیزار ڕوفمان هەیە، لەولاش ئیمپراتۆریەتی ڕۆم،خۆ ئەوە پشتڕاست دەکەیتەوە؟**

**ڕۆمۆلۆس: بێگومان.**

**سیزار ڕوپف: با هەستە ناسکەکانمان وەلانێین و بە جۆرێک سارد وسڕ وەک سەهۆڵ قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. لە پشتمەوە چەند ملیارێک دراوی زیوین و لە پشتی تۆوە کۆتاییەکی ترسناک هەیە**

**ڕۆمۆلۆس: جیاوازیی لەم باشتر ڕوون نەدەکرایەوە.**

**سیزار ڕوپف: سەرەتا لە دڵی خۆمدا گوتم ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بکڕم**

**(ئیمپراتۆر ناتوانێت بە تەواوی وروژاندن و خۆشی خۆی بشارێتەوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: پێویستە بە جدی باسی ئەم بابەتە بکەین سیزار ڕوپف، بەهەر حاڵ ئێستا نازناوی شوڕشگێرت پێ دەبەخشم. ئاشیل شمشێرێک لەگەڵ خۆت بێنە.**

**سیزار ڕوپف: سوپاس ئیمپراتۆر، تا ئێستا هەموو ناونیشانە جیاوازەکانم بۆ خۆم کڕیوە ، هەڵبەت وازم لە کڕینی ئیمپراتۆریەت هێناوە، ئیمپراتۆریەتی ڕۆم هێندە شکاوە ولێکترازاوە، تەنانەت کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیش ئەگەر دڵنیا نەبێت خێری بۆتێدا نییە، ئامادە نییە پارە خەرج بکات بۆ چاککردنەوە ۆ نۆژەنکردنەوەی، لەو حاڵەتەدا وڵاتێکی فراوان لەسەر دەستمان دەمێنێتەوە و بێگومان ئەمەش هیچ سوودێکی نییە، چونکە مرۆڤ یان دەبێت خاوەن کارگەیەکی نێودەوڵەتی بێت یان ئیمپراتۆری، وە لەم حاڵەتەدا دەبێت بەڕاشکاوی بڵێم کە من خاوەندارێتی کارگەم پێ باشترە چونکە داهاتی زیاترە، ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس، من دژی کڕینم، بەڵام هیچ قسەیەکم نییە لە ئەنجامدانی گرێبەستی خۆشەویستی.**

**ڕۆمۆلۆس: پێت وایە چ جۆرە مامەڵەیەکی خۆشەویستی دەتوانێت لە نێوان ئیمپراتۆریەت و کۆمپانیاکەتان ڕووبدات؟**

**سیزار ڕوپف: گرێبەستێکی خۆشەویستی ماتریالیزم، من کەسێکی بازاڕیم، بۆیە لەگەڵ ماتریالیزمیشدام، ئەمە قسەی منە بیر لە ماددی بکەرەوە،، ئەگینا ئیفلاس دەبیت، دەبێت پێش هەموو شتێک ئەڵمانییەکان لێرە دەرکەرێن.**

**ڕۆمۆلۆس: بە ڕێکەوت ئەمە کەمێک کێشەیە.**

**سیزار ڕوپف: ئەگەر بازرگانێکی نێودەوڵەتی پێویستی بە گۆڕانکاری بچوک هەبێت، ئەوە وشەی "کێشە" لای ئەو بێ مانایە، ئێدوکار وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە لێم کرد و بە نووسراو ئاگاداری کردمەوە کە ئامادەیە ئیتاڵیا چۆڵ بکات لەبەرامبەر دە ملیۆن،**

**ڕۆمۆلۆس: ئیدواکر ؟**

**سیزار ڕوپف: ژەنەراڵی ئەڵمانی**

**ڕۆمۆلۆس: سەیرە، بەتایبەتی پێم وا نەبوو ئەم کەسە بکڕدرێت**

**سیزار ڕوپف: ئەمڕۆ دەتوانیت هەر کەسێک بکڕیت قوربان**

**ڕۆمۆلۆس: وە لە بەرامبەر ئەم یارمەتییەدا کە تۆ پێم دەکەیت.؟پێویستە من چیت بۆ بکەم؟سیزار ڕوپف؟**

**سیزار ڕوپف: من ئامادەم ئەو دە ملیۆنە بدەم و لە هەمان کاتدا چەند ملیۆنێک بۆ وڵات خەرج بکەم بۆ ئەوەی تەنها بتوانێت خۆی لەسەر ئاوەکە بهێڵێتەوە و نەخنکێت، وەک هەموو حکومەتێکی دروست دەیکات، لە بەرامبەر ئەم یارمەتییە، شەرتی من وایە پێویستە ڕابگەیەنرێت کە لەبەرکردنی پانتۆڵ ناچارییە.وە کچەکەتم بدەیە. چونکە وەک خۆر ڕوونە کە تەنها بەم شێوەیە دەتوانین مامەڵەیەکی خۆشەویستی دابمەزرێنین.**

**ڕۆمۆلۆس: کچەکەم دەزگیرانی ئەشراف زادەیەکی بەدبەختە کە لە سێ ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا لە دەستی ئەڵمانییەکان زەلیلە.**

**سیزار ڕوپف: ئیمپراتۆر سەیرکە، من زۆرئارامم، دەبێت مافم پێ بدەیت بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کەس و چاوداگرتن، کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت ڕزگاری بێت کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بازرگانێکی بە ئەزموون هەبێت، ئەگەرنا ئەو ئەڵمانییانەی کە لە پشت دەروازەکانی ڕۆما خۆیان حەشارداوە، بە هەنگاوی توند و دەنگ بەرزەوە دێن، ئەم پاشنیوەڕۆیە وەڵامی خۆتم پێدەدەیت، ئەگەر ئەم وەڵامە نەرێنی بێت، من لە گەڵ کچی ئێدو هاوسەرگیری دەکەم ئەگەر.، دەبێت ماڵی بازرگانی ڕویف بیر لە میراتگرێک بکاتەوە، من لە باشترین ساڵەکانی ژیانمدام.وە گەردەلول و زریانەکانی ڕووداوە بازرگانییەکان کە شەڕەکانت بەراورد بەئەو هەهیچ نییە، تا ئێستا، دەرفەتی ئەوەی پێنەدەدام کە لە باوەشی هاوسەرە جوانەکاندا بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێم ،بۆ من ئاسان نییە یەکێک لەم دوو ئەگەرە هەڵبژێرم، هەرچەندە سیاسەت داوا دەکات کە من بەبێ دوودڵی ئەڵمانییەکان هەڵبژێرم، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەستی ماف لەو وڵاتەی کە منی قبوڵ کردووە و لە ڕاستیدا خانەخوێی منە، ناچارم دەکات ئەم پێشنیازەتان پێشکەش بکەم. چونکە نامەوێت مێژوو ئەو گومانە لە مێشکی گشتیدا دروست بکات کە بازرگانییەکەی ڕەیف بەشێکە لە لایەنێکی دیاریکراو.**

**(بەخێرایی کڕنۆش دەکێشێت و کڵاوەکەی لە دەستی زینۆ دەردەهێنێت و لە لای چەپەوە دەڕوات)**

**(ئەو سێ کەسە بە سەرسوڕمانەوە لەسەر کورسیەکانیان لە پشت مێزەکەوە دادەنیشن).**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس،پێویستە دەستبەجێ لەگەڵ ڕا قسە بکەیت**

**ڕۆمۆلۆس:من چیم هەیە بە ڕا بڵێم؟ ژنی ئازیزم**

**جولیا: پێویستە دەستبەجێ هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم سیزار ڕوپفە بکات.**

**ڕۆمۆلۆس: من ئێستائامادەم ڕۆم بە مشتێک دراوی زیو بفرۆشم.بەڵام هەرگیز بە بیرمدا نایەت کچەکەم فڕێ بدەمە ناو بیرەوە.**

**جولیا: ڕا بە ئامادەییەوە خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم.**

**ڕۆمۆلۆس: بە درێژایی مێژوو ئەوەندە قوربانیمان داوە بۆ نیشتمان، پێویستەئێستا وڵات خۆی لە پێناو ئێمەدا بکاتە قوربانی.**

**جولیا: ڕێمۆلۆس**

**زینۆ: ئەگەر کچەکەت شوو بەم کەسە نەکات دونیا لەناو دەچێت**

**ڕۆمۆلۆس: ئێمە لەناو دەچین، ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی تۆ وتت**

**زینۆ: دونیا خۆمانین.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێمە گوندنشینین، جیهانێک کە ناتوانین لێی تێبگەین،زاڵە بەسەرماندا.**

**زینۆ: پیاوێکی وەک تۆ مافی ئەوەی نەبووە ئیمپراتۆری ڕۆما بێت**

**(مشتێکی بە توندی دەداتە سەر مێزەکە و لە لای ڕاستەوە دەڕوات. لە لای چەپەوە پێنج باربر سکیزەڵ دەێنە ژوورەوە.)**

**باربری یەکەم: ئێمە هاتووین پەیکەرەکان ببەین.**

**ڕۆمۆلۆس: وەرە تکایە لە لای دیوارەکەن**

**باربری یەکەم: ئەمانە ئیمپراتۆرەکانن ،ئاگاداربە نەکەون بە عەرز دا چونکە یەکسەر دەشکێن.**

**(ژوورەکە پڕە لە باربرەکان کە پەیکەرەکان هەڵدەگرن.)**

**جولیا: ڕۆمۆلۆس، خەڵک نازناوی جولیای دایکی نیشتمانیان لێ ناونم و منیش شانازی بەم نازناوەوە دەکەم، ئێستاش بە ناوی دایکی نیشتمانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم، تۆ بە درێژایی ڕۆژ لەسەر مێزی نانی بەیانی دانیشتوویت، وە تەنها گرنگی بە مریشکەکانت دەدەیت، پەیامنێرکێ پەیامی هێناوە، قبوڵ ناکەیت، تۆ ڕەتدەکەیتەوە بانگەشەی هێزی سەربازی بەکەیت، ڕووبەڕووی دوژمن نابیتەوە، تۆ ناتەوێت کچەکەت شوو بەو تاکە کەسە بکات کە دەتوانێت ڕزگارمان بکات، کەواتە پێم بڵێ چیت دەوێت؟**

**ڕۆمۆلۆس: من نامەوێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕم جولیای ئازیز**

**جولیا: کەواتە لەوەی کە ژنی تۆم شەرم دەکەم**

**(لە لای ڕاستەوە دەردەچێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم قاپانە ببەنە دەرەوە، پیرامۆس، من نانی بەیانیم تەواو کردووە.**

**بە دەسماڵ دەمی دەسڕێتەوە، پیرامۆس مێزەکە هەڵدەگرێت دیباتە دەرەوە.)**

**ڕۆمۆلۆس، ئاو بهێنە، ئاشیل**

**(ئاشیل ئاو دەهێنێت، ڕۆمۆلۆس دەستەکانی دەشوات، سپۆریۆس تیتۆس ماما، لە دەرگای چەپەوە بەپەلە دێتە ژوورەوە).**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ئیمپراتۆرەکەم**

**(لەبەردەم ڕۆمۆلۆسدا ئەژنۆ دادەدات).**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ کێیت؟**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: سەرۆکی سوارە نیزام ،سپۆریۆس تیتۆس ماما**

**ڕۆمۆلۆس: چیت دەوێت؟**

**سپوریۆس تیتۆس، مامان: دوو شەوو ڕۆژ، ئەسپم غار داوە، لە پاڤیاوە بۆ ئێرە. حەوت ئەسپ لە ژێرنەڤیزی مندا گیانیان لەدەستدا. سێ تیر جەستەمی بریندار کرد تا گەیشتمە ئێرە. نەیانهێشت بێمە لات ئیمپراتۆرەکەم .فەرموو وەریبگرە ئیمپراتۆرەکەم. ئەمە دوا پەیامی فەرماندەی "ئۆرێستە"ی ئێوەیە پێش ئەوەی لە شەڕی دوژمندا بە دیل بگیرێت.**

**(نامەیەکی تەنک و چەرمیی بۆریی بۆ ڕۆمۆلۆس بەرز دەکاتەوە . ئیمپراتۆر ناجووڵێت).**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ بریندار و ماندوویت، سپوریۆس تیتۆس ماما، ئەم ژان و ئازارە بێکۆتایە بۆ چییە؟**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: بۆ ئەوەی ڕۆم زیندوو بمێنێتەوە**

**ڕۆمۆلۆس: ڕۆما لە مێژە مردووە.خۆت لە پێناو مردوویەکدا خۆت دەکەیتە قوربانی.بۆ سێبەرێک شەڕ دەکەیت.لەبەر گۆڕێکی وێرانە دەژیت. برۆ بخەوە سەرۆکی سوارەکان، زەمن قارەمانێتی تۆی کردووە بە پەیکەرێک بە ئاماژەیەکی بێماناوە**

**(بە شکۆمەندی هەڵدەستێت و لە دەرگای ناوەڕاستی شانۆکە دەردەچێت. سپوریۆس تیتۆس ماما، بە تەواوی سەرلێشێواوانە هەڵدەستێت. پاشان لەناکاو نامەکەی ئێڤرێست فڕێدەداتە سەر زەوی. دیخاتەژێر پێ و هاوار دەکات)**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: ڕۆم ئیمپراتۆرێکی ڕیسوا و فەزیحەی هەیە.**

# پەردەی دووەم

**کات: پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چارەنووسسازەی ٤٧٦ی ئازارە.**

**شوێن: ناو باخچەی بەردەم ڤێلای ئیمپراتۆر دەبینرێت.**

**هەموو شوێنێک بە موس و گژوگیا ئیڤی داپۆشراوە و لە هەموو لایەکەوە دەنگی جوجک و مریشک دەبیسترێت.**

**جارجارە - بە تایبەت کاتێک کەسێک دێت - چەند مریشکێک لە لایەکی شانۆوە بۆ لایەکی تر باز دەدەن، لە پشتەوەی دیمەنەکەدا بەشی پێشەوەی ڤێلا نیمچە وێرانە بە دەرگایەکەوە دەبینرێت کە بە پلیکانەیەک بە باخچەکەوە بەستراوەتەوە.**

**لەسەر دیوارەکان بە گچکە نووسراوە بژی کۆیلایەتی ،بژی ئازادی**

**هەرچەندە لە لای ڕاستی پێشەوەی شانۆکە، چەند کورسییەکی ڕەسەن - - کە ڕۆژانی باشتریان بەخۆوە بینیوە، جێگیرکراو.ەبەڵام سەرەڕای ئەمەش مرۆڤ هەست دەکات لە کولانە مریشکدایە.**

**جارجارە دوکەڵی ئەستوور کە لە بینایەکی کورتەوە دێتە دەرەوە دیمەنەکە پڕ دەکات**

**ڕەنگە سکرتاریەتەکە لە لای چەپەوە بێت بەجۆرێک کە دیواری ڕاستی ڕووی لە ڤێلاکە بێت،نائومێدی بێکۆتا لەم دیمەنە دەڕژێت و وەک ئەوە وایە سورەئیسرەفیل فووی کردبێت.**

**کەسانێک کە لە دیمەنەکەدان**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس، وەزیری ناوخۆ، لەسەر کورسییەک،**

**مارس وەزیری جەنگ لەسەر کورسییەکی دیکە، کە وەک دەزانین ئێستا گەیشتووەتە پلەی فیلد مارشال، بە تەواوی چەکدارە وە خەوی لێکەوتووە.نەخشەی ئیتالیا بەسەر ئەژنۆیدا بڵاوبووەتەوە.کڵاوخۆدی لەسەردایە.**

**سیری پشتی بە دیوارەکە بەستووە کە دروشمی ئەڵمانییەکانیش لەسەر نووسراوە.**

**سپوریۆس تیتۆس، ماما، لەکاتێکدا هێشتا پیس و بریندارە، بە ئازار و سەختییەوە لە ژێر دیواری سکرتاریەتدا دێت و دەڕوات. کەمێک کز دەبێتەوە و جارێکی تر بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن.**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ئەوندە ماندووم خەریکم دەمرم.وەختا بمرم.خەریکە بمرم..ماندووم**

**(چێشتلێنەرێک کە پێشبرکێیەکی سپی لەبەردایە و کڵاوێکی بەرزی لەسەردایە لە دەرگای ڤێلاکەوە دەێتە ژوورەوە).**

**شێف: بە شانازییەوە نانخواردنی ژەمی ئێوارەی ئەمشەو ڕادەگەیەنم، ئەمڕۆ کە ساڵڕۆژی کوشتنی قەیسەرە و یەکێکە لە ڕۆژەکانی ٤٧٦ی ئازار، شۆربای سەوزە و سێ مریشک دەبێت، کە سکی پڕ دەبێت لە قەستەنەی سورکراوە. بەپێی شێوازی گوندەکە دەکوڵێنرێت و دەخورێت.**

**(لەکاتی شاردنەوەی چەقۆکەی لە پشتیەوە، بە وریاییەوە لە لای ڕاستی شانۆکە دەردەچێت، مریشکەکان بە ترس و نائومێدیەوە گارەگار دەکەن).**

**شێف: جولیۆس، نێپۆس، ئێڤرێست، ڕۆمۆلۆس. بی بی بی بی....**

**(زینۆی ئاشووری لە لای چەپەوە دێتە ژوورەوە، وەستاوە و پێڵاوەکانی بە زەوی دا دەسڕێتەوە).**

**زینۆ: دیسان پێم ناوە بە سەر هێلکەدا، بەڕاستی لێرە جگە لە مریشک هیچ شتێک نادۆزیتەوە، پێڵاوەکانم بەتەواوی چەسپاو و زەرد بوون.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: بەخێوکردنی مریشک تاکە شتێکە کە ئیمپراتۆر خۆشی دەوێت**

**(پەیام نێرێک لەلای ڕاستەوە بەپەلە دێتە ژوورەوە).**

**پەیامبەر: ئەڵمانییەکان گەیشتنە ڕۆم، ئەڵمانییەکان گەیشتنە ڕۆم**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشی تر، بە درێژایی ڕۆژ ئەمە بۆتە بەزم و کاری ئێمە.**

**زینۆ: هۆکارەکەی ئەم مریشکە بازییە، هیوادارم ئیمپراتۆر ئێستا لە مەزارگەی دەربارەدا دوعا بۆ ڕەعیەتەکانی بکات.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئیمپراتۆری خەوتووە**

**زینۆ: ئێمە لێرە باوکمان دێنینە برچاومان بۆ ئەوەی شارستانیەت ڕزگار بکەین، ئەو کات ئیمپراتۆردەخەوێت؟ ئەم بۆنە سووتاوە چییە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: فایل وبەڵگەنامەکان دەسوتێنین**

**(وەک ئەوە وایە دونیا بەسەری دابڕوخێت).**

**زینۆ: تۆ... فایل وبەڵگەنامەکان دەسوتێنیت؟ بۆ چی؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: بەڵگەنامە ڕەسەن و بەنرخەکانی دەرباری ڕۆم نابێت هیچ شێوەیەک بکەوێتە دەستی ئەڵمانییەکان ،بۆ گواستنەوەشیان بۆ شوێنەکانی تر کێشەی دارایی هەیە .**

**زینۆ: هەر وا بە ئاسانی فایلەکان دەسوتێنی و بە کلک گوێز دەشکێنی ، وە باوەڕت بەو پرەنسیپە نییە کە چاکە لە کۆتاییدا سەردەکەوێت، ڕۆمی ڕۆژئاوا تا ئێسک ڕزیوە و ئیتر ڕزگاری نابێت، ڕۆحی تێدانەماوە.هیچ ئازایەتییەکی تێدانییە**

**(خزمەتکارکانی لە لای ڕاستەوە دەێنە ژوورەوە).**

**دوو خزمەتکار: ئیمپراتۆر**

**زینۆ: خزمەتکارەکانم لەکۆڵانە مریشکەکان هەڵاتوون.**

**((بە سەختی  تووشی شۆک بووە  و دوو خزمەتکارەکە دەستی دەگرن).**

**سولفوریدس: ئێستا دەبێت شیعرە کان پراکتیزە بکەین ،ئیمپراتۆر، بەڕاستی پێویستمان پێیەتی.**

**فۆسفۆریدۆس: زینۆی ئاشووری، دەتوانن، تکایە؟**

**زینۆ: داوای یارمەتی دەکەم ئەی خۆر...**

**گۆگردەکان: ئەی مانگ**

**زینۆ: ئەی مانگی درەوشاوەی گەردوون، لە شەوانی تاریکدا بە دوای نیعمەت و ڕەحمەتدا لێت نزیک بوومەتەوە، ئەمە ئەو مانگەیە کە.....**

**سولفوریدەکان: ئەوە خۆرە کە...**

**زینۆ: ئەوە خۆرە کە.... دیسان هێلکە...**

**(پێڵاوەکانی پاک دەکاتەوە و خزمەتکارکانی لە لای چەپەوە دەبیەنە دەرەوە).**

**سپوریۆس تیتۆس، ماما: سەد کاتژمێرە کە چاوم لێک نەناوە. سەد کاتژمێر**

**(دەنگی ترسناکی گارە گاری مریشکەکان دەبیسترێت. چێشتلێنەرەکە لە لای ڕاستەوە دەێتە ناو وە، پێشبرکێکەی بە خوێن پەڵە پەڵە بۆوە. بەهەر دەستێکەوە و مریشکێک ، ولە ژێر قۆڵی ڕاستیدا مریشکی سێیەم هەڵگرتووە.لە دەرگای ڤێلاکەوە دەچێتە دەرەوە.)**

**چێشتلێنەر:چێشتلێنەر: ئەمانەش پێیان دەوترێت مریشک؟!! مرۆڤ دەبێت لە چییەوە خواردن دروست بکات؟، هەرچەندە ناوی ئیمپراتۆرەکانیان لێنراوە،، بەڵام ئەوەندەکزن کە بەزەحمەت دەتوانیت شۆربایان پێ دروست بکەیت. ئێستا باشە کە قەستەرە دەڕێژینە ناو گەدەیان. هەرچەندە بەقەد نۆکێکە، لانیکەم شتێک هەیە  پیاوە بێکاتە سکی.**

**سپۆریۆس تیتۆس، ماما : ئیتر بەرگەی ژاوەژاوی ئەم مریشکانە ناگرم، لە ماندوێتی خەریکە دەمرم. خەریکە لە ماندوێتی بمرم. لە پاڤیاوە بۆ ئێرە سواری ئەسپ بووم، وە چەند خوێنم لەدەستداوە**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: بڕۆ بۆ پشتەوەی ڤێلاکە، لەوێ ژاوەژاوی مریشک  کەمترە**

**سپێریۆس تیتۆس، ماما : چوومە ئەوێ و شازادەم بینی کە مەشقی نواندن دەکات، ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵاتیش لە لای حەوزەکە مەشقی دەکرد.**

**مارس: بێدەنگ!**

**(دیسان خەوی لێ دەکەوێتەوە.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئەوەندە بە دەنگی بەرز قسە مەکەن**

**سپۆریۆس تیتۆس، ماما : من بەهۆی ماندوێتیەوە خەریکە دەمرم، ئەم دوکەڵەش خراپتر خەڵکی بێزار دەکات، ئەم دوکەڵە ڤێزەونە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس:  لانیکەم دابنیشە.**

**سپوریۆس تیتۆس، ماما : ئەگەر دابنیشێم، خەوم لێدەکەوێت.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: پێموایە خەوتن لۆژیکیترین شتە بۆ تان**

سپوریۆس تیتۆس ماما: من نامەوێت بخەوم، دەمەوێت تۆڵەی خۆم بکەمەوە.

(جەنەڕاڵ مارشال کە سەرکەوتوو نەبوو، جارێکی تربخەوێتە وە ، بە نائومێدی   هەڵدەستێت).

مارس: ئەمە بەو مانایەیە کە مرۆڤ نابێت لێرەدا بە سەلامەتی پلان دابنێت؟ کێشانی پلانی جەنگ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە چڕبوونەوەی هەستەکانەوە هەیە، هەروەک چۆن چڕکردنەوەی سەرنج لە نەشتەرگەریدا پێش بڕین و نەشتەرگەری پێویستە، بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیش  بە هەمان شێوە. هیچ شتێک زیاتر لە ژاوەژاو و مشتومڕی بێ بایەخ لە ناوەندی فەرماندەییدا زیان بە شەڕ ناگەیەنێت.

(بە تووڕەییەوە نەخشەکە لولە دەکاتەوە و کڵاوەکەی لە زەوی هەڵدەگرێت و دەچێتە لای دیوارەکە و قەڵغانەکە هەڵدەگرێت. کاتێک دەیبینێت سەرت سوڕدەمێنێت.)

مارس : کەسێک لەسەر قەڵغانەکەم دروشمی دوژمنی  نووسیوە و هەرئەم قۆڕیاتیش  لەسەر دیواری ماڵەکەم نووسراوە.

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: خزمەتکاری سویسری ئەمەی کرد

مارس : پێویستە دادگایەکی سەردەمی جەنگ پێکبهێنرێت

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئێمە کاتمان نییە بۆ ئەمە، گراند مارشاڵ

مارس : ئەمە تێکدەرانەیە

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: سەربازمان نییە.   دەبێت کەسێکیش یارمەتی سەرۆکی ڕێورەسمەکان بدات لە کۆکردنەوەدا

مارس : باشە تۆ یارمەتی بدە ،وەزیری ناوخۆ   ئەگەر ئەم کارە نەکات، ئەوا سوودی چییە؟

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: دەبێت هۆکاری یاسایی بدۆزمەوە بۆ گواستنەوەی کورسی حکومەت بۆ سیسیلیا

مارس : هیوای سەرکەوتنت لەدەستداوە. بەڵام من لە ژێر کاریگەری ئێوەدا نیم، بارودۆخی شەڕەکەمان سەعات بە سەعات لەبارتر دەبێت و هێواش هێواش لە شکست دەردەچین، هەرچەند ئەڵمانییەکان بوێرن و بچنە ناو نیمچە دورگەی بەیان، زیاتر لە بنبەستێکدا گیردەخۆن و... پاشان دەتوانین لە دوورگەکانی سیسیل و کرێس،    بە سادەیی باوکیان بێنینە پێش چاویان.

سپوریۆس تیتۆس ماما: پێش هەموو شتێک ئیمپراتۆر........

مارس : بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بدۆڕێین چونکە ئەڵمانییەکان کەشتی جەنگییان نییە و ناتوانن هێرش بکەنە سەرمان.مادام کە لە دوورگەکەداین.

تیتۆس ماما: بەڵام ئێمەش کەشتی جەنگیمان نییە، بۆیە دوورگەکەش هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نییە، چونکە ئێمەش ناتوانین هێرش بکەینە سەر ئەڵمانییەکان کە لە ئیتاڵیادان.

مارس : باشە، کەواتە یەکێک  دروست دەکەین

سپۆریۆس تیتۆس ماما:   دروستی دەکەین؟ حکومەت ئیفلاس بووە

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: با دواتر ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئێستا کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە کە چۆن خۆمان بگەینە دوورگەی سیسیلیا.

مارس : کەشتییەکی سێ قات داوا دەکەم

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: کەشتییەکی سێ مەستەڵ؟  ناتوانین بیکرین، زۆر گرانە، تۆ گەر توانیت بەلەمێکی کۆنیش بەدەست بهێنە

**مارس : خۆ من دەڵاڵی کەشتی نیم.قوربان**

**مارشال: (لەناکاو بەئاگابوون و خەوتندا بە کۆسپەوە دەچێتە ناو ڤێلاکە.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: فەرموون! نەمگوت جەنەڕاڵ مارشال لە خەو هەڵدەستیت؟**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: من خەریکەلە ماندوێتی دەمرم.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: خۆزگە لانیکەم ڤێلایەک لە سیسیلیا بدۆزینەوە کە کرێکی زۆر گران نەبێت .**

**(دەنگی مریشکەکان دەبیسترێت، ئیمیلیان بە جل و بەرگی دڕاوەوە لە لای چەپەوە دێتە ژوورەوە. کز و رەنگ زەردە. سەیری دەوروبەری دەکات).**

**ئیمیلیان: ئایا ئەمە ڤێلای ئیمپراتۆرە؟**

**(وەزیری ناوخۆ بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم کەسایەتییە ترسناکە دەکات).**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: تۆ کێیت؟**

**ئیمیلیان: شێخێک**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: چیت دەوێت؟**

**ئیمیلیان: ئیمپراتۆر باوکی هەموومانە. وا نییە؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: باوکی هەموو نیشتمانپەروەران.**

**ئیمیلیان: منیش نیشتمانپەروەرم و هاتووم سەردانی ماڵی باوکم بکەم**

**(جارێکی تر سەیری دەوروبەری دەکات.)**

**ئیمیلیان: کۆشکێکی مریشکی بۆگەن، ماڵێکی لادێی پیس، سکرتێرێک لە لای حەوزەکە، پەیکەرێکی شکاوی ڤینۆس، مۆس ئایڤی، ژێر هەموو شوێنێکی چیمەنەکەدا پڕ لە هێلکە، منیش پێم لەچەند دانەیەکیان نا ، دەبێ لە گۆشەیەکەدا ئیمپراتۆرێکیش خڕپ وهۆڕ دەکات**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: خێرا گۆڕت لێرە وون کە، وە ئەگەرنا فەرمان دەکەم پاسەوان بێت.. ئێستا لەسەر چیمەنکە مەشق دەکات.**

**ئیمیلیان: لەسەر چیمەن خەون دەبینێت بە دەنگی چرپەی باڵندە، خەوی لێکەوت، نابێت ئەم دیمەنە ئاسمانییە تێکبدەین.**

**(شاژن لەبەردەم دەرگاکەدا دەردەکەوێت).**

**جولیا: ئەبیوس ئەبیوس، کەس لە ئێوە سەرۆکی ڕێوڕەسمەکانی نەبینیوە؟**

**ئیمیلیان:دایکی نیشتمان**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: مەگەر ئابی یارمەتیت نادات لە داخستنی بارەکاندا،گەورەم؟**

**جولیا: لە بەیانییەوە نەدۆزراوەتەوە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئەوا دەبێ هەڵاتبێت**

**جولیا: ئەڵمانیی ئاسایی**

**(شاژن دیسان ون دەبێتەوە).**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: لە کاتێکدا ئێستا ڕۆمەکان ڕادەکەن.**

**(مارشال بۆ ساتێک بە توورەییەوە دە یتە ژوورەوە. بەڵام دواتر نوقم دەبێتەوە لەسەر کورسیەکەی، لەناکاو، بۆ ئەوەی نەخەوێت، باز دەدات و بە نائومێدیەوە دەست دەکات بە ڕاکردن. ئیمیلیان لەسەر کورسییەکەی مارشال دادەنیشێت).**

**ئیمیلیان: ئایا تۆ وەزیری ناوخۆ تولیۆس ڕۆتۆندۆسی؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: من دەناسیت؟**

**ئیمیلیان: شەوانی هاوین زۆر پێکەوە نانمان خواردووە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: بیرم نییە.**

**ئیمیلیان: ڕاست دەکەیت، لەو کاتەوە ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی لەناوچووە**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئەوا لانیکەم پێم بڵێ لە کوێوە هاتوویت.**

**ئیمیلیان: من بە تەواوی لە جیهانی ڕاستەقینەوە هەنگاوم ناوە بۆ جیهانی گاڵتەجاڕانەی ئەم پایتەختە.**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: من دەمرم، لە ماندوێتی دەمرم**

**(جارێکی تر ژاوەژاوی مریشکەکان - مارس لە ڤیلا گەڕاوەتەوە.)**

**ئازار: داری مارشالێکەم بەجێهێشتووە.**

**ئیمیلیان: تکایە.**

**(دارەکەی مارشال کە لەسەر زەوی لە تەنیشتیدایە هەڵدەگرێت و دەدات بە مارشال . مارس جارێکی تر بە کۆسپەوە دەچێتە ناو ڤێلاکە. )**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: تێدەگەم کە تۆ پیاوێکی ئازایت و لە هێڵی پێشەوە گەڕایتەوە. خوێنت بۆ نیشتمان ڕشتووە، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟**

**ئیمیلیان: ئایا دەتوانن ڕێوشوێن دژی ئەڵمانییەکان بگرنەبەر؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لە ئێستادا کەس ناتوانێت کارێکی ڕاستەوخۆی وا بکات،بەرخۆدانی ئێمە بۆ داهاتوو پلانی بۆ دانراوە، پەلەکردن کاری شەیتانە.**

**ئیمیلیان: کەواتە تۆش ناتوانی هیچم بۆ بکەیت.**

**(هەندێک کەس کە جانتایان هەڵگرتووە لە دەرگای ڤێلاکەوە دە ێنە ژوورەوە.)**

**بارەبەری یەکەم: جانتاکانی شاژن بۆ کوێ ببەین؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لا ی ڕووبارکە**

**(بارەبەرەکان جانتاکان هەڵدەگرن، کە پەڕۆیەکیان بە هەموویانەوە بەستراوەتەوە. لە کاتی نمایشکردنی دیمەنی داهاتوودا، هەندێک جار بارەبەر دەبینرێت).**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: سەردەمێکی تاڵە و کاتێکی خەمناکن، بەڵام سەرەڕای ئەمە، سیستەمی دادوەری باش ڕێکخراوە بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ،کە ئێستا بەهۆی بەهای ڕاستەقینەی و ڕەسەنایەتییەکەیەوە، بە سەختترین قەیرانەکاندا تێدەپەڕێت، شارستانیەتی درەوشاوەی ئێمە دواجار شکست بە ئەڵمانییەکان دەهێنێت.**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: خەریکە لە ماندوێتی دا دەمرم**

**ئیمیلیان: حەزت لە هۆراسە؟ بەپێی باشترین شێوازی نووسینی ئیتاڵی دەنووسیت؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: من پارێزەرم.**

**ئیمیلیان: من هۆراسم خۆشدەویست، بە باشترین شێوازی نووسینی ئیتاڵی نووسیومە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: تۆ شاعیری؟**

**ئیمیلیان: من کەسێکی خوێندەوار و شارستانی بووم**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: پاشان دوو بارە بنووسە. دوو بارە شیعربخوێنەوە، هەمیشە ڕۆح بەسەر جەستەدا سەردەکەوێت.**

**ئیمیلیان: لە جێگایەکەوە هاتووم، هەمیشە جەستە بەسەر ڕۆحدا سەردەکەوێت.**

**(مریشکەکان دیسانەوە گارە گار و باڵە پەڕژێ دەکەن، لە لای ڕاستەوە بە دیواری ڤێلاکەدا ڕاڵە گەڵ فیلاکسی ئەکتەر دەێنە سەر شانۆ.)**

**ڕا: ئەی هاونیشتیمانیان**

**گەشتێکی بێ گەڕانەوە دەست پێدەکەم**

**سەیری تیشکی خۆر دەکەم**

**وە ئەمە هەرگیز دووبارە نابێتەوە.**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ئێستا ناتوانم گوێ لە دەقی کلاسیک بگرم، ئەگەرنا خەوم لێدەکەوێت.**

**(تلاوتل لە لای چەپەوە دەردەچێت.)**

**فیلاکس: بەردەوام بە، شازادە ورووژێنەرتر و دراماتیکتر**

**ڕا:خودای بێدەنگ مردنم دەدزێت.**

**بۆ ئەوەی لە بەربەستی دۆزەخدا شوێنم بۆ بکاتەوە**

**وە پێش ئەوەی گوێم لە گۆرانییەکانی زەماوەند بێت**

**وە بڵێسەی مەشخەڵەکان ببینم**

**تاریکی منی داپۆشیوە**

**وە بووکی خودا**

**فیلاکس: وە من دەبمە بووکی پەروەردگاری مردن.**

**ڕا: وە من دەبمە بووکی پەروەردگاری مردن.**

**فیلاكس: دڵتەنگتر، نهێنیتر، ڕیتمیكتر،شازادە دەبێت فەغانەكەت زیاتر دەروونی تر بێت، ڕۆحی زیاتر لەم شتە بێت، ئەگینا كەس ئامادە نابێ پارە بدات بۆ گوێگرتن لەم شیعرە ئەبەدییانە، بینەر دەتوانێت هەست بكات كە تۆ هێشتا وێنەیەكی ڕاستەقینەی... خودای مردنت لە مێشكدا نییە، تۆ وەک بوونێكی خەیاڵی باسی دەكەیت، لە دەروونەوە هەستت پێ نەكردووە، بۆ تۆ، هێشتا مانای ئەدەبیاتی هەیە، وەرنەگێردراوە بۆ واقیع. داوای لێبوردن دەكەم. زیاترسەرنج بدە.... من دەبمە بووكی پەروەردگاری مەرگ.**

**ڕا: وە من دەبمە بووكی پەروەردگاری مەرگ.**

**فیلاكس: ئای نیشتیمانم**

**ڕا: ئای نیشتیمانم، بۆ شێتم دەكەیت؟**

**بۆ گاڵتەم پێ دەكەیت؟**

**ئاە هاوشاریانی دڵخۆشم**

**من شایەتحاڵی دەدەم**

**كە ئەمڕۆ بەبێ ڕشتنی فرمێسكی خۆشەویستی.**

**لەو گۆڕە نامۆیەی كە بۆم ئامادە كراوە.**

**نە لە ئەژماری زیندووان**

**نە لە ئەژماری مردووان نابم.**

**فیلاكس: نە لە ئەژماری زیندووان و نە لە ئەژماری مردووان دام. هەست بە خاڵە دڵتەزێنەكەی كەیسەكە بكە، شازادە هەست بە ئەم خەم و ماتەمینییە بێكۆتایە بكە، باش دووبارەی بكەرەوە، بیبینم، نە لە ئەژماری زیندووان...**

**ڕا: نە لە ئەژماری زیندووان و نە لە ئەژماری مردووان دام**

**(ئیمیلیان هەستاوە و لەبەردەم شازادە وەستاوە كە شیعر دەخوێنێتەوە. شازادە بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەم جنۆكە دەكات).**

**ڕا: چیت دەوێت؟**

**ئیمیلیان: تۆ كێیت؟**

**ڕا: سەرەتا دەبێت بپرسم تۆ كێیت.**

**ئیمیلیان: من ئەوە مرۆڤم كە دوای گەڕانەوە لەو شوێنەی كە چوومەتە ئەوێ دەمێنێتەوە ، تۆ كێیت؟**

**ڕا: من ڕا كچی ئیمپراتۆرم**

**ئیمیلیان: ڕا.. كچی ئیمپراتۆر..من تۆم نەناسیەوە... تۆ جوانیت، بەڵام ڕووخسارتم لەبیر كردبوو.**

**ڕا: ئێمە یەكتر دەناسین؟**

**ئیمیلیان: پێموایە دەتوانم ناسیاویمان وەبیر بێنمەوە**

**ڕا: تۆ خەڵكی ڕاڤێنایت؟ ئێمە لە منداڵیدا یاریمان لەگەڵ یەكتر دەكرد؟**

**ئیمیلیان: كاتێک مرۆڤ بووم پێكەوە یاریمان دەكرد**

**ڕا: ناتەوێت ناوی خۆتم پێ بڵێیت؟**

**ئیمیلیان: ناوم لەسەر دەستی چەپم نووسراوە**

**ڕا: کەواتە دەستی خۆتم پیشان بدە**

**ئیمیلیان: (دەستی چەپی درێژ دەکاتەوە.)**

**ڕا: دەستت زۆر ترسناکە**

**ئیمیلیان: دەتەوێت بیشارمەوە؟**

**ڕا: ناتوانم سەیری بکەم**

**(دەموچاوی وەردەسوڕێنێت.)**

**ئیمیلیان: کەواتە هەرگیز نازانیت من کێم.**

**(دیسان دەستی دەشارێتەوە.)**

**ڕا: ئەوا دەستی خۆتم پێ بدە**

**(ڕا: دەستی درێژ دەکات، ئیمیلیان دەستی چەپی دەخاتە ناودەستی.)**

**ڕا: ئەڵقەی ئیمیلیان**

**ئیمیلیان: ئەڵقەی دەستگیرانی تۆ**

**ڕا: دەزگیرانەکەم مردووە**

**ئیمیلیان: لەناوچووە.**

**ڕا: هەندێک بەشی ئەم ئەڵقەیە بە گۆشت داپۆشراوە**

**(چاوی لەو دەستەیە کە دەستی گرتووە.)**

**ئیمیلیان: ئەم ئەڵقەیە لەگەڵ گۆشتی جەستەی ڕیسواکراوەکەمدا تێکەڵ بووە**

**ڕا: ئیمیلیان، تۆ ئیمیلیانیت**

**ئیمیلیان: من ئیمیلیان بووم**

**ڕا: ئیمیلیان، ئیتر ناتناسم.**

**(چاوی لێ دەکات.)**

**ئیمیلیان:هەرگیز من ناناسیتەوە، من لە دیلێتی ئەڵمانییەکان گەڕاومەتەوە، کچی ئیمپراتۆر**

**(ماوەیەک سەیری یەکتر دەکەن.)**

**ڕا: سێ ساڵە چاوەڕێی تۆم**

**ئیمیلیان: سێ ساڵ زیندانی ئەڵمانیا وەک ئەبەدیەتێک وایە، کچی ئیمپراتۆر، نابێت ئەوەندە چاوەڕێی کەسێک بکەیت.**

**ڕا: وە ئێستا هاتووی، با پێکەوە بچینە ماڵی باوکم**

ئیمیلیان: ئەڵمانییەکان دێن

ڕا: ئێمە دەزانین

ئیمیلیان: دیی ئەوە بڕۆ چەقۆیەک بێنە

(شازادە بە ترسەوە سەیری دەکات.)

ڕا: مەبەستت چییە؟ ئیمیلیان

ئیمیلیان: مەبەستم ئەوەیە ژنیش دەتوانێت بە چەقۆ شەڕ بکات

ڕا: ئیتر پێویست ناکات شەڕ بکەین، سوپای ڕۆما شکستخواردوو هیچ سەربازێکمان نەماوە

ئیمیلیان: سەربازیش مرۆڤە و مرۆڤ دەتوانێت شەڕ بکات، هێشتا لێرە خەڵک زۆرن، ژن، کۆیلە، پیرە پیاو، منداڵ، وەزیر، بڕۆ چەقۆیەک بێنە.

ڕا: ئیمیلیان ئەمە بێمانایە، دەبێت تەسلیم بە ئەڵمانییەکان بین

ئیمیلیان: سێ ساڵ پێش ئێستا ناچار بووم خۆم تەسلیم بە ئەڵمانییەکان بکەم، کچی ئیمپراتۆر، بەڵام چییان لێکردم؟ بڕۆ چەقۆیەک بێنە

ڕا: سێ ساڵ چاوەڕێی تۆ بووم، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، کاتژمێر بە کاتژمێر، ئێستا لێت دەترسم.

ئیمیلیان: وە ئێستا دەبمە بووکی پەروەردگاری مردن. ئایا ئەمە هەمان شیعر نییە کە خوێندووتەوە؟ ئێستا قسەکانت هاتنە دی، بڕۆ چەقۆیەک وەربگرە، بڕۆ، بڕۆ

ڕا: (پەنا دە باتە ماڵەوە..)

فیلاکس: شازادە، هێشتا وانەکەمان تەواو نەبووە، نەگەیشتووینەتە لوتکە، ئەڵقەیەکی نایاب دەربارەی پەروەردگاری مەرگ هێشتا یەکێکە لە جوانترین پارچە ئەدەبیاتی کلاسیک.

ڕا: ئیتر پێویستم بە ئەدەبیات نییە، ئێستا دەزانم پەروەردگاری مەرگ کێیە

(لە دەرگای ڤێلاکەوە دەچێتە ناو ماڵەکەوە. فیلاکس بە دوایدا ڕادەکات.)

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: مارکوس جونیۆس ئیمیلیانۆس، کە لە دیلێتی ئەڵمانییەکان گەڕاوەتەوە، زۆر دڵتەنگ بووم.

ئیمیلیان: کەواتە یەکسەر بچۆ بۆ بەرەی پێشەوە، ئەگینا ناخۆشیەکەت تەنها نمایشێکە

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: هاوڕێی ئازیزم، دەبێ زۆر قورس بووبێت بۆ تۆ و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە ڕێزمان بپارێزین، بەڵام نابێت وا بیر بکەیتەوە کە لە پایتەختدا بۆ ئێمە قورس نەبوو، سەختترین کات بۆ سیاسەتمەدار کاتێکە کە لە گۆشەیەک دادەنیشێت و یەک لە دوای یەک هەواڵی ناخۆش وەردەگرێت.وە ناتوانێت هیچ بکات

(پەیامنێرێک لە لای چەپەوە بەپەلە دێتە ژوورەوە.)

پەیامنێر: جوڵەی ئەڵمانییەکان لە ئۆریا ئاپیا بەرەو باشوور.. جوڵەی ئەڵمانییەکان لە ئۆریا ئاپیا بەرەو باشوور.

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: فەرموو، بەرەو باشوور ، ڕاستەوخۆ بەرەو ئێمە دێن، هێشتا هەواڵە ناخۆشەکەی پێشوو لە مێشکم دەرنەچووە هەواڵێکی ناخۆشی نوێ دێت.

مارس:( لەبەردەم ڤێلاکەدا دەردەکەوێت.)

**مارس: لە ژێر حەوت ئاسمانی خودادا یەک کەشتیش نادۆزرێتەوە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لە بەندەری ناپۆلی یەکێکیان هەیە.**

**مارس: خۆی ڕادەستی ئەڵمانییەکان کرد**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: دەستم بە داوێنت مارشاڵ گیان،دەخیلت بەم، ئەمان سەد ئەمان، بەهەمووومان دەبێت کەشتی بەدەست بهێنین**

**مارس: دەچم بزانم بەلەمێکی ماسیگرتن دەدۆزمەوە؟**

**( دیسان دەڕوات، وەزیری ناوخۆ تووڕە دەبێت.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریەتێک لە دوورگەی سیسیلیا. من پلانێکم بۆ چاکسازی گشتی و پلانێکم داناوە بۆ دامەزراندنی بیمەی کەمئەندامی بۆ کرێکارانی بەندەر، بەڵام ڕوونە کە ئەم پلانانە کاتێک کە بتوانین ئامرازێکی سەفەر بدۆزینەوە، کردەیین.**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ئەم بۆنە سووتانە، ئەم بۆنە بۆگەنەی سووتانە**

**(ژاوەژاوی مریشکەکان سیزار ڕوپفلە لای چەپەوە دەچێتە ژوورەوە.)**

**سیزار ڕوپف: بەڕێزان، هیوادارم بە ئارامییەکی تەواوەوە ،سارد وەک سەهۆڵ درکتان پێکردبێت کە لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، تەنانەت فەلەسێکیش چیتر بەهای نابێت، جگە لە ئیفلاسی ئابووری ،هەروەها ئیفلاسی سەربازیشی پێوە زیاد کراوە، ئیمپراتۆریەتی ڕۆم چیتر توانای ئەوەی نییە بە تەنیا بەڕەی لە ئاو دەربهێنێت.**

**ئیمیلیان: تۆ کێیت؟**

**سیزار ڕوپف: سیزار ڕوپفخاوەنی بازرگانی نێودەوڵەتی ڕۆیفە، بەرگ د ووری پانتۆڵ و جلیقە**

**ئیمیلیان: چیت دەوێت؟**

**سیزار ڕوپف: وەک ڕۆژ بۆ هەرنیمچە سیاسەتمەدارێکیش ڕوونە کە ڕۆما کاتێک ڕزگاری دەبێت کە من چەند ملیۆنێک خەرج بکەم! سەرکەوتن و بەختەوەری یان لەناوچوونی دونیا، یان بە بووکێکەوە دەگەڕێمەوە ماڵەکەم، یان ئیمپراتۆریەتەکە دەچێتە لای باوکی.**

**ئیمیلیان: ئێرە چی ؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئێدقا کێر ڕازی بوو دە ملیۆن وەربگرێت و ئیتاڵیا چۆڵ بکات، ئەم بەرگ درووە ئامادەیە ئەم برە پارەیە بدات.**

**ئیمیلیان: بە چ مەرجێک؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ شازادە بکات**

**ئیمیلیان: شازادە ئاگادار بکەرەوە.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس:**

**ئیمیلیان: وە شاندی حکومەتەکەت بهێنە ئێرە.**

**(وەزیری ناوخۆ دەچێتە ناو ڤێلاکە.)**

**ئیمیلیان: ئێستا وەڵامی پێشنیارەکەت دەست دەکەوێت، بازرگانی پانتۆڵ**

**(سەرۆکی سوارەکان لە لای ڕاستەوە  بۆ لای چەپ دەڕوات.)**

**سپۆریۆس تیتۆس ماما: سەد سەعات نەخەوتووم، لە ماندویَتی دا دەمرم، خەریکەلە ماندوێتی دا بێهۆش دەبم**

**(لە دەرگای ڤیلا ڕا ، تولیۆس ڕۆتۆندۆس، زینۆ، مارس، فۆسفۆریدوس سولفوریدس، چێشتلێنەرەکە و چەند پاسەوانێک دەردەکەون.)**

**ڕا: تۆ وتت بانگم  بکەن ئیمیلیان؟**

**ئیمیلیان: پێم وتبوون بانگت بکەن. وەرە   تەنیشتمەوە**

**(ڕا: هێواش هێواش لە ئیمیلیان نزیک دەبێتەوە.)**

**ئیمیلیان: سێ ساڵ چاوەڕێی من بوویت کچی ئیمپراتۆر؟**

**ڕا: سێ ساڵ، ڕۆژ بە ڕۆژ، شەو بە شەو، کاتژمێر بە کاتژمێر.**

**ئیمیلیان: خۆشت دەوێم؟**

**ڕا: خۆشم دەوێی**

**ئیمیلیان: بە هەموو دڵەوە؟**

**ڕا: بە هەموو دڵمەوە**

**ئیمیلیان: ئامادەی هەرچییەک داوای بکەم بیکەیت؟**

**ڕا:  هەرچیت بوێت دەیکەم**

**ئیمیلیان: تەنانەت چەقۆش هەڵدەگریت؟**

**ڕا: ئەگەر بتەوێت چەقۆش هەڵدەگرم**

**ئیمیلیان: خۆشەویستیت ئەوەندە گەورەیە کچی ئیمپراتۆر؟**

**ڕا: خۆشەویستی من بۆ تۆ بێ سنوورە، ئیتر ناتناسم، بەڵام خۆشم دەوێیت، لێت دەترسم، بەڵام خۆشم دەوێیت،**

**ئیمیلیان: دی شوو بە ئەم سک  گەورەیە بکە و منداڵێکی   بۆ دروست بکە.**

**(سیزار ڕوپف نیشان دەدات.)**

**زینۆ: لە کۆتاییدا کەسێک دۆزرایەوە کە خەڵکی ڕۆمای ڕۆژئاوابێ و داناش بێ**

**دەربارەکان: شووی پێ بکە شازادە، شووی پێ بکە**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: خۆت فیدای وڵاتەکەت بکە کچم**

**(هەمووان بە هیوایەکی زۆرەوە چاوەڕێی دەکەن)**

**ڕا: جێت بهێڵم؟**

**ئیمیلیان: وازم  لێ بێنە**

**ڕا: کەسێکی ترم خۆش بوێت؟**

**ئیمیلیان: پێویستە کەسێکت خۆش بوێت کە بتوانێت وڵاتەکەت ڕزگار بکات**

**ڕا: ئاخە من تۆم خۆشم دەوێی**

**ئیمیلیان: هەر بۆیە جێت دەهێڵم بۆ ئەوەی ڕۆما بتوانێت بژی.**

**ڕا: تۆ دەتەوێت منیش شەرمەزار بکەیت بە هەمان شێوەی خۆت شەرمەزار کرد ئیمیلیان**

**ئیمیلیان: دەبێت ئەوەی پێویست بێت بیکەین، ئیتاڵیا بەهۆی شەرمەزاریی ئێمە ئاو دەدرێت، ئیتاڵیا دەسەڵات بەدەست دەهێنێتەوە.**

**ڕا: ئەگەر منت خۆش بوێت، ناتوانی چاوەڕوانییەکی وا لە من هەبێت**

**ئیمیلیان: تەنها دەتوانم چاوەڕوانی ئەمە لە تۆ بکەم. چونکە تۆ منت خۆشدەوێت**

**(ڕا: بە ترسەوە سەیری دەکات.)**

**ئیمیلیان: گوێرایەڵ بە کچی ئیمپراتۆر، خۆشەویستیت بێ سنوورە**

**ڕا: من گوێرایەڵی دەبم.**

**ئیمیلیان: تۆ دەبیتە هاوسەری.**

**ڕا: من دەبمە هاوسەری**

**ئیمیلیان: کەواتە دەستت بدە بەم بازرگانە پانتۆڵە**

**(ڕا وا دەکات)**

**ئیمیلیان: بەم شێوەیە ئێستا دەستی تاقانە کچەکەی ئیمپراتۆر گرتووە سیزار ڕوپف.. تاجە گوڵینەیەکی ئیمپراتۆری لەسەر سەری گوێدرێژێکی زێرین دانرا. چونکە لەم ڕۆژانەدا زەمەن وا بووە کە لەبەردەم ئەو تاوانە سەرسوڕهێنەرانەی کە دژی مرۆڤایەتی دەکرێت، بە فەزیلەت و تەقوا دادەنرێت.**

**(سیزار ڕوپفسەرسامە.)**

**سیزار ڕوپف: جەناب باوەڕت بێ کە ئەم فرمێسکانەم وەک زێر پاکن. لە ڕێگەی ئەم بەستەرەوە بازرگانی نێودەوڵەتی ڕۆیف گەیشتە لوتکەیەک کە کەس تا ئێستانەگەیشتبوو.**

**(ستوونێکی ئەستووری دوکەڵ دەێتە ناو دیمەنەکەوە.)**

**مارس: ئیمپراتۆریەت ڕزگاری بوو**

**چێشتلێنەر:ڕۆژئاوا جێگیر مایەوە .وەک ڕێزێک بۆ ئەم کاتژمێرە خۆشە سەری فلاویر دەبڕم.**

سولفوریدس و فسفۆر یدۆس،: شیعری سەرکەوتنی ئیمپراتۆر،

(هەردووکیان لە گەڵ زینۆ پێکەوە گۆرانی دەڵێن: بیزەنتین، شادبە، تۆ سەرکەوتنت بەدەستهێنا.

ناوبانگت زیاتر بوو.

ڕووناکی گەشاوەت گەیشتە ئەستێرەکان.

ئەوە ئیمانی ئێمە بوو

ئەوە هیوای ئێمە بوو.

موعجیزەیەک بوو.

وە ئێمە ڕزگارمان بوو.

تولیۆس ڕۆتۆندۆس: دەستبەجێ کەیسی سووتانەکان بوەستێنە!

دەنگی ئاشیل: ئیمپراتۆر

(دوکەڵەکە کەم دەبێتەوە و ڕۆمۆلۆس لەبەردەم دەربارەکانیدا دەردەکەوێت. لە پشتیەوە ئاشیل و پیرامۆس دەبینرێن. بێدەنگی.)

ڕۆمۆلۆس: لە کۆشکی من دا هەواڵایەک هەیە. دەتوانم هۆکاری ئەم هەموو خۆشی و ژاوەژاوە بزانم؟

(بێدەنگی.)

ئیمیلیانۆس: بەخێر بێیت ئیمپراتۆری خواردنە خۆشەکان، سڵاو لە تۆ قەیسەری مریشکەکان، سڵاو لە تۆ کە سەربازەکان ناویان ناوە ڕۆمۆلۆسی بچووک .

(ئیمپراتۆر بە وردی سەیری ئیمیلیان دەکات.)

ڕۆمۆلۆس: تۆ ئیمیلیانی، دەزگیرانی کچەکەمیت

ئیمیلیان: تۆ یەکەم کەسیت کە من دەناسیتەوە ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس، تەنانەت کچەکەت منی نەناسیەوە

ڕۆمۆلۆس: گومان لە خۆشەویستیەکەی مەکە، تەنها پیاوی پیرە چاوی تیژە، بەخێر بێیت ئیمیلیان

ئیمیلیان: قیبلەی عالەم، لێم ببورە کە ڕەنگە وەک هەمیشە نەتوانم وەڵامی سڵاوتان بدەمەوە، ماوەیەکی زۆرە لە زیندانی ئەڵمانییەکان دابووم و داب و نەریتی ئێستای دەربارەکەتم لەبیرچووە، بەڵام بێگومان ڕابردوو مێژووی ڕۆما لەم بابەتەدا یارمەتیدەرم دەبێت. ئیمپراتۆرانێک بوون کە ئەوانی تر لە کاتی سڵاو کەردن،پرسیاریان دەکەرد ئایا تۆ سەرکەوتنت بەدەستهێنا؟ یان بە کەسانی تریان وتووە تۆ باش کوشتارت کرد؟ وە بەم شێوەیە دەبێ پێت بڵێن ئایا ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس باش خەوتووی؟

ئیمپراتۆر:( لەسەر کورسییەک لە تەنیشت دەرگاکە دادەنیشێت و ماوەیەک سەیری ئیمیلیان دەکات.)

ڕۆمۆلۆس: جەستەت دیاگرامی بێبەشی و پێویستییە ، لە برسێتیدا زۆر ئازارت چەشتووە

ئیمیلیان: من برسی بووم و تۆش تێر و پر بوویت

ڕۆمۆلۆس: دەستەکانت دەبینم، ئەشکەنجە دراویت.

ئیمیلیان: ئەشکەنجە دارم و کۆلانەکەت گەشەی سەند.

**ڕۆمۆلۆس: تۆ بێ هیوای**

**ئیمیلیان: من لە زیندانی ئەڵمانییەکان دەرچووم، ئیمپراتۆری ڕۆم ،بە پێ پیادە هاتمە لات ئیمپراتۆری گەورە، هەموو ئەو وڵاتە فراوان و بێکۆتایەدا تۆم ژێر پێ خست.هەنگاوبەبۆ هەنگاو،شەقاوبەشەقاو،بست بە بست،من سەیری هەموو ئیمپراتۆریەتەکەتم کرد قیبلەی عالەم.**

**ڕۆمۆلۆس: لەوەتەی بوومەتە ئیمپراتۆر، بنگلۆکەم بەجێنەهێشتووە، باسی ئیمپراتۆریەتەکەمم بۆ بکە، ئیمیلیان.**

**ئیمیلیان: جگە لە دۆڵێکی وێرانەی ترسناک هیچی ترم نەبینی**

**ڕۆمۆلۆس: باسی میڵەتەکەمم بۆ بکە.**

**ئیمیلیان: شەڕخوازەکان لە چنگی ئیستغلالکاراندا یاگیراون یا بوونەتە بەکرێگیراو، بوونەتە ئامانجی پێکەنین و گاڵتەجاڕی سەربازە ئەڵمانییەکان.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمانە بۆ خۆشم دەمزانی .**

**ئیمیلیان: چۆن دەزانی ئیمپراتۆری ڕۆم، لەکاتێکدا هەرگیز نەتبینیوە؟**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا وەرە بچینەوەماڵەکەم، کچەکەم ساڵانێکە چاوەڕێی تۆیە.**

**ئیمیلیان: چیتر شایەنی ئەوە نیم لەگەڵ کچەکەتدا پەیوەندی بکەم، ئیمپراتۆری ڕۆم**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ ناشایستە نیت، بەڵکو بەدبەختیت.**

**ئیمیلیان:دڵتەنگم، ئەڵمانییەکان ناچاریان کردم بەو زنجیرە خوێناوییە پیسەی بە ملمەوە بوو وەک ئاژەڵ بە ڕووتی لەسەر زەوی بخزێم.**

**مارس: تۆڵەکردنەوە**

**ڕا: ئیمیلیان**

**(قۆڵەکانی لە جەستەی دەزگیرانەکەی دەپێچێت .)**

**ئیمیلیان: من ئەفسەرێکی ڕۆمییم، شەرەف وکەرامەتی خۆم لە دەست داوە، بڕۆ بۆ لای کەسێک کە خاوەنی تۆیە، کچی ئیمپراتۆر.**

**ڕا:( بە هێواشی بەرەو سیزار ڕوپفدەڕوات.)**

**ئیمیلیان: کچەکەت هاوسەری ئەم بازرگانە پانتۆڵە بووە ئیمپراتۆری ڕۆم،وە حکومەتەکەت ڕزگاری بوو.**

**(ئیمپراتۆر هەڵدەستێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئیمپراتۆر ڕەزامەندی لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە نییە**

**(هەمووتووشی سەرسوڕمان دەکات)**

**سیزار ڕوپف: چی؟**

**ڕا: من شووی پێ دەکەم، باوکە تۆ ناتوانی ناچارم بکەیت کارێک نەکەم کە وڵاتەکەم ڕزگار بکات.**

**ڕۆمۆلۆس: کچەکەم دەبێت گوێڕایەڵی ویستی ئیمپراتۆر بێت، کاتێک ئیمپراتۆر وڵاتی خۆی دەسوتێنێت،ئەو شتەی کە پێویستە بیشکێنێت دەیخاتە خوارەوە .وە ئەوەی کە دەبێ لەناو ببرێت،ژێر پێ دەیدات، ئیمپراتۆر دەزانێت چی دەکات.**

**ڕا: (سەری دادەخات و دەچێتە ناو ماڵەوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: وە ئێستا دەبێت ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین پیرامۆس هەرزەنی مریشکەکانم پێ بدە، ئۆگستۆس تیبریۆس، تراجان، هادریان ،مارکوس، ئاورێل، ئیدۆاکرا**

**(لە کاتێکدا هەرزن ڕوودەکات، لە لای ڕاستەوە دەچێتە دەرەوە. خزمەتکارەکانیشی بەدوایدا دەڕۆن، ئەوانیکە بێ جووڵە وەستاون.)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: : بەردەوام بن لە سووتاندنی فایلەکان**

**(دیسانەوە دوکەڵی ڕەش شانۆکە پڕ دەکاتەوە.)**

**ئیمیلیان: دەبێت ئەم ئیمپراتۆرە لاببرێت**

## پەردەی سێیەم

**شەوی هەمان ڕۆژە.**

**١٥ی ئازاری ساڵی ٤٧٦**

**ژووری نووستنی ئیمپراتۆر، لە لای چەپی شانۆکە، ڕیزێک پەنجەرە هەیە. لە کۆتایی دیمەنەکەدا دەرگایەک لە لای ڕاستەوە**

**جێگایەک و دەرگایەک لە ناوەڕاستی شانۆکەدا، دوو پەنجەرە شان بە شانی یەکترنکە گۆشەیەکی کراوەیان لەبەردەم بینەردا پێکهێناوە، لە نێوان دوو پەنجەرەدا مێزێکی بچووک و ڕەسەن لە لایەکانی شانۆکە.لە نزیک پێشەوەی سەکۆکە دوو جێگای شەوانە هەیە. مانگ بە پڕەوە دەدرەوشێتەوە. ژوورەکە تاریکە. تەنها لە پەنجەرەکانەوە پارچە ڕووناکی دەکرێتە سەر زەوی و دیوارەکان. دەرگای کۆتایی دەکرێتەوە و پیرامۆس بە دەستی مۆمێکی سێ قاچەوە دەچێتە ژوورەوە و مۆمێکی دیکەی داگیرسێنێت کە لە تەنیشت جێگاکە دانراوە. پاشان دێتە پێشەوەی شانۆکە و مۆمدانەکە دەخاتە سەر مێزەکە. لە دەرگای لای ڕاستەوە ڕۆمۆلۆس بە جلێکی شەوانەوە دەێتە ژوورەوە. ئاشیل لە پشتیەوە دەێتە ژوورەوە.**

**ڕۆمۆلۆس: دوای ژەمە بەتامەکەی ئەمشەو ئەم حەمامە دوو هێندە چێژی پێبەخشیم، ئەمڕۆ ڕۆژێکی شاعیرانە بوو، و من حەزم لە ڕۆژانی ئاوا نییە، ئینجا هیچ شتێکی تر لە حەمامێکی باش هەستم پێ نابەخشێت، بەڵێ من کەسێکی نا تراژیدیم، ئاشیل..**

**ئاشیل: گەورەم دەیەوێت جل و بەرگی فەرمی ئیمپراتۆری لەبەر بکات یان بیجامە؟**

**ڕۆمۆلۆس:بیجامە، من ئەمڕۆ حوکم ناکەم.**

**ئاشیل: دەبێت جەنابتان ئەو بەیاننامەیە واژۆ بکەن کە بۆ دانیشتوانی ڕۆما دەرچووە.**

**ڕۆمۆلۆس: باشە سبەی**

**ئاشیل ئامادەیە یارمەتی بدات بیجامەکەی لەبەر بکات. ئیمپراتۆر سەری سوڕ دەمێنێت.**

**ڕۆمۆلۆس: جلی شەوانە ئیمپراتۆرییەکەم بهێنە ئاشیل،ئەوە زۆر کۆن بووە.**

**ئاشیل: شاژن جلی شەوانە ئیمپراتۆرییان وەک بەشێک لە مۆبیلیاتی خۆیان لەجانتاکەی داناوە. هی باوکیان بوو.**

**ڕۆمۆلۆس: ئای کەواتە یارمەتیم بدە ئەم جلە شڕە لەبەرکەم.**

**(بە وریاییەوە جلی شەوانە لەبەر دەکات و تاجی سەرکەوتن لە سەری لادەبات.)**

**ڕۆمۆلۆس: هێشتا تاجی سەرکەوتنم لەسەردایە لەبیرچووە لە حەمام لەسەرمی لابەرم، لەسەر جێگاکە هەڵیبواسە پیرامۆس**

**(تاجی سەرکەوتن دەدات بە پیرامۆس و ئەویش لە سەرووی جێگاکەدا هەڵیدەواسێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: چەند گەڵایەکی تری هەیە؟**

**پیرامۆس: دوو**

**(ئیمپراتۆر ئاهێک دەکێشێت و دەچێتە لای پەنجەرەکە.)**

**ڕۆمۆلۆس:کەواتە ئەمڕۆ زۆر ئیسرافم کردووە، چ سەیرە کەش و هەوا باشتر بوو. با گۆڕا و دوکەڵەکە ڕۆیشت. ئەم نیوەڕۆیە زۆر ئازارم چەشت، بەڵام لەبری ئەوە فایلەکان سووتێنران. ئەمە تاکە کارێکی ژیرانە بوو کە وەزیری ناوخۆ لە هەموو ژیانیدا کردوویەتی.**

**پیرامۆس: مێژوونووسان زۆرڕوو ترش دەبن. خاوەن شکۆ**

**ڕۆمۆلۆس: قسەی بێمانا دەکەیت، سەرچاوەی باشتر لە فایلەکانی حکومەتمان دەدۆزنەوە.**

**لەسەر قەنەفەکە لە لای ڕاست دادەنیشێت.**

**ڕۆمۆلۆس: دیڤانەکەی کاتولم پێ بدە، پیراموس، یان ژنەکەم بردی چونکە بەشێک بوو لە کتێبخانەی باوکی؟**

**پیرامۆس: بە هەمان شێوەیە، ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس: کێشە نییە، بۆیە هەوڵ دەدەم شیعرەکانی کاتولوس وە بیرم بێتەوە، مرۆڤ شیعری باش هەرگیز لەبیر ناباتەوە، کوپێک شەرابم پێ بدە ئاشیل.**

**ئاشیل: جەنابت حەزی لە شەرابی فالێرنایە یان سیراکیوز؟**

**ڕۆمۆلۆس: فالێرنی لەم ڕۆژانەدا مرۆڤ دەبێت باشترین جۆری هەموو شتێک بخوات**

**(ئاشیل لەبەردەم ئیمپراتۆردا جامێک لەسەر مێزەکە دادەنێت. پیرامۆس شەرابی تێدەکات.)**

**پیرامۆس: ئێمە تەنها ئەم یەک بوتڵە شەرابی فایرنیمان هەیە لە ساڵی ٧٠یە ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس: ئەوا با لێرە بێت.**

**ئاشیل: دایکی نیشتمان دەیەوێت لەگەجەنابت قسە بکات.**

**ڕۆمۆلۆس: شاژن دەتوانێت بێتە ژوورەوە، پێویستم بەو یەک مۆمدانە نییە.**

**(خزمەتکارەکان کڕنۆش دەبەن و دەڕۆن، پیرامۆس ئەو مۆمەکەی کە لە تەنیشت جێگاکەدایە هەڵدەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیباتە دەرەوە. تەنها پێشەوەی سەکۆکە ڕووناک کراوە. بەشی پشتەوە بەڕوناکی مانگ دادەنرێت کە هەموو ساتێک زیاد دەکات. جولیا لە دەرگای پشت کورسییەوە دەێتە ژوورەوە.)**

**جولیا: سەرۆکی مەراسیمەکان هەڵهاتووە و پەیوەندی بە ئەڵمانییەکانەوە کردووە.**

**ڕۆمۆلۆس: کەواتە چی بکەم؟ چاوەڕێتان دەکرد ئەڵمانییەک لە پێناو ئێمەی ڕۆمەکاندا خۆی بکوژێت؟**

**جوليا: بۆ دواجار هاتووم قسەت لەگەڵ بکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ جل و بەرگی سەفەرت لەبەردایە ، ژنە ئازیزەکەم**

**جوليا: ئەمشەو دەچمە سیسیلیا**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا کەشتییە ماسیگرتنەکە ئامادەیە بۆ ڕۆشتن؟**

**جوليا: بە بەلەمێکەوە دەڕۆم**

**ڕۆمۆلۆس: مەترسیدار نییە؟**

**جوليا: مانەوە مەترسیدارترە**

**بێدەنگی.**

**ڕۆمۆلۆس: هیوای گەشتێکی خۆشت بۆ دەخوازم.**

**جوليا: ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر یەکتر نەبینین.**

**ڕۆمۆلۆس: هەرگیز جارێکی تر یەکتر نابینین.**

**جوليا: بڕیارم داوە بە هەر نرخێک بێت بەردەوام بم لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە سیسیلیا.**

**ڕۆمۆلۆس: بەرخۆدان بە هەر نرخێک بێت گەمژەترین کارە کە دەتوانیت بیکەیت.**

**جوليا: تۆ لەنابوودی و وێرانکاریت دەوێت**

**ڕۆمۆلۆس: من تەنها دۆخەکە دەپێوم، ئەگەر بەرگری لە خۆمان بکەین، تەنها لەناوچوونمان خوێناویتر دەکەین، ڕەنگە ئەمە زۆر شکۆمەند بێت، بەڵام بۆ چی؟ مرۆڤ ئەم دونیای لەدەستداوە. ئیتر ناسوتێت**

**بێدەنگی.**

**جوليا: کەواتە تۆ ناتەوێت ڕا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم سیزار ڕوپفە بکات؟**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر**

**جوليا: وە ناتەوێت بچیتە سیسیلیا؟**

**ڕۆمۆلۆس: ئیمپراتۆر ڕاناکات**

**جوليا: ئەمە بە نرخی سەرت کۆتایی دێت.**

**ڕۆمۆلۆس: باشە مەبەستت چییە، پێویستە لەمەودوا بێ سەر مامەڵە بکەم؟**

**بێدەنگی.**

**جوليا: ئێستا بیست ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە، ڕێمۆلۆس**

**ڕێمۆلۆس: مەبەستت چییە لە وتنی ئەم ڕاستییە ترسناکە؟**

**جوليا: من و تۆ ڕۆژێک یەکترمان خۆشدەویست.**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ زۆر باش دەزانیت کە درۆ دەکەیت.**

**بێدەنگی**

**جولیا: کەواتە تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کردم بۆ ئەوەی ببیە ئیمپراتۆر؟**

**ڕۆمۆلۆس: بێگومان**

**جولیا: وە دەوێری بەم شێوەیە ڕووو بە ڕووم بڵێیت؟**

**ڕۆمۆلۆس: بێگومان ژیانی هاوسەرگیرییەکەمان ترسناک بوو، بەڵام من هەرگیز تاوانی بەلاڕێدابردنی تۆم ئەنجام نەدا، تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش، من هاوسەرگیریم لەگەڵ کردیت بۆ ئەوەی ببم بە ئیمپراتۆر، تۆش شووت بە من کرد، چونکە ویستت ببیت شاژنێک، هەر بۆیە بوویتە هاوسەری من چونکە من لە بنەماڵەی بەناوبانگترین ئاغاکانی ڕۆم بووم و تۆ دەرئەنجامی پەیوەندیی ئیمپراتۆرو ڤالێنتینیانی لەگەڵ ژنێکی کۆیلەدا، تۆم کرد بە کەسێکی یاسایی وشەرعی وە تۆ تاجی ئیمپراتۆریت پێدام**

**بێدەنگی**

**جولیا: لە هەر حاڵەتێکدا یارمەتی یەکترمان دا.**

**ڕۆمۆلۆس:بە دڵنیاییەوە!**

**جولیا: کەواتە ئەرک وا دەکات کە تۆ لەگەڵم بێی بۆ سیسیلیا، ئێمە سەر بە یەکین.**

**ڕۆمۆلۆس: ئیتر هیچ ئەرکێکم بەرامبەرت نییە چونکە ئەوەی تۆ دەتەویست پێمدای و بوویتە شاژن.**

**جولیا: ناتوانی من تاوانبار بکەیت، من و تۆ هەردووکمان یەک کارمان کرد.**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر، من و تۆ هەردووکمان یەک کارمان نەکرد، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کردارەکەی تۆ و مندا هەیە**

**جولیا: وا نییە**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ لەبەر تەماح هاوسەرگیریت لەگەڵ کردم، هەموو کارێک کە دەیکەیت لە تەماحەوەیە، ئێستاش بەهۆی ئەم تەماحەوەیە کە ناتەوێت دەستبەرداری ئەو شەڕە بیت کە تێیدا دۆڕاویت.**

**جولیا: من دەچمە سیسیلیا چونکە وڵاتەکەمم خۆشدەوێت**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ مانای نیشتمان نازانیت، ئەوەی خۆشت دەوێت تەنها ئەو حکومەتەیە کە ڕێگەی پێدایت لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ببیتە شاژن.**

**(هەردووکیان دیسان بێدەنگ دەبن .)**

**جولیا: با لەگەڵ یەکتر ڕاستگۆبین، من خۆپەرستم، جگە لە شاژن بوون هیچ شتێکی تر بۆ من گرنگ نییە، من نەوە گەورە ی جولیانیم ، دوا ئیمپراتۆری گەورە و شانازی پێوە دەکەم. بەڵام تۆ چیت؟ کوڕی ئەرستۆکراتێکی ئیفلاسکراو، بەڵام تۆش خۆپەرستیت.ئەگینا نەتدەتوانیبەگەیت پێگەی ئیمپراتۆریەتێکی حکومەتێکی جیهانی و هەر وەک خۆت بە هیچی دەمایەوە**

**ڕۆمۆلۆس: من ئەمەم لە تەماحەوە نەکرد، بەڵکو لەبەر پێویستی بوو، ئەوەی بۆ تۆ بە ئامانج دادەنرا تەنها ئامرازێک بوو بۆ من، من تەنها لەبەر تیۆرێکی سیاسی بووم بە ئیمپراتۆر.**

**جولیا: لە بنەڕەتدا کەی تیۆری سیاسیت هەبوو؟ لە ماوەی بیست ساڵەی حوکمڕانیتدا جگە لە خواردن و خەوتن و کتێب خوێندنەوە و هێلکردنی مریشک هیچی ترت نەکردووە، هەرگیز لە م بنگلۆیەت هەنگاوت نەچووتە دەرەوە.ئێوە تەنانت یەکجاریش سەردانی پایتەختی وڵاتەکەتان نەکرد، خەرجکردنی بودجەی ئیمپراتۆریەت ئەوەندە لەڕادەبەدەر بوو، کە ئێستا وەک موچەخۆری ڕۆژانە دەژین،تەنها زیرەکیت ئەوەیە کە هەر بیرکردنەوەیەک بۆلابردنت سەرهەڵدەدات بەفشە و گاڵتەجاڕی بێلایەن دەکەیت، بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕەفتارەکانتان لەسەر ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو دامەزراون، درۆیەکی بێ شەرمانەیە . شێتی نیرۆن و شێتی کاراکالا زیاتر پەرەسەندنی سیاسییە تا مریشک پەروەردەکەردەنت، هیچ شتێک جگە لە تەمبەڵی خۆت نییە.**

**ڕۆمۆلۆس: تیۆری سیاسی من ئەوەیە هیچ نەکەم**

**جولیا: بۆ کار نەکردن پێویست نەبوو ببیتە ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: تەنها بەم شێوەیە بوو کە کارنەکردنی من توانی مانایەک وەربگرێت، تەمبەڵیکردنی خەڵکی ئاسایی ناتوانێت کاریگەر بێت.**

**جولیا: تەمبەڵیکردنی ئیمپراتۆر حکومەت دەخاتە مەترسییەوە**

**ڕۆمۆلۆس:تەواو ئەوە یە**

**جولیا: مەبەستت چییە؟**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ تازە هۆکاری تەمبەڵی منت زانی**

**جولیا: مەحاڵە نکۆڵی لە پێویستی حکومەت بکرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: گومانم لە پێویستی حکومەت نییە، تەنها گومانم لە پێویستی حکومەتەکەی خۆمان هەیە، ئەم حکومەتە بۆتە ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی، بەم شێوەیە تا هاتمە سەر پۆست،ڕێکخراوێک بوو لەسەر حسابی گەلانی تر کوشتن و چەوساندنەوە و دزی و تاڵانکاری ئەنجام دەدا...**

**جولیا: من لە بۆچوونی تۆ سەبارەت بە حکومەتی جیهانی ڕۆما تێناگەم، کەواتە بۆچی بوویتە ئیمپراتۆر؟**

**ڕۆمۆلۆس: حکومەتی جیهانی ڕۆما لە چەند سەدەیەک لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ تەنها لەبەر ئەوەی هەمیشە ئیمپراتۆرێک لەسەری بووە بەردەوام بووە.، هیچ بژاردەیەکی ترم نەبوو جگە لەوەی خۆم ببمە ئیمپراتۆر تا بتوانم ئیمپراتۆریەتەکە لەناو ببەم.**

**جولیا: یان تۆ شێتی یان هەموو دونیا شێتن**

**ڕۆمۆلۆس: من کەیسی دووەم قبوڵە**

**جولیا: کەواتە تۆ تەنها بۆ لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم هاوسەرگیریت لەگەڵ کردم؟**

**ڕۆمۆلۆس: هیچ هۆکارێکی تر نەبوو.**

**جولیا: هەر لە خولەکی یەکەمەوە بیرت لە هیچ شتێک نەکردەوە جگە لە وێرانکردنی ڕۆما؟**

**ڕێمۆلۆس: هیچ شتێک**

**جولیا: تۆ بە ئەنقەست ڕزگارکردنی ڕۆمات تێکداوە؟**

**ڕێمۆلۆس: بە ئەنقەست.**

**جولیا: تۆ ڕۆڵی گاڵتەجاڕێکی خۆخۆرت بینی تەنها بۆ ئەوەی لە پشتەوە چەقۆمان لێبدەیت؟**

**ڕۆمۆلۆس: بێگومان دەتوانیت بەم شێوەیەش مانای خۆت دەرببڕیت**

**جولیا: تۆ فێڵت لێکردم**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ خۆتت لەبارەی منەوە هەڵخەڵەتاند ، پێت وابوو من وەک تۆ دەسەڵاتخوازم، تۆ حیسابت کرد، بەڵام حیساباتەکەت هەڵە بوو.**

**جولیا: بەڵام حیساباتەکەی تۆ ڕاستە**

**ڕۆمۆلۆس: ڕۆما نامێنێت**

**جولیا: تۆ خیانەتت لە ڕۆما کرد**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر، تۆڵەم لە ڕۆما کردەوە**

**(هەردووکیان بێدەنگن. پاشان شاژن بە نائومێدیەوە هاوار دەکات).**

**جولیا: ڕێمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا بڕۆ بۆ سیسیلیا، لەوە زیاتر هیچم نییە بۆت بڵێم**

**)شاژن بە هێواشی دەڕوات، ئاشیل لە دەرگای پشتەوە د ێتە ناو دیمەنەکەوە(.**

**ئاشیل: ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس: کوپەکەم بەتاڵ بووە، دووبارە پڕی کەوە**

**)ئاشیل شەراب دەڕێژێت(.**

**ڕێمۆلۆس: تۆ دەلەرزیت**

**ئاشیل: بەڵێ ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس: چیتە؟**

**ئاشیل: ئیمپراتۆر پێی خۆش نییە باسی بارودۆخی سەربازی بکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: دەزانی من بە توندی قەدەغەم کردووە، من تەنها لەگەڵ سەلمانی خۆم باسی بارودۆخی سەربازی دەکەم، ئەو تاکە کەسە کە گرنگی بەم بابەتە دەدات.**

**ئاشیل: بەڵام کاپوا ڕووخاوە**

**ڕۆمۆلۆس: لە هەر حاڵەتێکدا ئەوە هۆکار نییە بۆ ئەوەی دەستت بلەرزێت و ناتوانیت شەرابی فالێرنی ڕاست بڕێژیتە ناو جامەکەوە.**

**ئاشیل: تکایە لێم خۆشبە.**

**(کڕنۆش دەبات)**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا بڕۆبخەوە**

**ئاشیل: هەروەها شازادە ڕا دەیانەوێت قسە لەگەڵ ئیمپراتۆر بکەن.**

**ڕۆمۆلۆس: کچەکەم دەتوانێت بێتە ژوورەوە**

**(ئاشیل لە دەرگای پشتەوە دەردەچێت ورِا دەچێتە ژوورەوە.)**

**رِا: باوکە**

**رۆمۆلۆس: وەرە کچەکەم وەرە لە تەنیشتم دابنیشە**

**رِا:( لە تەنیشتی دادەنیشێت.)**

**رۆمۆلۆس: دەتەوێت چیم پێ بڵێیت؟**

**رِا: باوکی رِۆما لە مەترسیدایە**

**رۆمۆلۆس: سەیرە هەموو دەیانەوێت باسی سیاسەتم لەگەڵ بکەن، بەتایبەتی ئەمشەو،..باسی سیاسەت لە کاتی نانخواردنی نیوەرِۆدایە**

**رِا: کەواتە باسی چی بکەم؟**

**رۆمۆلۆس: یەکێک لەو شتانەی کە منداڵ لە نیوەی شەودا بە باوکت دەڵێیت، یەکێکە لەو شتانەی کە بۆ تۆ لە هەموو شتێک گرنگترە.**

**رِا: رِۆم بۆ من لە هەموو شتێک گرنگترە**

**رۆمۆلۆس: کەواتە تۆ ئیمیلیانت خۆش ناوێت، کە ئەوەندە ماوە چاوەرِێی بوویت؟**

**رِا: بۆچی باوکە؟**

**رۆمۆلۆس: بەڵام وەک جاران نا، نەک بەو سۆزەوە وەک جاران خۆشت دەویست**

**رِا: من ئەوم زیاتر لە ژیانی خۆم خۆشدەوێت**

**ریمولوس: کەواتە باسی ئەمیلیانم بۆ بکە، ئەگەر خۆشت دەوێت، ئەوا بۆ تۆ گرنگترە لە ئیمپراتۆریەتێکی داروخاوی وێران بووە.**

**بێدەنگی.**

**رِا: باوکە با هاوسەرگیری لەگەڵ سیزار رِوپفبکەم.**

**رۆمۆلۆس:کچەکەم، لە رِاستیدا من حەزم لە رِویفە، چونکە پارەی هەیە، بەڵام مەرجەکانی قبوڵکراو نین.**

**رِا: رِۆما رِزگار دەکات.**

**رۆمۆلۆس:تەنیا ئەمەیە کە ئەم پیاوە بە برِوای من ترسناک دەکات، بازرگانێکی پانتۆڵ کە دەیەوێت رِۆما رِزگار بکات، دەبێ شێت بێت.**

**رِا: هیچ رِێگەیەکی تر نییە بۆ رِزگارکردنی رِۆم.**

**رۆمۆلۆس: منیش لەگەڵ ئەوەدام کە هیچ رِێگەیەکی تر نییە، یان دەبێت وڵات بە پارە رِزگار بکەیت یان لەدەست دەچێت. دەبێت لە نێوان سەرمایەداریی بەدبەختی یان نەهامەتیەکانی سەرمایەداری دا یەکێکیان هەڵبژێرین ،بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ناتوانیت هاوسەرگیری لەگەڵ سیزار رِوپف بکەیت، کچەکەم، تۆ ئیمیلیانت خۆشدەوێت.**

**بێدەنگی**

**ڕا: دەبێت جێی بهێڵم تا بتوانم وڵاتەکەم ڕزگار بکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: بە قسەکردن ئاسانە.**

**ڕا: وڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمگوت؟ تۆ زۆر تراژدیا دەخوێنیتەوە**

**ڕا: ئایا نابێت مرۆڤ لە هەموو شتێک زیاتر لەم دونیایە نیشتمانەکەی خۆش بوێت؟**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر، پێویستە لە مرۆڤ کەمتری خۆشت بوێت. تەنانەت مرۆڤ دەبێ گومانی وڵاتیشی هەبێت. کەس وەک وڵات بە ئاسانی کوشتن ئەنجام نادات.**

**ڕا: باوکە**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵێ کچەکەم؟**

**ڕا: ناتوانم پشت لە وڵاتەکەم بکەم.**

**ڕێمۆلۆس: دەبێت پشتی لێ بکەیت**

**ڕا: من ناتوانم بەبێ وڵاتەکەم بژیم**

**ڕۆمۆلۆس: دەتوانی بەبێ خۆشەویست بژیت؟ دڵسۆزی بۆ خۆشەویستێک زۆر گەورەتر و قورسترە لە دڵسۆزی بۆ حکومەتێک**

**ڕا: ئەمە باسی نیشتمانە نەک حکومەتێک**

**ڕۆمۆلۆس: هەرکات وڵاتێک خۆی بۆ کوشتنی میلەتەکەی ئامادە کرد، پێی دەوترێت حکومەت.**

**ڕا: خۆشەویستی بێ مەرجمان بۆ وڵاتەکەمان ڕۆمای گەورە کرد.**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵام خۆشەویستی ئێمە ڕۆمای باش  نەکرد. لە ئەنجامی کردەوەی خۆمان ئاژەڵێکی نێچیرمان بەخێوکرد، بەهۆی گەورەیی نیشتمانەکەمانەوە تینووی شەراب بووین، بەڵام ئەو شەرابەی خۆشمان دەویست ئێستا  گۆڕاوە بۆتە ژەهرێکی تاڵ.**

**ڕا:  باوکە ،تۆ  بەرامبەر نیشتمان ئەمەک نەناسی**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر، من تەنها وەک ئەو باوکە پاڵەوانی تراژێدیاکان نیم ، کە کاتێک حکومەت هەوڵی قووتدانی منداڵەکانیان دەدات، تەنانەت پێی دەڵێن نۆشی گیان، بڕۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئیمیلیان بکە.**

**بێدەنگی.**

**ڕا: ئیمیلیان جێی هێشتووم باوکە**

**ڕۆمۆلۆس: ئەگەر گەردیلەیەکی ئاگری خۆشەویستی ڕاستەقینە لە جەستەتدا هەبێت، ئەم کردارەی ئەو ناتوانێت تۆ لە خۆشەویستەکەت جیابکەیتەوە، لە تەنیشتی بمێنەرەوە تەنانەت ئەگەر ڕەتت بکاتەوە، خۆڕاگربە  تەنانەت ئەگەر تاوانبار بێت،  دەتوانیت وڵاتەکەت بەجێبهێڵیت، ئەگەر زێدی تۆ بووەتە گۆڕی تاوانباران وخەندەقی جەلادەکان،تەنانت تۆزیشی لە پێت هەڵبشێوێنە چونکە خۆشەویستیت بۆی لاواز و بێدەسەڵاتە.**

**(بێدەنگی)**

**( له پەنجەرەی لای چەپەوە تارمایی پیاوێک دەچێتە ژوورەکەوە و خۆی لە تاریکی پشت سەکۆکەدا دەشارێتەوە)**

**ڕا: ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ لای، جارێکی تر پاڵم پێوەدەنێ، هەمیشە پاڵم پێوەدەنێ دەنێت**

**ڕۆمۆلۆس: تۆش هەمیشەبچووە لای. گرنگ نییە**

**ڕا: ئیتر منی خۆش ناوێت، تاکە شتێک کە ئێستا خۆشی دەوێت ڕۆمە.**

**ڕۆمۆلۆس: ڕۆما لەناو دەچێت و جگە لە خۆشەویستی تۆ هیچی تری نامێنێتەوە.**

**ڕا: من دەترسم.**

**ڕۆمۆلۆس: کەواتە هەوڵبدە بەسەر ترسەکەتدا زاڵ بیت، ئەمە تاکە هونەرە کە پێویستە لەم ڕۆژگارەدا هەمانبێت، بەبێ ترس سەیری هەر شتێک بکەین، بەبێ ترس ئەوەی ڕاستە بیکەین. من بە درێژایی ژیانم لەم بوارەدا مەشقم کردووە، تۆش تاقی بکەرەوە، بگەڕێمەوە بۆلای ئیمیلیان.**

**ڕا: بە سەر چاو باوکە گیان .**

**ڕۆمۆلۆس: ئافەرین کچە باشەکەم، دەمەوێت هەمیشە وا بیت، بگەڕێوە بۆ لای ئیمیلیان، ماڵئاوایی لە منیش بکە، جارێکی تر من نابینیتەوە. چونکە من دەکوژرێم.**

**ڕا: باوکە**

**ڕۆمۆلۆس: ئەڵمانییەکان دەمکوژن، من هەمیشە حسابم بۆ ئەم مردنە کردبوو و یەکێک بوو لە نهێنییەکانم. بە قوربانیکردنی خۆم، ڕۆماش دەکەمە قوربانی.**

**بێدەنگی.**

**ڕا: باوکی ئازیزم**

**ڕۆمۆلۆس: بەڵام تۆ دەژیت، ئێستا دەبێت بچیت کچەکەم، بڕۆ بۆ ئیمیلیان**

**ڕا: (دەڕوات)**

**پیرامۆس:( لە دەرگای پشتەوە دێتە ژوورەوە.)**

**پیرامۆس: ئیمپراتۆر**

**ڕۆمۆلۆس: چیت دەوێت؟**

**پیرامۆس: شاژن ڕویشت.**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر باشە**

**پیرامۆس: ئیمپراتۆر نایەوێت پشوو بدات؟**

**ڕۆمۆلۆس: نەخێر، کەسێکی تر هەیە کە پێویستە قسەی لەگەڵ بکەم، کوپێکی تر لەگەڵ خۆت بهێنە**

**پیرامۆس:بسرچاو، ئیمپراتۆر**

**جامێکی تر دەهێنێت.**

**ڕۆمۆلۆس: لە لای ڕاستی جامەکەم، و پری کە**

پیرامۆس:(جامەکە پڕ دەکات.)

ڕۆمۆلۆس: ئێستا کوپەکەی منیش پڕ کە

پیرامۆس:( هەمان شت دەکات.)

پیرامۆس: ئێستا شووشەی فالێرنا حەفتاش بەتاڵە ئیمپراتۆر

ڕێمۆلۆس:کەواتەا بچوو بخەو

پیرامۆس:( کڕنۆش دەبات و دەڕوات. ڕۆمۆلۆس بێ جووڵە دادەنیشێت تا هەنگاوەکان دەوستن.)

ڕۆمۆلۆس: ئیمیلیان، وەرە تەنیشتمەوە، ئێمە تەنیاین.

ئیمیلیان:( کە پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردایە، هێواش لە پشتی شانۆوە دێتە پێشەوە.)

ئیمیلیان: دەزانی کە من لێرەم؟

ڕۆمۆلۆس: چەند ساتێک لەمەوبەر لە پەنجەرەکەوە هاتیتە ژوورەکەمەوە، پەرداخی شەرابەکەم وێنەی تۆی هەبوو. ناتەوێت دابنیشیت

ئیمیلیان: من وەستاوم

ڕۆمۆلۆس: درەنگ هاتیتە لام،نیوە شەوە

ئیمیلیان:دیدارهایەک هەیە تەنها لە نیوەی شەودا ئەنجام دەدرین.

ڕۆمۆلۆس: دەبینیت منیش بەخێرهاتنتان دەکەم بە کوپێک شەرابی فالێرنا پێشوازیت لێدەکەم، با پەرداخەکانی خۆمان لێک بدین.

ئیمیلیان: زۆر باشە

ڕێمۆلۆس: بۆ گەڕانەوەت بخۆینەوە.

ئیمیلیان: وەک ڕێزێک بۆ ئەو کردەیەی کە ئەم نیوەشەو ئەنجام دەدرێت.

ڕۆمۆلۆس: وە ئەوە چییە؟

ئایمیلیان :دەخۆینەوە بۆ ڕێزلێنان لە دادپەروەری ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس

ڕۆمۆلۆس: دادپەروەری شتێکی ترسناکە ئیمیلیان

ئیمیلیان: هەروەک چۆن برینەکانی سەر جەستەم ترسناکن

ڕێمۆلۆس: زۆر باشە، بۆ ڕێزلێنان لە دادپەروەری

ئیمیلیان: ئێمە تەنیاین، جگە لەم نیوەشەویە، هیچ شایەتحاڵێک نییە کە ئیمپراتۆری ڕۆما و پیاوێک ببینێت کە لە دیلێتی ئەڵمانیەکان گەڕاوەتەوە، وەپەرداخەکانی شەرابی سووریان لێدەدەن وەک ڕێزێک بۆ دادپەروەری.

ڕۆمۆلۆس: (هەڵدەستێت و هەردووکیان کوپەکانیان دەچرێنن)، لەو ساتەدا هاوارێک دەبیسترێت و تولیۆس ڕۆتۆندۆسی وەزیری ناوخۆ لە ژێر قەنەفەی ئیمپراتۆردا دێتە دەرەوە.

ڕۆمۆلۆس: شتێکت بەسەرهات، وەزیری ناوخۆ؟

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئیمپراتۆر پێیی بە پەنجەم دا دادا**

**(ناڵە ناڵە دەکات)**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام بەڕاستی ناتوانم بۆن بە دەستمەوە کەم کە تۆ خۆت لەژێر قەنەفەکەمدا دەیشاریتەوە، کاتێک مرۆڤ گێلاسەکەی دەهەژێنێت بۆ ڕێزلێنان لە دادپەروەری، وەزیری ناوخۆ هاوار دەکات.**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: من ویستم پلانی بیمەیەک لە دژی پیری پێشنیار بکەم بە ئیمپراتۆر کە هەموو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بگرێتەوە.**

**(کەمێک شەرمەزار لە ژێر قەنەفەکەوە دەخزێتە دەرەوە، هەروەها وەک ئیمیلیان پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردایە .)**

**ڕۆمۆلۆس: دەستت خوێنی لێ دێت، تولیۆس ڕۆتوندۆس**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: لە ترسا دەستم بە خەنجەر بری**

**ڕۆمۆلۆس:  سەبارەت بە خەنجەر پێویستە پیاو  زۆر وریا بێت ... تولیۆس ڕۆتۆندۆسی، ئازیز**

**(دەچێتە لای چەپ.)**

**ئیمیلیا:دەتەوێت هەرا لەپاسەوانەکان بکەیت ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس؟**

**(ڕوو بە ڕووی یەکتر وەستاون. ئیمیلیان دوژمنکارانە و بەئیرادە، وە ڕۆمۆلۆس بەزەردەخەنەوە)**

**ڕۆمۆلۆس: بۆچی پێیان بڵێم ئیمیلیان؟ دەزانی نیوە شەو خەوتوون، بەڵام با شتێک بدەین بە وەزیری ناوخۆی بریندارەکەم دەستی ببەستێت**

**(دەچێتە سەر ئەو کۆمۆدەی کە لە لای چەپەوە لەبەردەم شانۆکەدایە و دەیکاتەوە. لەناویدا زینۆئاشووری  کەمێک چەماوەتەوە وەستاوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: ببورە ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات، نەمدەزانی لەناو دۆشەکەکەمدا خەوتووی**

**زینۆ: تکایە،لێبۆردن  بۆ چی؟ من لەو کاتەوەی قوستەنتینیەم بەجێهێشتووە و ڕێکخستنی ژیانم تێکچووە، ڕاهاتووم بەم شێوەیە بخەوم.**

**زینۆ: (لە دۆشەکەکە دێتە دەرەوە، پاڵتۆیەکی ڕەشیشی لەبەردایە و بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری دەکات.)**

**زینۆ: بۆ چی کەسانی تر لێرەن؟**

**ڕۆمۆلۆس: خەمت نەبێت، بە ڕێکەوت هاتوونەتە ئێرە.**

**(پارچە قوماشێک لە نهۆمی سەرەوەی دۆشەکەکەهەڵدەگرێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: کەسێکی تر لەم دۆشکەدا هەیە.**

**زینۆ: گارسۆنەکەم ناوی سولفوریدە.**

**(سولفوریدس کە پیاوێکی زۆر باڵابەرزە، لە دۆشەکەکە دێتە دەرەوە، پاڵتۆیەکی ڕەشیشی لەبەردایە. بە ڕێزەوە لەبەردەم ڕۆمۆلۆس کڕنۆش دەکات، ڕۆمۆلۆس بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات.)**

**ڕۆمۆلۆس: سڵاوت لێ بێت،  برا تاجدارەکەم ئەتوانی دۆشەکێکی تر بۆ ئەم کەسە بەکار بهێنیت،خزمەتگوزارەکەی ترت، فۆسفۆریدۆس ،لە کوێ دانا؟**

**زینۆ: لە ژێر جێگاکەتدا ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: پێویست ناکات شەرم بکات بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بێتە دەرەوە**

**فۆسفۆریدوس کە پیاوێکی کورتە، لە ژێر تەختی ئیمپراتۆرەوە دێتە دەرەوە. هەروەها پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردایە.**

**سولفوریدوس: ئێمە هاتووین، ئیمپراتۆر...**

**فۆسفۆریدۆس: بۆ خوێندنەوەی شیعرە تکاکارەکان.**

**سولفوریدوس: چونکە ئیمپراتۆر هێشتا ئ هەمووی نەبییستوە.**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر سوپاس، بەڵام تکایە لە نیوە  شەودا ئەم کارە مەکە**

**ڕۆمۆلۆس: دادەنیشێت و قوماشەکە دەدات بە تولیۆس ڕۆتۆندۆس**

**ڕۆمۆلۆس: برینەکەت بەم قوماشە داپۆشە وەزیری ناوخۆ حەزم لە بینینی خوێن نییە.**

**دۆشەکەکەی لای ڕاست خۆی دەکرێتەوە و سپۆریۆس تیتۆس ماما  بە دەنگێکی بەرزەوە دەکەوێتە سەر زەوی.**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا ئەم وەرزشوانە هێشتا نەخەوتووە؟**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: من خەریکەدەمرم، لە ماندوێتی دا دەمرم**

**بەگێژەگێژ بەرز دەبێتەوە.**

**ڕۆمۆلۆس:  خەنجەرەکەت فڕێدەرا، سپوریۆس تیتۆس  ماما**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ( بە سەرلێشێواوی خەنجەرەکە هەڵدەگرێت و بە خێرایی لە ژێر پاڵتۆ ڕەشەکەیدا دەیشارێتەوە.)**

**سپوریۆس تیتۆس، ماما : سەد و دە کاتژمێرە نەخەوتووم.**

**ڕۆمۆلۆس:  ڕەنگە کەسێکی تر لەم شوێنەدا هەبێت، تکایە بە زووترین کات بێنە دەرەوە.**

**(لە ژێر قەنەفەکە لە لای ڕاستی مارس وسەربازێک  بەدوایدا دێتە دەرەوە . ئەم دوو کەسە پاڵتۆی ڕەشیشان لەبەر دایە.)**

**مارس ببورە ئیمپراتۆر، ویستم لەگەڵت باسی کۆکردنەوەی گشتی بکەم**

**ڕۆمۆلۆس: باشە ئەم بەڕێزە کێیە کە لەگەڵ خۆت هێناوتە بۆ ئەوەی بەشداری ئەم باسە بکات  جەنەڕاڵ؟**

**ئازار: ئەو یاریدەدەرمە**

**(لەم کاتەدا چێشتلێنەرەکە هێواش هێواش لە ژێر قەنەفەی ئیمپراتۆرەوە بە کڵاوە سپییە درێژەکەیەوە دێتە دەرەوە، هەروەها پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردایە، بۆ یەکەمجار بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئیمپراتۆر ترساوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ لێرەیت، چێشتلێنەر؟ ئەویش بە ئەم چەقۆیەوە  کە سەری ئەو هەمووە  ئیمپراتۆرانت پێ  بڕیوە؟**

**(چێشتلێنەر سەری دادەخات و دەچێتە پاڵ ئەوانی ترەوە - کە ئێستا بە نیمچە بازنەیەک لە دەوری ئیمپراتۆرەکە وەستاون.)**

**ڕێمۆلۆس: دەبینم هەمووتان جل و بەرگی ڕەشتان لەبەردایە. ئێوە لە ژێر جێگاکە و لە ژێر قەنەفەوە و لە ناو دۆشەکەکەمەوە هاتنە دەرەوە، نیوی شەوتان لە دۆخێکی سەخت و نائارامدا بەسەر بردووە. بۆچی؟**

**( بێدەنگی قووڵ)**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئێمە دەمانەوێت لەگەڵت قسە بکەین ئیمپراتۆری ڕۆم**

**ڕۆمۆلۆس: ئیمپراتۆر نەیدەزانی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت قسەی لەگەڵ بکەن،ڕێوڕەسم و ئۆپەراسیۆنێکی لەو شێوەیە قورس هەیە**

**هەڵدەستێت و بانگ دەکات.**

**ڕۆمۆلۆس: پیرامۆس ، ئاشیل**

**(ئاشیل و پیرامۆس بە بیجامە و کەپڵی شەوانە لە دەرگای پشتەوە بە ڕا کردن دێنە ژوورەوە.)**

**ئاشیل: ئیمپراتۆرەکەم**

**پیرامۆس: گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس:جەبەی ئیمپراتۆری ئاشیل، تاجی ئیمپراتۆری پیرامۆس**

**(ئاشیل جەبەی ئیمپراتۆری دەخاتە سەر شانی و پیرامۆس تاج دەخاتە سەر سەری.)**

**ڕۆمۆلۆس: مێز و شەرابەکە ببە بۆ دەرەوە ئاشیل، ئەمە کۆبوونەوەیەکی فەرمییە**

**(ئاشیل و پیرامۆس لە لای ڕاستەوە مێزەکە دەبەنە دەرەوە.)**

**ڕێمۆلۆس: ئێستا دووبارە بڕۆن بخەونەوە.**

**(پیرامۆس و ئاشیل دیارە سەریان لێ شێوا و ترساون کڕنۆش دەبەن و دەروون، .)**

**ڕۆمۆلۆس: ئیمپراتۆر ئامادەیە گوێی لە قسەکانتان بێت، دەتانەوێت چی پێی بڵێن؟**

**تولیۆس ڕۆتۆندۆس: ئێمە پارێزگاکان وەرئەگرینەوە**

**ئازار: یەکەکانی سوپا**

**ئیمیلیان: ئیمپراتۆریەتەکەش**

**(بێدەنگی قووڵ)**

**ڕۆمۆلۆس: مەرج نییە ئیمپراتۆر حساب بە ئێوە بەداتەوە.**

**ئیمیلیان: دەبێت حساب بدەیتەوە بۆ ڕۆما**

**زینۆ: تۆ بەرپرسیاریت لە مێژوو**

**ئازار: پشتت بە هێزی ئێمە بەست**

**ڕۆمۆلۆس: پشتم بە هێزی تۆ نەبەست، ئەگەر بە یارمەتی تۆ دونیام داگیرکردبا، ئەوا ئەم قسەیە ڕاست دەبوو، بەڵام دونیایەکم لەدەستدا کە ئێوە بە دەستان نەهێنابوو، وەک سکەیەکی بێ نرخ فڕێمدا، من ئازادم، ئێوە تەنها مێروون کە بە دەوری ڕووناکی مندا سەما دەکەن، ئێوە سێبەرن کە لەناو دەچن کاتێک من نادرەوشێمەوە.**

**(پیلانگێرەکان لێی دووردەکەونەوە و بەرەو دیوارەکە دەڕۆن.)**

**ڕۆمۆلۆس: من تەنها دەبێت حساب بدەمەوە بۆ یەکێک لە ئێوە، ئێستاش لەگەڵ ئەو یەکە قسە دەکەم، وەرە ئیمیلیان.**

**(ئیمیلیان لە لای ڕاستەوە بە هێواشی بەرەو ڕووی دەڕوات.)**

**ڕێمۆلۆس: من ناتوانم قسەت لەگەڵ بکەم وەک چۆن مرۆڤ قسە لەگەڵ ئەفسەرێک دەکات کە شەرەفی لەدەستداوە. چونکە من کەسێکی مەدەنیم و هەرگیزشەرەفی سەربازێکم نەبووە، بەڵام حەز دەکەم بەو شێوەیە قسەتان لەگەڵ بکەم کە قسە لەگەڵ کەسێک دەکەن کە تووشی سەختییەکی زۆر بووە و ئەشکەنجەی زۆری دراوە و ئازارێکی زۆری چەشتووە، من وەک منداڵەکەی خۆم خۆشم دەوێیت ئیمیلیان، دەمەوێت گەورەترین و دوا هۆکارەکان ببینم بەرامبەر پیاوێکی وەک من کە بەرگری لە خۆی ناکات، حەز دەکەم ئەم هۆکارانە لە دەمی پیاوێکەوە ببیستم کە بە پیلانێک ڕیسوا بووە و هەزاران جار قوربانی دەسەڵات بوویت، چیت لە ئیمپراتۆرەکەت دەوێت ئیمیلیان؟**

**ئیمیلیان: من تەنها یەک وەڵامم لە تۆ دەوێت ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: وەڵامت دەدەمەوە.**

**ئیمیلیان: چیت کرد بۆ ئەوەی ڕەعیەتەکانت لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە نەگیرێن؟**

**ڕۆمۆلۆس: هیچ**

**ئیمیلیان: چیت کرد بۆ ئەوەی ڕۆما بەو شێوەیەی من ڕیسوا بوومت،ڕیسوا نەبێت؟**

**ڕۆمۆلۆس: هیچ**

**ئیمیلیان: کەواتە چۆن دەتەوێت خۆت بێتاوان بکەیت، تۆ بە خیانەتکردن لە وڵاتەکەت تۆمەتبار دەکرێیت**

**ڕۆمۆلۆس: من خیانەتم لە وڵاتەکەم نەکردووە، ئەوە ڕۆما بوو کە خیانەتی لە خۆی کرد. ئەو ڕاستییەکەی ناسی بەڵام مەلهوڕی هەڵبژارد، مرۆڤایەتی ناسی بەڵام دڕندەیی هەڵبژارد. دوو جار خۆی زەلیل کرد. جارێک لای خۆی و جارێکی تر لای ئەو گەلانەی کە بە دەست دەسەڵاتی ئەوەوە بە دیلگیرا بوون. تۆ لەبەردەم تەختێکی نەبینراودا وەستاویت، ئیمیلیان، لەبەردەم تەختی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما، کە من دواهەمی کەسم، دەتەوێت چاوەکانت بکەمەوە بۆ ئەوەی ئەم تەختە ببینیت؟ ئەم شاخە گەورەیە لە کەڵەسەری مرۆڤ دروستکراوە؟ ئەم لافاوە ترسناکانەی خوێن کە سەرچاوەی ئەبەدیی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمن، لە هەنگاوەکانی ئەم تەختەوە دەڕژێن؟ چاوەڕوانی چ وەڵامێک لە کەسێک دەکەیت کە لەسەر لوتکەی بینا زەبەلاحەکەی مێژووی ڕۆما دانیشتووە؟ ئیمپراتۆریەتێک کە تەختی خۆی لەسەر لاشەی ڕۆڵەکانی خۆی و بێگانە بنیات ناوە، ئیمپراتۆریەتێک کە قوربانیی شەڕەکانی بۆ شەرەفی ڕۆما و لە شەڕ لەگەڵ ئاژەڵە کێوییەکان بۆ چێژ و کات بەسەربردنی ڕۆما لە ژێر پێیەکانیدا شەپۆل دەدات، چ وەڵامێکی هەیە بۆ برینەکانت؟؟ ڕۆما ئێستا وەک پیرەژنێکی لەرزوکی، قژسپی و لاوازە، بەڵام گوناهەکانی نە سڕاونەتەوە و نە لەناوچوون ، تاوانەکانیشی هیچ کات کۆن نابن، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە نەفرەتی قوربانییەکان بگیرێت، داری بێ بەر دەکەوێت، تەوەر لە تەنیشت دارەکەیە، ئەڵمانییەکان دێن، ئێمە خوێنی ئەوان و زۆرکەسی ترمان ڕشتووە... ، ئێستاش ڕۆژی ئەوە هاتووە کە بە خوێنی خۆمان سزا بدرێین، ڕوو مەسووڕێنە ئیمیلیان، لە شکۆمەندی و هێزی من لە بەرابەر بە خۆت، کە بە کۆنترین گوناهەکانی مێژوومان بەشێوە لە جەستەی تۆ ترسناکترە، مەترسە، چونکە لێرەدا باس لە هەمان دادپەروەری دەکەین کە من و تۆ بۆ ڕێزلێنانی خواردومانەتەوە، وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە، ئایا سەرەڕای هەموو ئەمانە مافی ئەوەمان هەیە بەرگری لە خۆمان بکەین؟ ئایا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە لە قوربانی زیاتر بین؟**

**ئیمیلیان: (وەڵام ناداتەوە.)**

**ڕۆمۆلۆس: وەڵام نادەیتەوە.**

**ئیمیلیان:( بە هێواشی بەرەو ئەوانی تر دەڕوات کە لە نیمچە بازنەیەکی گەورەدا بە دەوری ئیمپراتۆردا وەستاون.)**

ڕێمۆلۆس: تۆ ڕوو بەو کەسانە گەڕایتەوە کە لە نیوەی شەودا وەک دزێک خۆیان خزاندووە ژوورەکەمەوە. با ڕاستیەکان بڵێین،ئیتر درۆ و خۆنمایشکردن تەنانەت بە قەبارەی خورمایەک لە نێوانماندا نەماوە، من دەزانم چیتان لە ژێر پاڵتۆ ڕەشەکانتدا شاردوەتەوە.دەزانم ئێستا دەستەکانت بە چیدا پێچراوەتەوە. بەڵام ئێوەهەڵە بوون، پێتان وابوو ڕووبەڕووی کەسێکی بێ بەرگری دەبنەوە، بەڵام ئێستا بە چنگاڵی حەقیقەت هێرشتان دەکەمەسەر و بە ددانی دادپەروەری دەتاندڕێنم، ئێوە نین هێرش دەکەنەسەرم، ئەوە منم هێرش دەکەمە سەرتان، ئێوە من تۆمەتبار ناکەن، ئەوە منم مەتبارتان دەکەم، بەرگری لە خۆتان بکەن، نازانن لەبەردەم کێدا وەستاون؟ من بە ئەنقەست ئەو وڵاتەی کە ئێوە بەنیازی بەرگریکردنتان بوو بۆ کۆتایی ڕاکێشاوە. من ئەو سەهۆڵە دەشکێنم کە ئێوە بەسرییدا هەنگاو هەڵدێنن، ڕەگ و ڕیشەی بوون تان ئاگر تێبەردەدەم. بۆچی ڕەنگی ڕۆخسارتان وەک مانگی زستان سپی هەڵگراوە. بۆ خۆتان بە دیوارەکانی ژوورەکەوە چەسپاندوە؟ تەنها یەک وەڵامتان هەیە بیدەنەوە، ئەگەر پێت وایە من ئەمە ڕاست نیە، بمکوژن، بەڵام ئەگەر بە ڕاست دەزانن وە بەرگری لە خۆمان نەکەین، ئەوا تەسلیم بە ئەڵمانییەکان بن، وەڵامم بدەنەوە.

(هەمووان بێدەنگن.)

ڕێمۆلۆس: وەڵامم بدەنەوە

(لەم کاتەدا ئیمیلیان خەنجەرەکەی دەکێشێت و بەرزی دەکاتەوە.)

ئیمیلیان: بژی ڕۆما

هەموویان خەنجەرەکانیان دەکێشن و بەرەو ڕۆمۆلۆس دەڕۆن کە بێ جووڵە و ئارام دانیشتووە،خەنجەرەکان بەسەر سەریدا دەچەمێننەوە. لە هەمان کاتدا لە پشت پەردەوە دەنگێک بە چڕی و ترسناکییەکی سەیرەوە دەبیسترێت:

دەنگ: "ئەڵمانییەکان هاتن."

هەمووان بە پەلە لە دەرگا و پەنجەرەکانەوە دەچنە دەرەوە، ئیمپراتۆر بە هێمنی دانیشتووە

پیرامۆس و ئاشیل لە دەرگای پشت کورسییەوە دێنە ژوورەوە لە کاتێکدا لە ترسدا ڕەنگیان بە ڕووخساریان نییە .

ڕۆمۆلۆس: کەواتە ئەم ئەڵمانیانە لە کوێن؟

پیرامۆس: لە نۆلا، ئیمپراتۆر

ڕۆمۆلۆس: ئەوا بۆ وا هاوارت کرد؟ سبەی دەگەنە ئێرە. من دەمەوێت ئێستا بخەوم

(هەڵدەستێت)

پیرامۆس: گوێڕایەڵی ئەمرتانم، ئیمپراتۆر

(جەبەی ئیمپراتۆری دەردەهێنێت و تاج لە سەری لادەبات. ڕۆمۆلۆس بەرو جێگاکەی دەڕوات. لەناکاو شتێکی سەیر دەبینێت )

ڕۆمۆلۆس: کەسێک لێرە لە ژێر جێگاکەمدا پاڵکەوتووە، ئاشیل

ئاشیل مۆمدانەکە دەباتە پێشەوە و سەیر دەکات.

ئاشیل: ئەمە سپۆریۆس تیتۆس مامایە، خرخر دەکات، ئیمپراتۆر،

ڕۆمۆلۆس: سوپاس بۆ خوا ئەم وەرزشوانە دواجار خەوت ، با لێرە بمێنێتەوە

بەسەریدا هەنگاو هەڵدەنێت و دەچێتە ناو جێگاکە، پیرامۆس مۆمەکان دەکوژێنێتەوە و لەگەڵ ئاشیل لە تاریکیدا پێکەوە دەڕۆن.

ڕۆمۆلۆس: پیرامۆس

پیرامۆس: بەڵێ ئیمپراتۆرەکەم

ڕۆمۆلۆس: کاتێک ئەڵمانییەکان هاتن، ڕێنماییبان کە بێنە ژوورەوە

# پەردەی چوارەم

سبەی بەیانی، ١٥ی ئازاری ساڵی ٤٧٦، دیمەنەکە نووسینگەی ئیمپراتۆرە.

وەک پەردەی یەکەم تەنها پەیکەری دامەزرێنەری ڕۆما ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس لە لەسەر دیواری دەرگاکە لە پشتی شانۆکە دانراوە، ئاشیل و پیرامۆس لە تەنیشت دەرگاکە وەستاون و چاوەڕێی ئیمپراتۆر دەکەن.

ئاشیل: چ بەیانییەکی جوانە و چ کەش و هەوایەکی نەرمە.

پیرامۆس: تێناگەم بۆسەرەڕای ئەمڕۆ ڕۆژی مەرگایەتی گشتییە؛ خۆر هەڵاتووە .

ئاشیل: تەنانەت ناتوانیت متمانە بە سروشت بکەیت.

بێدەنگی.

پیرامۆس: ئێمە شەست ساڵە لە دەرباری یازدە ئیمپراتۆردا خزمەتی حکومەتی ڕۆمامان کردووە و ئێستا لە ڕوانگەی مێژووییەوە بۆ من ڕوون نییە بۆچی ئەم حکومەتە لە سەردەمی ئێمەدا بوونی نامێنێت.

ئاشیل: من کە خۆم بە تەواوی بێ تاوان دەزانم، هەمیشە خزمەتکارێکی تەواو و ڕاستەقینە بووم.

پیرامۆس: من و تۆ هەمیشە تاکە پایەی ڕاستین وبەهێزی ئیمپراتۆری بووین .

ئاشیل: ئەو ڕۆژەی ئێمە واز لە کارکردن بهێنین، دەکرێ بڵێین سەردەمی کۆن کۆتایی هاتووە

بێدەنگی

پیرامۆس: بیهێنە بەرچاوت کاتێک دێت کەس بە زمانی لاتینی و یۆنانی قسە نەکات و زمانی سەیر و سەمەرەی وەک ئەم ئەڵمانییە باو دەبێت.

ئاشیل: لە مێشکتدا بیهێنە بەرچاوت کە ژەنەڕاڵەکانی ئەڵمانی و چینی و ڕەشپێستی ئەفریقی و بەکورتی ئەوانەی تەنانەت هەزار لەسەر هەزار زانیاریی ئێمەش نازانن، سەرکردایەتی کەشتیی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگرنە ئەستۆ. لە هەر حاڵەتێکدا ئەو ماوەیەی ئێستا دەست پێدەکات دەبێت قۆناغێکی قێزەون بێت

پیرامۆس: هەموو شتێک دەبێتە سەردەمێکی ناوەڕاستی تاریک، بەبێ ئەوەی بمانەوێت ڕەشبین بین، دەبێت بڵێین کارەساتی ئەمڕۆ ئەوەندە زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت کە جارێکی تر ناتوانێت پشتی خۆی ڕاست بکاتەوە.

ڕۆمۆلۆس: بەجەبەی ئیمپراتۆری و تاجی شاهی دەێتە ژوورەوە.

ئاشیل و پیرامۆس: سڵاو لە قەیسەر

ڕۆمۆلۆس: سڵاو، درەنگ کەوتم، دوێنێ شەو لەگەڵ ئەو قەرەباڵغییە چاوەڕواننەکراوەدا ماندوو بووم . ئەم بەیانییە، خەواڵوو بووم بەزۆر بەسەر ئەو وەرزشوانەدا هەنگاو هەڵێنا کە هێشتا لە ژێر جێگاکەمدا خرخڕ دەکات. دوێنێ شەو ،لە یەک شەودا زیاتر لە بیست ساڵ ئیمپراتۆری، حوکمڕانم کرد

ئاشیل: بێگومان گەورەم

ڕۆمۆلۆس: چ بێدەنگییەکی پڕ لە نهێنی دەستی بەسەر ئەم شوێنەدا گرتووە، وەک وێرانەیەک کە هەمووان وازیان لێهێناوە.

بێدەنگی.

**ڕۆمۆلۆس: کچەکەم لە کوێیە؟**

**بێدەنگی**

**ئاشیل: شازادە...**

**پیرامۆس: وە ئیمیلیان**

**ئاشیل: وە شاژن...**

**پیرامۆس: وەزیری ناوخۆ و سەرۆک مارشال و چێشتلێنەر و هەموو ئەوانی تر**

**بێدەنگی.**

**ڕۆمۆلۆس: دی باشە؟**

**ئاشیل: بەلەمەکەیان لە ڕێگای سیسیلیا وەرگەڕاوەتەوە و هەموویان خنکاون.**

**پیرامۆس: ماسیگرێک ئەم هەواڵەی هێناوە.**

**ئاشیل: تەنها سێنوی ئاشووری توانی بە بەلەمێک لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا هەڵبێت بۆ ئەسکەندەریە.**

**(بێدەنگی. ئیمپراتۆر ئارامە.)**

**ڕۆمۆلۆس: کچەکەما و ئیمیلیان کوڕم**

**(سەیری گارسۆنەکان دەکات.)**

**ڕۆمۆلۆس: من فرمێسک لە چاوەکانتدا نابینم.**

**ئاشپلۆس: ئێمە پیر بووین.**

**ڕۆمۆلۆس: وە ناچارم بمرم، ئەڵمانییەکان ئەمڕۆ دەمکوژن، هەر بۆیە ئیتر هیچ شتێک کاریگەری لەسەر من نییە، کەسێک لە مردن نزیک بێت بۆ مردوو ناگری، هەرگیز لە ئەمڕۆ ئارامتر و دڵخۆشتر نەبووم.چونکە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە... نانی بەیانی**

**پیرامۆس: قاوڵتون؟**

**ئاشیل: بەڵام ئەڵمانییەکان، گەورەم، ئەڵمانییەکان، ڕەنگە لە هەر ساتێکدا...**

**پیرامۆس: وە بە لەبەرچاوگرتنی ماتەمینی نیشتمانی...**

**ڕۆمۆلۆس:  قسەی بێمانا ...، وڵاتێک ئەماوە تا بتوانێت ماتەمین  بگرێت ...من خۆم دەمەوێت بە هەمان شێوە کە ژیاوم بە هەمان شێوەش بڕوخێم.**

**پیرامۆس: هەرچیت بوێت ئیمپراتۆرەکەم**

**ڕۆمۆلۆس:( لەسەر قەنەفەکە لە ناوەڕاستی شانۆکە لە پێشەوە دادەنیشێت. پیرامۆس ئەو مێزە بچووکە دەهێنێتە ژوورەوە کە نانی بەیانی ئاسایی ئیمپراتۆر لەسەری دانراوە، ئیمپراتۆر بە بیرکردنەوە سەیری قاپەکانی نانی بەیانی خۆی دەکات.)**

**ڕۆمۆلۆس: بۆچی ئەم پلێتە قەڵەوییە خراپە و ئەم قاپە شکاوەت هێنا بۆ دوا نانی بەیانیم؟**

**پیرامۆس: شاژن قاپەکانی ئیمپراتۆری لەگەڵ خۆی برد. هی باوکیان بوو.**

**ئاشیل: وە ئێستا کەوتوونەتە بنی دەریا.**

**ڕۆمۆلۆس: کێشە نییە ،بۆ خواردنی جەلادەکەم، ڕەنگە ئەم قاپە کۆنە گونجاوتر بێت.**

**(سەری هێلکەیەک دەشکێنێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ڕەنگە ئۆگستۆس دیسان هێلکەی نەکردبێت ؟**

**(پیرامۆس بە نیگایەکی داوای یارمەتی لە ئاشیلس دەکات.)**

**پیرامۆس: نەخێر ئیمپراتۆرەکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: تیبریۆس چۆن ؟**

**پیرامۆس: جولیێریش هێلکەی نەکردووە**

**ڕۆمۆلۆس: فلاڤیێر؟**

**پیرامۆس: دۆمیتیان داینا، بەڵام ئیمپراتۆری مەزن پێداگری دەکات کە هێلکەکانی نەخوات.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمە هێلکەی کێیە؟**

**(بە کەوچکێک هێلکەکە دەخوات.)**

**پیرامۆس: وەک هەمیشە لە مارک ئۆرێلە**

**ڕۆمۆلۆس: ئایا کەسێکی تر هێلکەی کردووە؟**

**پیرامۆس: ئێدواکرێ**

**(کەمێک بەشەرمەوە)**

**ڕۆمۆلۆس:ئافەرین**

**پیراموس: سێ هێلکەی داناوە،گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس: بیرتان بێت ئەوە وتم، ئەم مریشکە ئەمڕۆ ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێت**

**(جەنابی شا شیر دەخواتەوە)**

**ڕۆمۆلۆس: دوو کەس تان ئەمڕۆ زۆر جدین، مەسەلەکە چییە؟**

**ئاشیل: ئێستا بیست ساڵە خزمەتی جەنابتان دەکەین**

**پیرامۆس: وە چل ساڵیش پێشتر بۆ دەکەس لە پێشینەکانی جەنابتان**

**ئاشیل: شەست ساڵ خزمەتکاری بارەگا بووین و تووشی هەژاری و بێبەشی بووین**

**پیرامۆس:موچە ودەستخوشانەی داشقەچی لە موچەی خزمەتکارێکی ئیمپراتۆری زیاترە، پێویستە ڕۆژێک ئەم قسانە بگوترێ.گەورەم**

**ڕۆمۆلۆس: منیش لەگەڵ ئەوەدام، بەڵام بیر لەوەش بکەرەوە کە لە خودی ئیمپراتۆریش زیاتر داهاتی هەیە.**

**(پیرامۆس بە نیگایەکی داوای یارمەتی لە ئاشیلس دەکات.)**

**ئاشیل: قەیسەر ڕوپڤی بازرگان ، کاری گارسۆنی ماڵەکەی لە ڕۆما پێ پێشنیار کردوین**

**پیرامۆس: ساڵانە چوار سەد دراوی زیو و هەفتەی سێ پاشنیوەڕۆ پشوو**

**ئاشیل: ئەمە کارە دەرفەتێکمان پێدەبەخشێت کە بیرەوەرییەکانی خۆمان بنووسین**

**ڕۆمۆلۆس: مەرجەکانی زۆر سەرنجڕاکێشن، ئێوە ئازادن**

**(تاجەکە لە سەری دادەگرێت و بە هەر یەکێکیان گەڵایەک دەدات.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئەم دووانە دوا گەڵای تاجی ئاڵتونی منن، بەمەش دوایین پێوەری ئابووریی سەردەمی حوکمڕانی خۆم ئەنجام دەدەم.**

**ژاوەژاوی شەڕ دەبیسترێت.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەو ژاوەژاوە چییە؟**

**ئاشیل: ئەڵمانییەکان، گەورەم ، ئەڵمانییەکان هاتوون**

**ڕۆمۆلۆس: باشە ئێستا دەبێت میوانداریان بکەم.**

**پیرامۆس:گەورەم پێی خۆشە شمشێری ئیمپراتۆرییان بۆ بهێنین؟**

**ڕۆمۆلۆس:  ئێمە بە بارمتە جێمان نەهێشت؟**

**(پیرامۆس سەیری ئاشیل دەکات و داوای یارمەتی دەکات.)**

**ئاشیل: کەس ئامادە نەبوو وەک بارمتە وەریبگرێت، چونکە هەم ژەنگاوی بووە و هەم خاوەن شکۆ، گەوهەرە ئیمپراتۆرییەکانی لێکردبووە.**

**پیرامۆس: شمشێرەکە بهێنین؟**

**ڕۆمۆلۆس:  پیرامۆسی ئازیزم وا باشترە پیاو ڕێگە بدات شمشێری ئیمپراتۆر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە**

**پیرامۆس: ئایا  جەنابت هیچی تری ناوێت؟**

**ڕۆمۆلۆس: کەمێک زیاتر شەرابی سپێناخ**

**پیراموس: ( لەکاتێیکدا شەراب دەڕێژێت دەلەرزێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا دەتوانن برۆن، ئیمپراتۆر پێویستی بە ئێوە نییە، ئێوە خزمەتکارێکی زۆر باش و بە ویژدان بوون.**

**هەردووکیان بە ترس و لەرزەوە دەچنە دەرەوە، ئیمپراتۆر پەرداخێک شەراب  دەخواتەوە.**

**کەسێکی ئەڵمانی لەلای ڕاستەوە دێتە ژوورەوە. لە کۆتاییدا بە ئاسانی و بێباکی دەجولێت، بەهێزە و هیچی لەگەڵ نییە جگە لەو پانتۆڵەی کە لەبەریدایە، کە هێمای کێوییەتییەکەیەتی. وەک ئەوەی لە مۆزەخانەیەکدا بڕوات، بە دەوری ژوورەکەدا دەگەڕێت ودەڕوانێت.وە ڕەنگە جارجارە شتێک لە یاداشتێکدا بنووسێت کە لە گیرفانی چەرمەکەیەوە دەریبهێنێت. پانتۆڵی لەبەردایە. پاڵتۆیەکی شل و سوکی لەبەردایە و کڵاوێکی گەورەی سەفەری لەسەردایە. بەبێ گوێدانە ئەو شمشێرەی کە بە کەمەرەکەیەوە بەستراوەتەوە، هەڵوێستێکی ئارام وئاشتی هەیە. گەنجێک دوای ئەو دە ێتە ناو شوێنی ڕووداوەکە. ئەم کەسە جلوبەرگی جەنگی لەبەردایە کە نابێت ، کاتێک پیاوە ئەڵمانەکە سەیری کەرەستەی جۆراوجۆر دەکات، بە هەڵە سەرنجی ئیمپراتۆر دەدات و هەردووکیان بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتر دەکەن.**

**گەنجی ئەڵمانی: یەک ڕۆمی**

**ڕۆمۆلۆس: سڵاو لە ئێوە**

**گەنجی ئەڵمانی شمشێرەکەی دەکێشێت.**

**گەنجی ئەڵمانی: بمرە،  ڕۆمی**

**ئەڵمانیایی: غەلافی شمشێرەکەت غەلافی بکە برازا**

**گەنجێکی ئەڵمانی: مامی ئازیز**

**ئەڵمانیایی: لێی خۆشبە  ڕۆمی**

**ڕۆمۆلۆس: تکایە تۆ ئەڵمانییەکی ڕاستەقینەیت؟**

به گومانەوە سەیری دەکات.

ئەڵمانیایی: لە ڕەگەزێکی زۆر کۆنەوە

ڕۆمۆلۆس: بەهیچ شێوەیەک ناتوانم تێبگەم، تاسیتۆس وەک کەسێکی چاو شین و قژی قاوەیی و جەستەیەکی گەورە دەتناسێنێت و ئێستا کە دەتبینم زیاتر لە باخەوانێکی بیزەنتین دەچیت کە لە جل و بەرگی لەبەردایە.

ئەڵمانیایی: منیش بەشێوەیەکی تر خەیاڵم بۆ ڕۆمییەکان دەکرد، هەمیشە گوێم لە ستایشی ئازایەتیەکەیان بوو، ئێستاش تۆ یەکەم کەسیت کە ڕات نەکردوە.

ڕۆمۆلۆس: کەواتە وا دیارە ئێمە بیرۆکەی تەواو هەڵەمان هەیە سەبارەت بە ڕەگەزەکان، ئایا ئەو شتە لەپێت دایە هەمان شتە کە پێی دەڵێن پانتۆڵ؟

ئەڵمانیایی: بێگومان

زێمولۆس: بەڕاستی جلێکی سەیرە، دوگمەکانی کام لا دەبەستیتەوە؟

ئەڵمانیایی: لە بەرەوە

ڕۆمۆلۆس: کەواتە زۆر ئاسانە

شەراب  دەخواتەوە.

ئەڵمانیایی: چی دەخۆیتەوە؟

ڕۆمۆلۆس: شەراب

ئەڵمانیایی: دەتوانم دڵێک بخۆم؟

ڕۆمۆلۆس: من خۆم بەرهەمم هێناوە و دامناوە.

ئیمپراتۆر شەرابی بۆ تێدەکات . ئەڵمانیا دەخواتەوە و خۆی دەلەرزێنێت.

ئەڵمانیایی:شتێکی بێ تامە، ئەم مەییە زۆر ناخایەنێت،   بیرە باشترە

ئەڵمانیایی لە تەنیشت ڕۆمۆلۆس لەسەر مێزەکە دادەنیشێت و کڵاوەکەی دادەکەنێت.

ئەڵمانیایی: دەبێت دەستخۆشیتان لێ بکەم بۆ ئەم پەیکەرە و ئەو توو کە لە پارکەکەی لای حەوزەکە دایدەنێیت

ڕۆمۆلۆس: شتێکی بەنرخ؟

ئەڵمانیایی: بۆ ئاپراکسیای تێلێس

ڕۆمۆلۆس: واو، بەختێکی ناخۆشی گەورەیە، هەمیشە پێم وابوو کۆپییەکی بێ بەهایە، ئێستاش وەک ئەنتیکێک دەفرۆشرێت.

ئەڵمانیایی: دەسەڵاتت هەیە

توێکڵی هێلکەکە لادەبات و پشکنینی بۆ دەکات.

ئەڵمانیایی:دوو زەردێنە؟

ڕۆمۆلۆس: مریشک بەخێو دەکەیت؟

ئەڵمانیایی: زور

ڕۆمۆلۆس: سەیرە، منیش مریشک  بەخێو دەکەم

ئەڵمانیایی:تۆش؟

**ڕۆمۆلۆس: منیش.**

**ئەڵمانیایی: دواجار کەسێکم دۆزیەوە کە بتوانم باسی خۆشەویستیم لەگەڵ بکەم، ئایا مریشکەکانی ناو پارک هی ئێوەن؟**

**ڕیمولوس: ئەوان هی منن، لە ڕەگەزی خۆماڵین.. لە گالیاوە هێناویانە.**

**ئەڵمانیایی: هێلکە دەکەن؟**

**ڕۆمۆلۆس: گومانت هەیە؟**

**ئەڵمانیایی: ڕاستی بڵێ ،بە ڕەنگی پێستان حوکم دەدیت، بەس نییە.؟**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر باشە،ڕاستییەکەی ئەمەیە کە ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر هێلکە دەکەن و - با بە نهێنی بیهێڵینەوە لە نێوان ئێمە دوو بەخێوکەری مریشکدا - ئەمە زۆر دڵتەنگم دەکات، تەنها یەک مریشکم بەڕاستی لە شێوەی خۆیدایە.**

**ئەڵمانیایی: خۆڵەمێشییە لەگەڵ پەڵەی زەرد؟**

**ڕۆمۆلۆس: چۆن زانیت؟**

**ئەڵمانیایی: بۆۆ خۆم ئەم مریشکەم نارد بۆ ئیتاڵیا، ویستم بزانم چۆن بەرگەی کەشوهەوای ناوچەکانی باشوور دەگرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: دەبێت پیرۆزباییتان لێ بکەم، بەڕاستی ڕەگەزەکەی باشە**

**ئەڵمانیایی: من خۆم ئەوەم بەرهەم هێناوە.**

**ڕۆمۆلۆس:وا دیارە تۆ مریشکپارێزێکی بە ئەزموونیت**

**ئەڵمانیایی:بەهەر حاڵ من وەک باوکی میلەت ناچارم خۆم بەم کارە سەرقاڵ بکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: وەک باوکی میلەت؟ تۆ کێی؟**

**ئەڵمانیایی: من ئێدواکەرم، ژەنەراڵی ئەڵمانی**

**ڕۆمۆلۆس: خۆشحاڵ بووم بە ناسینت**

**ئێدواکەر: باشە تۆ کێیت؟**

**ڕۆمۆلۆس: من ئیمپراتۆری ڕۆمام.**

**ئێدواکەر: هەروەها دڵخۆشم بە ناسینی تۆ، هەرچەندە لە یەکەم دیدارەوە دەمزانی لەگەڵ کێ بووم**

**ڕۆمۆلۆس: دەزانی؟**

**ئیدواکر: داوای لێبوردن دەکەم کە خۆم نەناساندووە، کەمێک شەرمەزارییە بۆ دوو دوژمن کاتێک چاو بە چاو ببینن، هەر بۆیە پێم باشتر بوو سەرەتا کەمێک باسی مریشک بەخێوکردن بکەم، نەک باسی سیاسەت بکەم، ڕێگەم پێدەدەیت برازاکەمت پێبناسێنم؟ کڕنوش بەرە برازا**

**برازا: بەچاوان مامە گیان**

**ئیدواکر:بەتەنیا بجێمان بهێڵە برازا**

**برازا: بچاوان مامە گیان**

**دەچێتە دەرەوە هەردووکیان بە بێدەنگی سەیری یەکتر دەکەن.**

**ئیدواکر: کەواتە ڕۆمۆلۆس تۆیت،، من هەموو ئەم ساڵانە هەمیشە بیرم لە تۆ دەکردەوە**

**ڕۆمۆلۆس: وە تۆ ئەدۆئاکەریت، پێشتر وەک دوژمن وێنەم دەگرتیت، ئێستا دەبینم تۆش وەک من مریشکپارێزیت.**

ئیدواکر: ئێستاش ئەو ساتەی کە چاوەڕێی بووم هاتە ئاراوە

ئیمپراتۆر بە دەسرە دەمی دەسڕێت  و هەڵدەستێت.

- ڕێمۆلۆس: من ئامادەم

ئیدواکر: بۆ چی ئامادەی؟

ڕێمۆلۆس: بۆ مردن

ئیدواکر: چاوەڕێی مردنی؟

ڕۆمۆلۆس: هەموو جیهان دەزانێت ئەڵمانییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ دیلەکانیان دەکەن.

ئێدواکرێ: ئایا تێروانینت بۆ دوژمنەکانت ئەوەندە ڕووکەشە کە  حوکمی هەموو جیهان پێ ستانداردە، ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس؟

ڕۆمۆلۆس: چ مەبەستێکی ترت هەیە جگە لەوەی من بکوژیت؟

ئیدواکر: ئێستا دەبینی... برازا

گەنجەکە لەلای ڕاستەوە دەچێتە ژوورەوە.

برازا: بەڵێ مامی ئازیز؟

ئێدواکرێ: کڕنۆش بۆ ئیمپراتۆری ڕۆمابەرە، برازا

برازا: مامی ئازیز

کڕنۆش دەبات

ئیدواکر: برازا.. باشتر

برازا: بەڵێ مامی ئازیز

ئیدواکر: لەبەردەم ئیمپراتۆردا ئەژنۆدابەدە

برازا: مامی ئازیز

ئەژنۆ  دادەدات

ڕۆمۆلۆس: ئەم شتانە مانای چییە؟

ئیدواکر: بوەستە برازا

برازا: بەڵێ مامی ئازیز

ئیدواکر: وە ئێستا لەم ژوورە بچوودەرەوە، برازا

برازا: بچاوان مامی ئازیز

(دەچێتە دەرەوە.)

**ڕۆمۆلۆس: تێناگەم.**

**ئیدواکر: من نەهاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی تۆ بکوژم، ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس، هاتووم خۆم و هەموو نەتەوەکەم تەسلیمی تۆ بکەم.**

**هەروەها ئێدواکرێ کڕنۆش دەبات، ڕۆمۆلۆس زۆر دەترسێت.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەمە شێتانیە**

**ئیدواکر: تەنانەت ڕەنگە ئەڵمانییەکیش لەغاوی خۆی بەدەستی عەقڵ بسپێرێت ئیمپراتۆری ڕۆم**

**ڕێمۆلۆس: تۆ گاڵتە دەکەیت؟**

**ئیدواکر دوا جار هەڵدەستێت.**

**ئیدواکر: ڕێمۆلۆس، چەند ساتێک لەمەوبەر ئەوەندە بە ئاسانی باسی مریشکمان کرد، ئایا ئێستا ناکرێ بەو ئاسانییە باسی میڵەتەکەمان بکەین؟**

**ڕێمۆلۆس: قسە بکە.**

**ئیدواکر: دەتوانم  دابنیشێم؟**

**ڕۆمۆلۆس: پێویست ناکات پرسیار بکەیت، تۆ شەڕەکەت بردەوە**

**ئیدواکر: لەبیرت چوو کە چەند ساتێک پێش ئێستا تەسلیمی تۆ بووم.**

**بێدەنگی.**

**ڕۆمۆلۆس: دانیشە**

**هەردووکیان دادەنیشن. ڕۆمۆلۆس خەمووکە. ئێدواکرێ بە وردی سەیری دەکات.**

**ئیدواکر: تۆ برازاکەمت بینی، ناوی تیۆدریکایە**

**ڕۆمۆلۆس: بێگومان.**

**ئیدواکر: گەنجێکی بەئەدەب، بەڵێ مامی ئازیز، بچاوان مامی ئازیز، قسەی شەو و ڕۆژیەتی، ڕەفتار و ژیانی نموونەی هەموو خەڵکی وڵاتەکەی منە، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ هیچ کچێکدا نییە، خواردنەوەکەی تەنها ئاوە ، لەسەر زەوی دەخەوێت، هەموو ڕۆژێک بە چەک مەشق دەکات، ئێستاش لەکاتی چاوەڕوانیدا لە کۆریدۆردا مەشق دەکات.**

**ڕۆمۆلۆس: باشە بەهەر حاڵ ئەو قارەمانە**

**ئیدواکەر: ئەو نموونەی ئەڵمانییەکی تەواو و کامڵە کە خەونی سەروەری جیهان دەبینێت و میڵەتیش لەگەڵیدا خەونی هەمان شت دەبینێت،**

**هەر لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە ناچار بووم ئەم هەڵمەتە دەست پێ بکەم، من لەبەرابەر برازاکەم و شاعیران و نووسەران و ڕای گشتی  بە تەنیا بووم و ناچار بووم وە ناچار بووم داواکارییەکانیان قبوڵ بکەم. ئاواتی ئەوەم دەخواست تا دەتوانم ئەم شەڕە بە شێوەیەکی مرۆڤانە و شەرەفمەندانە ئەنجام بدەم، چونکە بەرخۆدانی ڕۆمەکان زۆر کەم بوو، بەڵامەهەرچیی زیاتربەروو باشوورهاتم، دڕندەیی سەربازەکانم زیاتر بوو. نەک لەبەر ئەوەی پیاوەکانم لە سوپاکانی تر خوێنمژتر بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی شەڕی بەربەری و نامرۆڤانە منی دەترساند، هەوڵمدا  لە بەردەوامبوونی شەڕەکە  خۆم بپارێزم. منیش ڕازی بووم ئەو برە پارەی کە بازرگانی پانتۆڵەکە پێشنیاری کردووە قبوڵ بکەم.چونکە هێشتا دەکرا بەرتیل بە فەرماندەکانم بدرێت. هێشتا ڕەنگە بتوانم بە پێی ئارەزووی خۆم دۆخەکە بگۆڕم، وتم نەکا بەم زووانە ناتوانم. چونکە بەم زووانە میڵەتەکەم دەبێتە نەتەوەی قارەمان  شەڕەکە. ڕێمولوس ڕزگارم بکە، تۆ تاکە هیوای منیت**

**ڕۆمۆلۆس: لە چی ڕزگارت بکەم؟**

**ئیدواکر:: کە بتوانم بە سەلامەتی لە مەترسییە دەربچم**

**ڕۆمۆلۆس: هەڕەشەت لێ کراوە؟**

**ئیدواکر: برازاکەم هێشتا ئارام و بێ زیانە، بەڵام دوای چەند ساڵێکی تر دواجار دەمکوژێت، من مانای دڵسۆزی ئەڵمانی دەزانم.**

**ڕۆمۆلۆس: بۆیە دەتەوێت گوێڕایەڵی من بیت؟**

**ئیدواکر: بە درێژایی تەمەنم بەدوای گەورەیی ڕاستەقینەی مرۆڤدا بووم، نەک گەورەیی ساختە، نەک گەورەیی برازاکەم، کە ڕۆژێک دێت نازناوی تیۆدریکی گەورەی پێ دەبخشرێت، من مێژوونووسان باش دەناسم. من کەسێکی لادێم و ڕقم لە شەڕە، بە دوای مرۆڤایەتیدا دەگەڕام کە لە دارستانە کێوییەکانی ئەڵمانیا نەمدۆزییەوە، دواجار لە تۆدا دۆزیمەتەوە.ئیمپراتۆر ڕۆمۆلۆس.ئەبیۆس، سەرۆکی ڕێوڕەسمەکان، تۆی باش دەناسی.**

**ڕۆمۆلۆس: ئەبی بە فەرمانی تۆ لە بارەگاکەم کاری کردووە؟**

**ئیدواکر: سیخوڕی من بوو، بەڵام زانیاری باشی پێدام. کەسێکی ڕاستەقینەی پێ ناساندم ، پیاوێکی دادپەروەر،پیاوێکی ڕاستگۆ، تۆ، ڕۆمۆلۆس**

**ڕۆمۆلۆس: ئەو شێتێکی بە تۆ ناساندووە. ئیدۆائاکەر، بە درێژایی تەمەنم هەوڵی ئەوەم داوە بگەمە ئەو ڕۆژەی کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بڕوخێت، مافی ئەوەم بە خۆم دا کە دادوەری ڕۆما بم، چونکە خۆم بۆ مردن ئامادە کردبوو. داوام لە میلەتەکەم کرد بەو شێوەیە ترسناک قوربانی بێت چونکە من خۆم ئامادە بووم قوربانی بم، ڕەعیەتەکانمم کردە بێ بەرگری و خوێنیان بڕژێت چونکە بڕیارم دابوو کە خوێنی منیش بڕژێت و ئێستا ناچارم بمێنمەوە و من وەک قوربانی وەرنگیراوم، ئێستاش دەبێت ئەو کەسە بم کە توانیویەتی خۆی ڕزگار بکات، و ئەوە هەموو چیرۆکەکە نییە، پێش ئەوەی تۆ بێیت، هەواڵم پێگەیشت کە کچەکەم - کە خۆشم دەویست ، و دەزگیرانەکەی هەردووکیان لەناوچوون. شانبەشانی ژنەکەم و هەموو دەرباریەکانم، بە ئاسانی تەحەمول ئەم هەواڵەم دەکرد، چونکە دڵنیا بووم لە مردنی خۆم، بەڵام ئێستا ئەم حەقیقەتە بێ بەزەییانە ئەشکەنجەم دەدات، بێ ڕەحمانە ئیدانە ومەحکوم و بێناوبانگم دەکات و هەرچی کردبووم بۆتە شتێکی بێمانا ،بمکوژە ئێدوکار**

**بێدەنگی.**

**ئیدواکر: تۆ بە ئازار و ناخۆشیەوە قسە دەکەیت، بەسەر خەم و پەژارەتدا زاڵبە و داوای تەسلیمبوونم قبوڵ بکە**

**ڕۆمۆلۆس: تۆ دەترسی، بەسەر ترسەکەتدا زاڵبە و بمکوژە.**

**بێدەنگی.**

**ئیدواکر: تۆ بیرت لە میلەتی خۆت کردەوە، ڕۆمۆلۆس، ئێستاش دەبێت بیر لە دوژمنەکەت بکەیتەوە، ئەگەر داواکاری تەسلیمبوونم قبوڵ نەکەیت، ئەگەر ئێمە دووان پێکەوە هەنگاو هەڵنەهێنین وە نەڕۆین، دونیا دەکەوێتە دەست برازاکەم و ڕۆمێکی تر دروست دەبێت،حکومەتێکی جیهانی ئەڵمانیا، ناسەقامگیر وەک حوکمڕانی ڕۆما ، خوێناوی وەک حوکمڕانی ڕۆما ، و ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەو وێرانکارییەی ڕۆما کە لەلایەن ئێوەوە کراوە بێمانا دەبێت. تۆ ناتوانی ئینکاری گەورەیی خۆت بکەیت ڕۆمۆلۆس، تۆ تاکە کەسیت کە دەزانیت چۆن سەرکردایەتی ئەم جیهانە بکەیت، میهرەبان بە و داوای تەسلیمبوونم قبوڵ بکە، ئیمپراتۆرمان بە و لە گەورەیی خوێناوی تیۆدۆر بمانپارێزیت.**

**بێدەنگی**

**ڕۆمۆلۆس: من ناتوانم ئەمە بکەم، ئەڵمانی،تەنانەت ئەگەر بمەوێت، تۆ ئیمتیازی کارەکەمت لێ سەندمەوە و فڕێت دا .**

**ئیدواکر: ئەمە دوا قسەی تۆیە؟**

**(ڕۆمۆلۆس ئەژنۆ دەدات.)**

**ڕۆمۆلۆس: بمکوژە، لێت دەپاڕێمەوە بمکوژە،**

**ئیدواکر: ناتوانم ناچارت بکەم یارمەتیمان بدەیت، بەدبەختییەکە ڕوویداوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ناتوانم بتکوژم چونکە خۆشم دەوێت.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا کە ناتەوێت بمکوژیت، چارەسەرێکی تر هەیە، تاکە کەسێک کە دەیەوێت بمکوژێت، هەر ئێستا لە ژێر جێگاکەمدا خەوتووە، دەچم لە خەوی هەڵدەستێنم.**

**(هەڵدەستێت ئیدواکریش هەڵدەستێت.)**

**ئیدواکر: ئەمە هیچ چارەسەر ناکات ڕۆمۆلۆس، تۆ نائومێد بوویت، کوشتنت هیچ مانایەکی نییە، تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی مانای هەبێت کە دونیا بەو شێوەیە بووایە کە تۆ خەیاڵت بۆ کردووە، بەڵام دونیا بەو شێوەیە نییە. چونکە دوژمنەکەت کەسێکیشە کە دەیەوێت وەک تۆ ڕاست ڕەفتار بکات، دەبێت تەسلیم بە چارەنووسی خۆت بیت، هیچ بژاردەیەکی ترت نییە**

**بێدەنگی.**

**ڕۆمۆلۆس: با دابنیشین.**

**ئیدواکر: هیچ شتێکی تر نییە کە بتوانین بیکەین.**

**ڕۆمۆلۆس: بەنیازی چیم لێبکەیت؟**

**ئیدواکر: خانەنشینت دەکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: خانەنشین ؟**

**ئیدواکر: تاکە چارەسەرە کە ماوە**

**بێدەنگی.**

**ڕۆمۆلۆس: خانەنشین بوون خراپترین شتە کە دەتوانێت بەسەرم دا بێت.**

**ئیدواکر: لەبیرت نەچێت کە منیش دۆخێکی ترسناکم لە پێشە، تۆ ناچار دەبیت وەک پادشای ئیتالیا بمناسێنیت و ئەگەر هەر ئێستا ئەم مامەڵە نەکەم، ئەمە دەبێتە پێشەکی لەناوچوونم. بۆیە پێم خۆش بێت یان نا، دەبێت بە کوشتنێک دەست بە شانشینی خۆم بکەم،**

**(شمشێرەکەی دەکێشێت و بەنیازە لە لای ڕاستەوە بڕوات.)**

**ڕۆمۆلۆس: دەتەوێت چی بکەیت؟**

**ئیدواکر: دەمەوێت برازاکەم بکوژم، هێشتا لە ئەو بەهێزترم.**

**ڕۆمۆلۆس: سەیرکە، ئێستا بێ ئومێد بوویت، ئێدواکرێ،ئەگەر برازاکەت بکوژیت، هەزاران تیۆدۆری نوێ لەدایک دەبن، ڕەعیەتەکانت وەک تۆ بیر ناکەنەوە، ئەوان پاڵەوانێتیەکەیان خۆشدەوێت وە ناتوانیت بیانگۆڕیت.**

**بێدەنگی.**

**ئیدواکر: با دوا جار دابنیشین**

**ئێمە لە تەڵەیەکی سەیردا گیراوین.**

**( دادەنیشن.)**

**ڕۆمۆلۆس: ئێدواکەری ئازیزم، بڕیار بوو خۆم تەسلیم بە چارەنووسی خۆم بکەم و تۆش ویستت خۆت لە چارەنووسی خۆت بەدوور بگرێت، ئێستاش هەردووکمان قەدەرمان وایە ڕۆڵی سیاسەتمەدارە بەئەزموونەکان ببینین. ئێمە پێمان وابوو کە دەتوانین بە دەستی خۆمان بینە هۆی ڕووخانی جیهان، ئێوە بینە هۆی ڕووخانی ئەڵمانیا و منیش هۆکاری ڕووخانی ڕۆما بووین، بەڵام ئێستا ناچارین خۆمان بە وێرانە سەرقاڵ بکەین، چونکە وێرانەکان لە وە زیاتر لەناو ناچن. من سزای ڕۆمم دا، چونکە لە ڕابردووی دەترسام، تۆش سزای ئەڵمانیات دا، چونکە لە داهاتووی دەترسای، کردەوەکانمان دیاری و پێناسە کراوە. چونکە ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە کە لە ڕابردوودا چی بووە و لە داهاتوودا چی دێت، دەسەڵاتمان هەمیشە لە دیاریکردنی کاتی ئەو دۆخەیە کە هەرگیز بیرمان لێ نەکردۆتەوە و وە ئێستا هەردوو کەشتیەکەمان تێیدا گیریان خواردووە من دەبێت ئەم ماوەیە لە خانەنشینیدا بەسەر بەرم.وە مردنی کچێک - کە خۆشم دەویست - کوڕێک و ژنێک و چەندین بێتاوانی تر. هەمیشە ویژدانم بێزار بکە.**

**ئیدواکر: وە من دەبێت حوکم بکەم.**

**ڕۆمۆلۆس: واقیع، تیۆرییەکانمان ڕاستیان کردۆتەوە..........**

**ئیدواکر: بە شێوەیەکی زۆر تاڵ**

**ڕۆمۆلۆس: ئێمە تەحەمول ئەم تاڵییە دەکەین، هەوڵبدە مانا و ئامانج بخەیتە ناو شتە بێمانا و تێنەگەیشتووەکانەوە. هەوڵبدە لەم چەند ساڵەدا کە نۆرەی تۆیە، بە دڵسۆزانە جیهان بەڕێوەببەیت، ئارامی بە ئەڵمانییەکان و ڕۆمییەکان ببەخشە، ئێستاش ئەرکی خۆت جێبەجێ بکە، شازادەی ئەڵمانیا، ئێستا نۆرەی تۆیە حوکمڕانی بکەیت، جیهان لە چەند ساڵی داهاتوودا مێژووی لەبیر دەچێتەوە ، چونکە ساڵانی قارەمان خوازی نابێت.بەڵام بزانە کە یەکێکە لە خۆشترین ساڵەکانی ژیان لەم جیهانە پڕ لە گێژاو و پشێوییەدا**

**ئیدواکر: وە دوای ئەوە دەبێ بکوژرێم**

**ڕۆمۆلۆس: زۆر نیگەران مەبە، برازا تۆش دەکوژێیت. هەرگیز لەبیری ناچێت کە ڕۆژێک ناچار بوو لەبەردەممدا ئەژنۆ دابدات**

**ئیدواکر: ئێستا دەست بە ئەرکە دڵتەزێنەکەمان دەکەین.**

**ڕۆمۆلۆس: با پەلە بکەین، بۆ دواجار ڕۆڵی کۆمیدی بگێڕین. ئێمە وەک ئەوە ڕەفتار دەکەین کە حسابەکان لەم دونیایە یەکلایی بکرێنەوە ، وەک ئەم بیرکردنەوە**

**ئیدواکر: برازا؟!**

**(برازا لە لای ڕاستەوە دەێتە ژوورەوە.)**

**برازا: بەڵێ مامی ئازیز**

**ئیدواکر: فەرماندەکانی سوپا بهێنە ئێرە برازا**

**برازا: بسر چاوانم مامی ئازیز**

**(دیسانەوە لە لای ڕاستەوە دەڕوات.**

**ژوورەکە پڕ بووە لە خەڵکی ئەڵمانی کە بەهۆی ئەو ڕێپێوانە دوور و درێژە بە تەواوی ماندوو و پیس بوون . جل و بەرگی کەتانی یەکسانیان لەبەردایە. کڵاوەکانیان تەواو سادەن. ئیدواکر هەڵدەستێت.**

**ئیدواکر: ئەڵمانییەکان دوای ئەم ڕێپێوانە دوور و درێژە، دوای ئەم هەمووخاک وخۆڵ خواردنە وە ڕۆژهەڵاتن وخۆرئاوابوون،لەشکەرکەشی وهەڵمەتەکەت لەم خاڵەدا کۆتایی دێت، ئێوە لەبەردەم ئیمپراتۆری ڕۆمدا وەستاون، ڕێزی لێ بگرن.**

**ئێدواکەر: ئەڵمانییەکان، هەمیشە گاڵتەتان بەم پیاوە دەکرد، لەو شیعرانەی کە لەسەر ڕێگا یان شەوانە لە لای ئاگر دەتانخوێندەوە، پێدەکەنین، بەڵام من درکم بە مرۆڤایەتییەکەی کرد، من هەرگیز کەسێکی گەورەترم لە ئەو نەبینیوە وە - هەرکەسێک جێنشینی من بێت -هەرگیز کەسێکی گەورەتر و باڵاتر لەم کەسە نادۆزیتەوە، و ئێستاسەری قسەکانبە دەست بگرە، ئیمپراتۆری ڕۆم.**

**ڕۆمۆلۆس: ئیمپراتۆر، ئیمپراتۆریەت خۆی هەڵدەوەشێتەوە، جارێکی تر سەیری ئەم گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگە ، ئەم خەونەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە، بزانە چۆن بەو هەناسە نەرمەی لە لێوەکانمەوە دێتە دەرەوە، لە بۆشایی ئاسماندا دەخولێتەوە بۆ خاکە بەرفراوانەکان و بۆ دەریا شینەکانی قووڵ و سەمای ماسییەکانی.، سەیری گوندە دەوڵەمەندەکان و ئەو کێڵگانە کە پڕن لە تۆوی زێڕین، سەیری شارە قەرەباڵغەکانی پڕ لە ژیان. تەماشای خۆر بکەن، کە لە سەرەتاوە گەرمی بە مرۆڤ دەبەخشی و کاتێک بەرز بووەوە بۆ لوتکە، ئاگری لە دونیا بەردا، بەجۆرێک ئەمڕۆ لە شێوەی تۆپێکی ئاسکدا بە دەستی ئیمپراتۆر هەڵدەستێت .**

**بێدەنگی ڕێزدارانە، ئەڵمانییەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئیمپراتۆردەکەن.**

**ڕۆمۆلۆس: من ژەنەڕاڵ ئەدۆئاکەری ژێرمانی بۆ شانشینی ئیتالیا دادەنێم**

**ئەڵمانییەکان: بژی پاشای ئیتالیا**

**ئیدواکر: لە بەرامبەردا ڤێلای لێکۆل بۆ ئیمپراتۆری ڕۆم بەجێدەهێڵم. جگە لەوەش ساڵانە بڕی شەش هەزار دراوی زێڕ وەک خانەنشینی پێیان دەدرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: سەردەمی برسێتی ئیمپراتۆر کۆتایی هات، وەرە ئەمە تاجی شەرەف و ئەمەش قەڵغانی ئیمپراتۆرییە، شمشێری حکومەت، لە نێو کەرەستەی باخداریشدا دەدۆزرێتەوە،**

**شوێنی ئەنجومەنی پیرانیش لە کاتا کۆمین" ڕۆمە،باشە کەسێکیش پەیکەری پادشا ڕۆمۆلۆسی ئامۆزاکەم لە لای دیوارەکە وەربگرێت و پێم بدات**

**(ئەڵمانییەک پەیکەرەکە دەهێنێت.)**

**ڕۆمۆلۆس: سوپاس**

**پەیکەرەکە لە باوەش دەگرێت.**

**ڕۆمۆلۆس: ئێستا جێت دەهێڵم جەنەڕاڵ ئەڵمانی، خانەنشینیم دەستی پێکردووە.**

**ئەڵمانییەکان: بژی ڕۆمۆلۆسی گەورە**

**(لە دەرگای بەرامبەرەوە سپوریۆس تیتۆس ماما بە شمشێرێکی کێشراوەوە بەپەلە دێتە ژوورەوە.)**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: ئیمپراتۆر بێتە پێشەوە - دەمەوێت بیکوژم**

**(پاشای ئیتالیا بە گەورەیی و کەرامەتەوە لێی نزیک دەبێتەوە.)**

**ئەڵمانییەکان: هەڵوێستێکی ڕێزدارانە دەگرنەبەر.**

**ئێدواکر: شمشێرەکەت غەلاف سەرۆکی سوارەکان ئیتر ئیمپراتۆریەت نییە،**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: وڵاتەکە چی؟**

**ئیدواکر: شێواووە.**

**سپوریۆس تیتۆس ماما: کەواتە دوا ئەفسەری ئیمپراتۆری کاتێک وڵاتەکەی شێواووە خەوی لێکەوتووە**

**سپۆریۆس تیتۆس، ماما، بە هێز و گرژییەوە بەسەر کورسی ئیمپراتۆرییەکە دەخزێتە خوارەوە،.**

**ڕۆمۆلۆس: بەڕێزان بەم شێوەیە ، حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کۆتایی هات.**

**ئیمپراتۆر بە هێواشی لەکاتێکدا سەری دانەواندووە و پەیکەرەکە لە ژێر قۆڵیدایە دیمەنەکە بەجێدەهێڵێت ، ئەڵمانییەکان بە ئەدەبەوە وەستاون.**

**کۆتایی**

Spurius Titus Mamma.l

۲Pyramus.

۳Achilles.

۴Pavia.

.Orest

۶Romulus Augustus.

Julius Caesar.V

Syrakus.A

.Augustus

Tiberius.10

Julier.11

۱۲Flavier.

۱۳Domitian.

۱۴Marc Aurel.

۱۵Odoaker.

۱۶Caracalla.

Philipus Arabs.IV

۱۸Julius Nepus.

Tullius Rotundus.19

۲۰Apollyon.

۲۱Ciceron.

۲۲Julia.

۲۳Aebius.

۲۴Rea.

۲۵Phylax.

۲۶Antigone.

۲۷Mares.

۲۸Kopitol.

۲۹Ovid.

۳۰Valentinianus.

۳۱Zeno.

۳۲Sulphurides.

۳۳Phosphoridos.

۳۴Dalmatien.

۳۵Verina.

۳۶Gracchen.

۳۷Pompeius.

۳۸Scipio.

۳۹Cato.

۴۰Marius.

۴۱Sulla.

۴۲Traian.

۴۵Caesar Rupf.



**فریدریش دۆرنمات**

(١٩٢١-١٩٩٠)، شانۆنامەنووسی سویسری